دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدرالیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٣٨
دووشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٨٥
٥ی ژوئەنی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## پیرۆز بێ رۆژی جیهانیی منداڵان

بەبۆنەی ١ی ژوئەن، رۆژی جیهانیی منداڵان جوانترین پیرۆزبایی خۆمان لەگەڵ چەپکەگوڵی هیواو ئاوات پێشکێشی هەموو منداڵانی جیهان، بەتایبەت منداڵانی کوردستان دەکەین.

منداڵان پەلکەزێڕینەی جوانی ژیانن، هیواو ئاواتی دوارۆژی کۆمەڵگان، بەڕێوەبەرانو بەدەستەوەگرانی سبەی وڵاتانو کۆمەڵگای جیهانن، هەربۆیەش دەبێ بە پەرۆشەوەو بە هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەو پەروەردە بکرێن.

هیوادارین لە سێبەری هەوڵو ئیرادەی جیهانی بۆ لەبەرچاو گرتنی مافی منداڵانو پاراستنی کەسایەتییان ـ هەموو منداڵانی جیهان بە مافو داواکانیان شاد بن.

ئێمەش لە قووڵایی دڵمانەوە ژیانێکی خۆشو داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵانی کوردو جیهان بەئاوات دەخوازین.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

# لەدوای خۆپیشاندانی نەغەدە، رێژیم دەیەوێ کوردەکانو تورکەکان بەگژ یەکدا بکا



خۆپێشاندانی تورکەکان لە تەورێزو ئازەربایجانی رۆژئاوا

### هەوڵەکانی حەسەنی بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کوردو ئازەریدا

کاتژمێر ١١ی دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/٣/٧، لە رواڵەت دا بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخی شاری نەغەدە کۆبوونەوەیەك لە فەرمانداریی ئەو شارە بە بەشداریی حەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ، مۆحێبی نیا، نوێنەری کۆمیسیۆنی میلیی پارلمانو بەرپرسانی رێژیم پێك هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن بەشدارانەوە کوژراوەکانی خۆپیشاندانی نەغەدە بە شەهید ناسراونو تەواوی ئاڵۆزییەکان خراونەتە ئەستۆی کوردەکانو ئەوانیان بە بکوژی کوژراوەکان لە قەڵەم داوە.

هەروەها رێژیم بەکرێگیراوانی خۆی هان داوە کە هێرش بکەنە سەر گەڕەکە کوردەکان لە نەغەدەو بارودۆخی ئەو گەڕەکانەی ئاڵۆزکردوە.

حەسەنی، ئاخوندی ئاژاوەگێڕی رێژیم بەم پیلانانەی دەیەوێ دووبارە شەڕی کوردو ئازەری لە نەغەدە هەر وەك ئەوەی لە ساڵی ١٣٥٨دا کردی، هەڵگیرسێنێو هۆکاری سەرەکیی خۆپیشاندانی ئازەرییەکان کە سووکایەتی کردنی رۆژنامەی ئێران پێیان بوو، کەم رەنگ بکاتەوەو لە باتی رێژیمو بەکرێگیراوانی، کوردەکان بە تاوانبار بناسێنێ. شتێك کە لەگەڵ عەقڵو مەنتیق دا ناگونجێ، چونکە کوردەکان شان بە شانی ئازەرییەکان لە خۆپیشاندانی نەغەدە لە دژی رێژیم بەشداربوونو بە دانپیانانی خودی ئازەرییەکان، کوردەکانیش وەك ئەوان لە رەوتی خۆپیشاندانەکان دا بریندار بوونو گیراون.

هاووڵاتیانی ئازەری دەبێ ئەوە بزانن کە حەسەنی ئەگەرچی خۆی ئازەرییە، بەڵام بەکرێگیراوی رێژیمو یەکێك لەو کەسانەیە کە هەمیشە لە نێوان کوردو ئازەریدا دووبەرەکی ناوەتەوەو هاوشانی رێژیم لە دژی داخوازە رەواکانی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری جووڵاوەتەوە، دوژمنی هاوبەشی هەردوو نەتەوەیە. ئەو کۆبوونەوەیەش تەنیا بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی خۆپیشاندانەکانو شێواندنی زۆرتری بارودۆخ گیراوە نەك هێورکردنەوەی.

کوردستان میدیا

---

### راگەیەندراو:

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی هەر چەشنە رەفتارێکی سەرکوتکەرانەی رێژیم، پشتیوانی و هاوخەباتیی خۆی بۆ هەموو گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دووپات دەکاتەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رەوتی سەرکوتی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دا کە بە درێژایی تەمەنی ئەم رێژیمە بەردەوام لە گۆڕێ دا بووە، لەم رۆژانەی دواییدا شەپۆلێکی تازەی لە فشارو زەبرو زەنگ بەرانبەر بە گەلانی بێبەش لە ئازادی و مافی نەتەوایەتیی ئێران وەڕێ خستووە.

رۆڵەکانی نەتەوەی بەلووچ لەم دوایانەدا بە بیانووی جۆراوجۆر کەوتوونە بەر پەلاماری نیزامی هێزەکانی رێژیم و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە سەرکوت دەکرێن. ماڵیان وێران و سەدان کەسیان لێ دەسگیر و رەوانەی زیندان کراون و ژمارەیەکی بەرچاویش لە رۆڵەکانی ئەم گەلە کوژراو یان بریندار کراون.

هاوکات لە گەڵ پەلاماری نیزامی بۆ سەر گەلی بەلووچ، سووکایەتی کردن بە گەلی ئازەری لە رۆژنامەی **"ایران"** دا نێوەڕۆکی دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەرخست و نیشانی دا کە ئەم رێژیمە تا چ رادەیەك راشکاوانە و بێ پەروا بێ حورمەتی بە گەلانی ئێران دەکا و هەستی نەتەوایەتیان بریندار دەکا و کاتێکیش کە لەگەڵ ئیعتراز بەم سووکایەتیی پێ کردنە بەرەوروو دەبێو خەڵك دەڕژێنە سەر شەقامەکان و خوێندکاران لە دانیشگاکان خۆپێشاندانی ئارام وەڕێ دەخەن بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن و بە گوللە هەوڵی بێ دەنگ کردن و دەست بە دەم داگرتنیان دەدرێ. بە جۆرێك کە تەنیا لەم چەند رۆژەی دواییدا دەیان کەسیان لە شارە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی لە تەورێز لێ بریندار و دەیان کەسیشیان لێ دەستگیرو رەوانەی زیندان کراوە.

ئەم رەفتارەی رێژیم کە پێشتر دەرحەق بە گەلی عەرەبی خوزستانیش ئەنجام درا و بە درێژایی تەمەنی رێژیمیش بەرانبەر بە گەلی ئازادیخوازو مافخوازی کوردیش بەڕێوە چووە لە لایەك نیشاندەری ماهییەتی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لە لایەکی دیکەشەوە پیشاندەری پەرەگرتوویی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران و بەرینتر بوونەوەی خەباتی ئازادیخوازانەو نەتەوایەتیی ئەو گەلانەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ ئەم شەپۆلە تازەیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی رۆڵەکانی بەلووچ و ئازەری لە ئێران دا وەڕێی خستوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی هەر چەشنە رەفتارێکی سەرکوتکەرانەی رێژیم، پشتیوانی و هاوخەباتیی خۆی بۆ هەموو گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دووپات دەکاتەوەو جارێکی دیکە ئەم راستییە دەخاتەوە بەرچاو کە یەکگرتوویی سەرجەم گەلانی ژێر ستەمی ئێران هۆیەکی هەرە سەرەکییە بۆ رووخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دابین بوونی دێموکراسی و دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتیی سەرجەم گەلانی ئێران لە ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا.

**یەکگرتووتربێ خەباتی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی**
**بڕووخێ رێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٥/٣/٤ ـ 2006/5/25**

---

## کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئینتێرناسیونالی سوسیالیست لە هاوینەهەواری دووکان



بەڕێز لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی SI کۆبوونەوەکە کارەکانی خۆی دەست پێکرد. لەم بارەوە هەواڵێك لە لاپەڕەکانی ژوورەوەی "کوردستان"دا بخوێننەوە.

کاتژمێر ١١/٣٠ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ٨ی جۆزەردانی ١٣٨٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٥/٢٩ی زایینی کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئینتێرناسیونالی سوسیالیست لە هاوینەهەواری دووکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەم کۆبوونەوەیە بە بەشداریی لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی SI، کۆنی فریدریکسۆن، سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە SIو هەیئەتی ژمارەیەك لە حیزبەکانی ئەندام لە SIو ئەندام لە گرووپی کاری کوردان لە وڵاتانی فەرانسە، نۆرویژ، سوئێد، ئیتالیاو یۆنانو هەروەها نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکانی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، پارتی دێموکراتی گەل لە تورکیەو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێك هات.

کۆبوونەوەکە بە وتەیەکی کورتی مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ کرایەوە. پاشان بە قسەکانی

---

## زیانو خەسارەتی خۆپێشاندانی تورکەکان لە نەغەدە

لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی تورکەکانی نەغەدە لەدژی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کە لەگەڵ تەقەو دەسڕێژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو رێژیمە بەرەوڕوو بوو، زیاتر لە ٦ کەس کوژرانو، بە دەیان کەسیش بریندار بوون. بەپێی هێندێك هەواڵ، نزیکەی ٦٠ کەس بەهۆی تەقەو دەسڕێژی هێزەکانی رێژیم بریندار بوون. بە دەیان کەس لە خەڵکی تورکو کوردی ئەم شارەش بەتاوانی بەشداری لەم خۆپێشاندانانەدا، گیراون. فەرماندەری ئینتیزامیی ئازەربایجانی رۆژئاوا رۆژی ٧ی جۆزەردان لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنووسان دا، گوتی لەپێوەندی لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانەدا لە ورمێ ١٦ کەسو لە نەغەدە ١٢ کەس گیراون. حەسەن کەرەمی، هەروەها گوتی کەسانێکی دیکەش لەم پێوەندییەدا شناسایی کراون کە بە هاوهەنگاوی لەگەڵ بەرپرسانی قەزایی، دەستگیر دەکرێن.

بەپێی راپۆرتێك کە لە نەغەدەوە بە رۆژنامەی "کوردستان" گەیشتوە، بەرپرسانو دامو دەزگاکانی رێژیم کە لە هاوکاریو هاوپێوەندیی تورکەکانو کوردەکانی ئەم شارە تووڕەن، تەبلیغاتیان کردوە کە کوردەکان چەكو تەقەمەنییان لە دەرەوڕا بۆ هاتوەو ئەم چەكو تەقەمەنییەش بۆ شەڕ لەگەڵ تورکەکان بەکار دێنن. ئەوان کوشتنی کوژراوەکانی ئەم خۆپێشاندانەشیان بەئەستۆی کوردەکانو رێکخراوی پەژاكدا هێناوە. لە کۆبوونەوەیەك دا کە رۆژی یەکشەممە ٢٨ی مای لەگەڵ نوێنەرانی خۆپێشاندەران پێکیان هێنا، کوژراوەکانیان وەك شەهیدی خۆیانو سەر بە بنیاتی شەهیدی رێژیم بە حیساب هێناوە.

٣

---

لەقاودانی پیلانێکی کۆماری ئیسلامی ٢
سووکایەتی کردن بە هاونیشتمانانی تورکو ئازەری مەحکووم دەکەین ٢
راگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵ لەسەر رووداوەکانی ئازەربایجانو بەلووچستان ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
وتووێژی گۆڤاری "مەڵبەند" لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب ٥
روومایەك لە منداڵانی ئێرانو جیهان ٨
کاریکاتۆرێك کە پێشاندەری سیاسەتی فەرمیی رێژیمە ٨
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

# ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەسەر ڕووداوەکانی ئەم ماوەیەی ئازەربایجان و بەلووچستان

خەڵکی بەشەرەفی ئێران!

هاونیشتمانان!

گوشارو زوڵم و دەستدرێژیی بۆ سەر هەرێمی فەرهەنگی و نەتەوەیی و پێوانە ئەخلاقی‌یەکان و، بە گشتی تەنانەت سەرەتایی‌ترین مافە مرۆڤانی و یاسایی‌یەکانی نەتەوەکانی ئێران هەروا لەلایەن ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە درێژەی هەیە، بۆ هەموان ڕوونە کە ئەگەر تا دوێنێکە بەجیا خەڵکی کوردستانیان خستبۆوە بەر ئامانجی گوشارە نیزامی و ئابوورییەکان بە مەبەستی سڕینەوەی ئاسەوارە فەرهەنگی و نەتەوەیی‌یەکانیان، زۆری پێ نەچوو کە نەتەوەکانی عەرەب و تورکمەنیان یەك لەدوای یەك بە ماشینی سەرکوتکەری ئاخوندی، بە بیانووگەلی بێبنەما، بە توندترین شێوە کوشتوبڕ کرد، لە کاتێك دا داخوازییەکانی ئەوان شتێك جیا لە جێبەجێکردنی نێوەڕۆکی یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان و مافەکانی مرۆڤ نیە.

هاونیشتمانان!

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا لە بەلوچستان هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم بۆ تێکشکاندنی داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی بەلووچ هێزەکانی خۆیان بەسیج کردوەو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوانیان دەستبەسەرو شەهیدکردوەو تا ئێستاش ئەم سەرکوت کردنە درێژەی هەیە.

بە دوای بڵاوکردنەوەی کاریکاتۆرێکی سووکایەتی هێنەر بە نەتەوەی تورك، کە لە ڕاگەیەنەی فەرمیی "ایران"دا چاپ ببوو، چەند ڕۆژێکە سەرجەم تورکەکانی: شارەکانی تەورێز، ورمێ، مەراغە، مەرەند، زەنجان و.... بە شێوەیەکی بەربڵاو نارەزایەتییان دەربڕیوەو لەگەڵ پەلاماری هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم دا بەرەوڕوو بوون، لەم پێوەندییەدا ژمارەیەك لە هاونیشتمانان بریندار بوون و دەستبەسەرکراون.

لە زانکۆکانی تەورێزو تاران دا خوێندکارانی خەباتگێڕ پشتیوانییان لە داخوازییە ڕەواکانی خەڵك کردوەو کردەوەی هێزەکانی ڕێژیمیان مەحکووم کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێی سیاسەتە دژیگەلییەکانی خۆی، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێرانی بە شێوەیەکی جۆراوجۆر سەرکوت کردوەوو ئەوانی بەستراوە بە بێگانەکانەوە لە قەڵەم داوە، لە کاتێك دا بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران و جیهان ڕوون بۆتەوە کە ئەم ڕێژیمە شەڕخوازو پارێزەری تیرۆرو دژی ئازادییە، بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی، ئاشتی و تەناهیی ناوچەی بردۆتە ژێر پرسیارو لە مەترسیی خستووە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، کە ڕێکخراوەیەکی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە لە قۆناغی هەستیاری ئێستادا پشتیوانیی بێئەملاو ئەولای خۆی لە خەباتی نەتەوەکانی تورك، بەلووچ و عەرەب، لە ڕێڕەوی بردنەپێشی دێموکراسی و مافە نەتەوەیی‌یەکان، دەکاو لە سەرجەم ئازادیخوازەکان، ڕووناکبیران و ڕێکخراوە دێموکراتە ئێرانییەکان و ئورگانە نێونەتەوەیی‌یەکان بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکا، بۆ بردنە سەری پێوانە مرۆڤانی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئیسلامی مەحکووم بکەن و پێش بە کردەوە دژی مرۆڤانییەکانی بگرن و لە داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواو مرۆڤانی و کۆمەڵایەتییەکانیان پشتیوانی بکەن.

هەروەها لەم قۆناغەی مێژوودا چاوەڕوانی لە تەواوی نەتەوەکانی ئێران ئەوەیە کە ڕیزەکانی خۆیان یەکگرتووترو پتەوتر بکەن و بۆ پشتیوانی کردن لە یەکتر هەڵسن و سیاسەتە دووبەرەکیی خولقێنەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

"کۆنگرە دواتر هەواڵ و ڕووداوەکانی ئەم ماوەیە بە هاونیشتمانان ڕادەگەیەنێ"

**هەیئەتی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ**
**٢٠٠٦/٥/٢٢**

درێژەی لاپەڕەی ١

# زیان و خەسارەتی خۆپێشاندانی تورکەکان لە نەغەدە

کوژراوەکانیان وەك شەهیدی خۆیان و سەر بە بنیاتی شەهیدی ڕێژیم بە حیساب هێناوە، کە دیارە مەبەستیان لەم جۆرە هەوڵانە، دروستکردنی گرژی لەنێوان کوردان و تورکەکان و بە لاڕێبردنی تووڕەیی تورکەکانە. زیانی ماڵیی سەرچاوەگرتوو لە خۆپێشاندان و تێکهەڵچوونەکانی ئەم دواییانە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێك کە لە نەغەدە بۆ "کوردستان" هاتوە، بەم جۆرەیە:

١ـ ئاگر تێبەردرانی ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی بە هەموو کەلوپەلەکانیەوە، ٢ـ ئاگر تێبەردرانی کتێبفرۆشیی پەروەردەو فێرکردن (تەربییەت) بە هەموو ئیمکاناتیەوە، ٣ـ ئاگر تێبەردرانی کتێبخانەی گشتیی عەللامە تەباتەبایی، ٤ـ ئاگر تێبەردرانی مووزەی باستانی بە هوموو ئیمکاناتیەوە، ٥ـ وێرانکردنی بانکی ناوەندی (مەرکەزی)، ٦ـ وێرانکردنی فەرمانداری، ٧ـ وێرانکردنی بانکی ڕیفاهی کرێکاران، ٨ـ ئاگرتێبەردرانی ٢ ماشێنی فەرمانداری، ٩ـ وێرانکردنی بانکی توجارەتی مەرکەزی، ١٠ـ وێرانکردنی بانکی توجارەت، شوعبەی ٤٠ میتری، ١١ـ وێرانکردنی بانکی میللی، لقی ١٧ی شەهریوەر، ١٢ـ کتێبخانەی پارکی گشتیی شار، ١٣ـ خراپکردنی زۆربەی تابلۆکانی سەر شەقام، ١٤ـ وێرانکردنی ئیدارەی کاروباری عەشایر، ١٥ـ وێرانکردنی ستادی فەرماندەریی هێزی ئینتیزامی، ١٦ـ وێرانکردنی زیندانی پێشوو (هەڵکەوتوو لە شەقامی ئیمام).

بەپێی بەراوردی کۆبوونەوەی فەرمانداری کە ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی مای بەڕێوەچوو، زیانە ماڵی‌یەکانی ئاڵۆزی‌یەکانی ئەم دوایی‌یانەی نەغەدە یەك میلیاردو هەشت سەد میلیۆن تمەنە.

# سووکایەتی‌کردن بە هاونیشتمانانی تورك مەحکووم دەکەین!

ڕۆژنامەی "ایران"، ئورگانی فەرمیی هەواڵدەری "جمهوری اسلامی ایران" بە چاپکردنی کاریکاتۆرو بابەتێکی سووکایەتی‌هێنەر، گاڵتەی بە هاونیشتمانانی تورك و ئازەری کردوەو سووکایەتی‌یەکی کە بنەماکەی لەسەر سووك چاولێکردن و هەڵاواردن دامەزراوە، لە هەقی میلیۆنان کەس لە خەڵکی وڵاتەکەمان نواندوە. ئەم کردەوە ناشیرینە لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ کاردانەوەی بەرینی خەڵکی ئازەربایجان دا بەرەوڕووبووو بەرپرسانی ڕۆژنامەی ناچار بە داوای لێبوردن کرد. بەڵام ئەم داوای لێبوردنە نەیتوانی خەڵکی ئەم ناوچەیە کە چەندین ساڵە لە ژێر گوشاری هەڵاواردن و سووکایەتیی نەتەوەیی‌دان، ئارام بکاتەوە. جووڵانەوەو نارەزایەتییەکان لە بەرامبەر ئەم سووکایەتییەدا لە زانکۆکانەوە دەستیان پێکردوەو لە ماوەیەکی کورت دا شارە تورك زمانەکانی وەڵاتەکەمانی لە ئازەربایجان گرتەوە. لە تەورێزەوە بگرە تا ورمێ، لە خۆی‌یەوە بگرە تا ئەردەبیل، لە ئازەرشارەوە تا مەراغە، لە هەموو شوێنێك دا لەم سووکایەتییە تووڕە بوون و نارەزایەتییان نیشان دا. بەرپرسانی حکوومەتی لە ترسی پەرەگرتنی نارەزایەتی و جووڵانەوەی "ئێعتیرازیی" خەڵك بۆ شوێنەکانی دیکەی وڵات، ڕۆژنامەی ئێرانیان داخست و نووسەرو کاریکاتۆریستی ڕۆژنامەکەیان دەستبەسەرکردو "سردبیر"ەکەیان بانگ کردە دادگا. ئەم هەنگاوەش کە پیشاندەری "زەعیف" کوشتن و قوربانی‌کردنی چەند کەسێکە کە بەرپرسایەتیی دەوڵەتییان نیە، بە دوور دەبیندرێ کە بتوانێ گڕی نارەزایەتیی خەڵك بکوژێنێتەوە. نارەزایەتی‌یەکان تەنیا بەهۆی ئەم سووکایەتییەوە پێك نەهاتوون کە بەم داوای لێبوردن کردنانەو هەنگاونانی بەرگرییانە بکوژێنەوە.

سیاسەتی چەوسانەوەو دەستدرێژی لە دژی ئێتنیك و نەتەوەکانی ئێران کە ڕیشەی لە حکوومەتەکانی پێشتردا هەیە، بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی درێژەی پێ دراوەو توندتر بووە. ئەم حکوومەتە جیا لەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی کە لە تەواوی کۆمەڵگادا بەڕێوەی دەبا، بە شێوەیەکی تایبەتیش تا توانیویەتی چەوسانەوەو هەڵاواردنی لە ناوچە نەتەوەیی‌یەکان دا پەرە پێ داوە، ئەم ناوچانەی کردۆتە ئەنباری باڕووتێك کە هەر هەنگاوو کردەوەیەکی بزوێنەر، ئەگەر چووکەش بێ، دەتوانێ ئەوان بۆ ڕاپەڕین هان بدا. نالێوەشاوەیی دەوڵەتی نوێ و سیاسەتە سەدە نێوەڕاستی‌یەکانی، گوشارەکانی زیاد کردوەو نارەزایەتییەکانی بە ڕادەی پانتایی خاکی بەرینی ئێران پەرە پێداوە. ڕۆژێك تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی خووزستان دەبینین، ڕۆژێکی دیکە بەلووچستان بە نیشانەی نارەزایەتی هەڵدەسێ، ڕۆژی دواتر کوردستان لە دژی چەوسانەوەو هەڵاواردن و نادادپەروەری ڕادەپەڕێ و ئەمڕۆ خەڵکی ئازەربایجان لە بەرامبەر سووکایەتی و سووك چاولێکردنیان دا هەڵدەسن. بێگومان درێژبوونەوەی ئەم دەستدرێژی و چەوساندنەوانە، دەتوانێ خەڵك لە سەرتاسەری ئێران دا بەرەو ڕاپەڕین ببات.

ئەمڕۆ سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی حکوومەت وەها تووڕەیی و بێزارییەکی لە دڵەکان دا خولقاندون کە سەرهەڵدانی کاردانەوەگەلی توندو ڕادیکاڵ لە نێو بەشێك لە خەڵکی ئەم ناوچانەدا، شتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە. هەرچەند لەم ڕووداوەدا نابێ بۆ ساتێکیش ئەوە لە بیر بکەین کە تاوانباری سەرەکی، حکوومەتی ناوەندییەو نووکی تیژی هێرش دەبێ ئەم دەستەو تاقمە بگرێتە نیشانە، بەڵام لە هەمان کات دا پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ڕادیکاڵە توندڕەوەکانی هەردوولا بە هەنگاوو کردەوەکانیان زەبر لە داخوازییە هەقخوازانەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران دەدەن.

ئەگەر ڕێوشوێن و سیاسەتێکی ڕوون و "ئوسووڵی" بۆ چارەسەرکردنی دادپەروەرانەو دێموکراتیکی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتەکەمان دا نەگیرێتە بەر، کە لە توانای ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەدەرە، ئەم پرسە حاشاهەڵنەگرە دەتوانێ لە لایەن ڕەوتە دواکەوتووە توندڕەوەکانی نێوخۆو هێزە دەرەکییەکانەوە کەڵکی لێ وەربگیرێ و ئاکامگەلێکی کارەسات خولقێنی بۆ وڵاتەکەمان لێ بکەوێتەوە.

ئێمە ڕێکخراوو حیزبەکانی ئیمزاکەری ئەم بەیانیەیە وێڕای مەحکووم کردنی سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کردەوە بزوێنەرو دووبەرەکی خولقێنەکانی بەکرێگیراوانی، جارێکی‌تر ڕادەگەیەنین کە ڕێگەچارەی "ئوسووڵی"و دادپەروەرانە بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵك لە ناوچە نەتەوەیی‌یەکان دا بە فەرمی‌ناسینی فرەئێتنیکی و فرەنەتەوەیی، قبووڵکردنی بەرابەریی مافی نەتەوەکان و وەڵامی دێموکراتیك و ئاشتیخوازانە بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی ئەوان، لە ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیك دایە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران**
**ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)**
**کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**چوارشەممە، ٣ی جۆزەردانی ١٣٨٥، بەرابەر بە ٢٤ی مەی ٢٠٠٦**

# لەقاودانی پیلانێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**

لە یەك ساڵی ڕابردوودا ڕەوتی خەباتی گەلانی ژێرستەمی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی بەرینی و بەرچاوی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، لە خووزستان ڕۆڵەکانی گەلی عەرەب بە ئێعتیراز بە گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچە عەرەبنشینەکان لە لایەن ڕێژیمەوە زنجیرە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینێکی بەربڵاوو درێژخایەنیان بەڕێوەبرد، لە بەلووچستان بزووتنەوەی گەلی بەلووچ دەورێکی تازەی لە بەربەرکانی لەگەڵ ڕێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی دەست پێکردوە، ڕۆڵەکانی گەلی تورکی ئازەری لە زۆربەی شارەکان بە ئێعتیراز بە سووکایەتی کردن بەو نەتەوەیە لە ڕۆژنامەیەکی سەر بە ڕێژیمدا، ڕژانە سەر شەقامەکان و حەرەکاتی ئێعتیرازیی بەربڵاویان بەئەنجام گەیاند. گەلی کوردیش کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەردەوام لە خەباتی شێلگیری دژی ئەم ڕێژیمەدا بووەو لە ساڵی ڕابردوودا چەندین جار حەرەکەتی ئێعتیرازی لە زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان بەڕێوە برد.

گەرچی هەموو ئەو حەرەکەتە ئێعتیرازیانەی گەلانی ژێرستەمی ئێران بە نیشانەی بێزاری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خۆیان نیشان دا لەگەڵ سەرکوتی بێبەزەییانەو کوشتن و بریندار کردن و دەستگیرو زیندانی کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلانە بەرەوڕوو بوون، بەم حاڵەش گەلانی ئێران سوورن لە سەر داوا ڕەواکانیان و بەردەوامن لە خەبات بۆ وەدیهێنانیان.

قووڵتر بوونەوەی کەلێنی نێوان گەلانی ژێرستەمی ئێران و ڕێژیمی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەك و ئەو یەکدەنگی و هاوئاهەنگی‌یەی کە لە ڕەوتی خەباتی دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان گەلانی ژێرستەمی ئێراندا بەدی دەکرێ و ئەو هاوکاریانەی کە لە چوارچێوەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا لە نێوان ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە ژێرستەمەکانی ئێراندا خۆی دەنوێنێ و ئەو پشتیوانی‌یە بەربڵاوو بێدریغی‌یەی کە ڕۆڵەکانی هەرکام لە نەتەوەکانی ئێرانی بەرانبەر بەوانی‌تر لە خۆیانی نیشان دەدەن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی لە تەنگانە خستوەو لەگەڵ گیروگرفتی جیددی بەرەوڕووی کردوە. بۆیەو بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستی‌یەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ ڕێگاچارەیەکی ئوسوولیی بۆ حەللی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نیەو لەگەڵ دێموکراسی و دانی ئازادی بە گەلانی ئێران بێگانەیە، وەك هەمیشە تێدەکۆشێ بە ڕێگای حاشاکردن لە بوونی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا سەرکوتی خەباتگێڕان و ڕۆڵەکانی گەلانی ژێرستەم، ئاگری شۆڕش و بەرهەڵستکاری ئەوان دامرکێنێ و لە پەنا ئەوەشدا بە پیلانی جۆراوجۆر درز بخاتە ئەم یەکگرتوویی‌یە کەموێنەیەو ئەم هاودەنگ و هاوهەنگاوبوونەی گەلانی ژێر ستەمی ئێران.

لەو پێوەندی‌یەداو لەم دواییانەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەڵاڵەی پیلانێکی ئەوتۆی داڕشتوە کە سیخوڕو بەکرێگیراوەکانی خۆی لە نێو گەلانی ئێرانداو تەنانەت ئەوانەی بە ئیجباری لە نێو ریزی هێزەکانی ڕێژیمدان بە جلوبەرگی مەحەللی ناوچەکەیانەوە ڕەوانەی سەرکوتی حەرەکەتە ئێعتیرازی‌یەکانی گەلانی دیکەی ئێران بکاو بە ڕۆڵەکانی هەر گەلێك لە گەلانی ژێرستەم نیشان بدا کە ئەوە ڕۆڵەی گەلانی دیکەن کە بۆ سەرکوت و دەست بەدەم داگرتنی ئەوان پێشهەنگاو بوون و بەمجۆرە نەك ریزی یەکگرتووی گەلانی ئێران تێکبدا بەڵکوو ئاگری دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلانی ژێرستەمی ئێراندا داگیرسێنێ.

لەو بارەوە پێویستە هەموو ڕۆڵەکانی سەر بە نەتەوە ژێرستەمەکانی ئێران وریاو لە سەر هەست بن و بزانن کە ئەو سیخوڕو بەکرێگیراوانەی ڕێژیم ـ جا سەر بە هەر نەتەوەیەکی ئێرانی بن ـ داردەستی ڕێژیمن و نەك فڕیان بە سەر ئەو نەتەوانەوە نیە بەڵکوو هەمیشە وەك کەواسووری بەر لەشکرێ و لە پێش هەر گەلێکی دیکەدا سەرکوتی ئازادیخوازانی گەلی خۆیان کردوەو دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەو نەتەوەیە وەستاون کە گۆیا ئەوانیش سەر بەو نەتەوەیەن.

لە هەمان کاتدا داوا لە هەموو ئەو کەسانەش دەکرێ کە بە ئیجباری لە ریزی هێزە نیزامی و ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیمدا جێگیر کراون و ڕۆڵەی هەرکام لە نەتەوەکانی ئێرانین، لە سەرکوتی هەر گەلێك لە گەلانی ئێران خۆ ببوێرن و نەبنە داردەستی ڕێژیمێك کە دژی هەموو ماف و ئازادی‌یەکی گەلانی ژێرستەمی ئێرانەو خۆیان شەرمەزاری گەل و نەتەوەی خۆیان و باقی گەل و نەتەوەکانی ژێرستەم لە ئێراندا نەکەن.

ڕۆژ ڕۆژی یەکگرتنی گەلانی ژێرستەمی ئێرانە، ڕۆژی گەشەکردن و پەرەئەستاندنی بزووتنەوەی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانە، با هەموومان یارو یارمەتیدەری ئەم یەکگرتنە بەوەخت و مێژوویی‌یە بین و پیلانی ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبرلێدان لە یەکگرتوویی و هاودەنگیی گەلانی ئێران بەتەواوی پووچەڵ بکەینەوە.

**سەرکەوتن بۆ گەلانی ئێران و ئازادی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی**
**سەرشۆڕی و مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٥/٣/١١**
**2006/6/1**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتی ئەندامان‌و لایەنگرانی نەهێنیی حیزب

لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو ئەندامان‌و لایەنگرانی نەهێنیی حیزب کۆمەڵێك چالاکیی بەربلاوو بێ‌وێنەیان بەڕێوەبردوە کە لێرەدا تەنیا ئاماژەی بە ناوەی شارەکان دەکەین‌و داواتان لێ‌دەکەین بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە سایتی کوردستان میدیا.

شارەکان بریتین لە: شنۆ، مەهاباد، دیواندەرە، تاران‌و تەورێز، کرماشان، سنە، نەغەدە، مەریوان.

جێی ئاماژە پێ‌کردنە کە بلاوکردنەوەی فرێکانس‌و پیرۆزبایی کرانەوەی کاناڵی تیشك لە یەکێك لە خاڵە هاوبەشەکانی تەبلیغاتیی نێو شارە ناوبراوەکان بووە.

## ورمێ

### کوردەکان وێڕای تورکەکان لە دژی سووکایەتییەك کە بە تورکەکان کراوە، خۆپیشاندانیان کرد

رۆژی سێ‌شەممە، ١٣٨٥/٣/٢، کۆڕو کۆمەڵە ئازەرییەکانی شارستانی ورمێ بۆ دەربڕینی نارەزایی لە بلاوکردنەوەی کاریکاتۆری سووکایەتی‌هێنەر بە تورکەکان لە رۆژنامەی دەوڵەتیی "ایران"و سیاسەتی شۆڤینیستیی رێژیم دەرهەق بە نەتەوەکانی دیکە خۆپیشاندانێکیان رێك خست.

کوردەکانی ورمێ بۆ پشتگیری لە تورکەکان‌و دژایەتی لەگەڵ ئەو کردەوەدا لە خۆپیشاندانەکەدا بەشدارییان کرد.

خۆپیشاندانەکە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشاو تێیدا لەلایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی نهێنیی حیزبەوە تراکت‌و دروشمی حیزبی بە شێوەیەکی بەربلاو لەنێو خۆپیشاندەران دا بلاوکرایەوە.

ئەوەی لەو خۆپیشاندانەدا جێگای سەرنج‌و شیاوی بایەخ بوو هاوخەباتی‌و هاوپێوەندیی کوردو ئازەری لە بەرامبەر سیاسەتە دژی‌گەلی‌و شۆڤینیستیەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوو کە دەبێ هەردوولا هەوڵ بدەن قووڵترو بەرینتری بکەنەوەو یەکگرتووانەتر بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان تێ‌بکۆشن.

هەر بەم بۆنەوە لە پاشنیوەڕۆی رۆژی سێ‌شەممەدا خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی شارەکی تەرزیلووی ورمێ کە بەرەو سازمانی "دەنگ‌و رەنگ" بەرێکەوتبوون‌و لە دژی رێژیم‌و خامەنەیی دروشمیان دەدا، کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم‌و ئەو هێزانە پاش لێدان لە خۆپیشاندەران، ژمارەیەکی زۆریان لێیان گرتن‌و بەرێی بەندیخانەیان کردن.

## سنە

### لە ئاکامی مانگرتن‌و نارەزایی نیشان دانی خوێندکاران بڕیار وایە رێکخراوە ئەدەبی‌و ئەنجومەنە فەرهەنگییەکانی زانکۆی کوردستان دەست بە چالاکی بکەنەوە

بەدوای خۆپیشاندان‌و نارەزایی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، بەرپرسانی زانکۆ رۆژی شەممە، ١٣٨٥/٢/٣٠، لە کۆبوونەوەیەك دا لە سالۆنی ئامفی تیاتری مەولەوی لە زانکۆی کوردستان وڵامی خوێندکارانیان دایەوە. پێویستە بگوترێ لەم کۆبوونەوەیەدا پتر لە ٨٠٠ کەس لە خوێندکاران‌و مامۆستایان بەشدارییان کردبوو. لەم کۆبوونەوەیەدا هێندێك لە تێکۆشەرانی سیاسی‌و فەرهەنگی زانکۆ گیروگرفتەکانی ئەنجومەن‌و کانونەکانیان بۆ بەرپرسانی زانکۆ باس کرد. بەرپرسان بەڵێنیان دا کە ئەم موشکلاتە لە بەردەم کانوونەکان‌و ئەنجومەنەکان دا لابەرن. پێویستە بگوترێ کە چەند کەسێکی بەسیجی‌و بەرپرسی حەراسەتی زانکۆ وۆدەیانهەویست کە رەوتی مەراسمەکە بە لاڕێدا بەرن‌و بۆ هێندێك لە خوێندکاران کێشە سازبکەن، بەڵام بەهۆی وشیاریی خوێندکاران ئەو کارەیان بۆ نەچووە پێش.

## بە تۆمەتی بەشداری‌کردن لە رووداوەکانی هاوینی ١٣٨٤دا دادگایی کردنی ١٤ کەس لە لاوانی دیواندەرە دەستی پێ‌کرد

رۆژی ٦ی جۆزەردانی ١٣٨٥، لەلایەن دادگای "ئینقلاب"ی سنەوە دادگایی‌کردنی ١٤ کەس لە لاوانی دیواندەرە کە لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی هاوینی ١٣٨٤دا گیرابوون، دەستی پێ‌کرد.

لە دانیشتنی یەکەمی دادگادا بەناودادوەر پاش سووکایەتی‌کردن بە لاوەکان‌و ناساندنیان بە "ئەرازل‌و ئوباش"، بۆ رێکەوتێکی دیکە دادگاکەی دواخست‌و بێ‌ئەوەی مۆڵەتی بەرگری لەخۆکۆدن بە لاوەکان بدا، پەروەندەی تۆمەتەکانیان پێ‌ئیمزا کرد.

جێی باسە کە لە رێکەوتی ٢٣ی ئەم مانگەدا دیسان ئەو ١٤ کەسە لە شاری دیواندەرەدا دادگایی دەکرێنەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی

رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ١٣٨٥/٣/٣ی هەتاوی بەرابەر بە ٢٠٠٦/٥/٢٤ی زایینی، وەڤدێکی مەکتەبی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز ئیسماعیل مەحموود، ئەندامی سەرکردایەتی‌وبەرپرسی مەکتەبی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن بەڕێز عیرفان رەهنموون، ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازی لێ‌کرا.

لەو سەردانە دۆستانەیەدا باسێك لەسەر پێوەندییە دووقۆڵی‌یەکانی هەردوولاو رەوشی کوردستان‌و بە تایبەت کوردستانی ئێران‌و خەبات‌و تێکۆشانی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان کراو ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەرکرا. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکانمان پێ‌داگیرایەوە.

## سەردانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە ئاڵمان



بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە سەردانێکی چوار رۆژە بۆ ئاڵمان (١٧ تا ٢٠ی مای ٢٠٠٦)، چاوی بە ژمارەیەك لە بەرپرسانی سیاسی‌و ئەندامانی فراکسیۆنی حیزبە ئاڵمانی‌یەکان لە پارلمانی ئەو وڵاتە کەوت‌و لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی رۆژ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونیان کرد.

تەوەری باسەکان لە چاوپێکەوتنەکانی بەڕێزیان لەگەڵ لایەنە ئاڵمانی‌یەکان دا، بریتی بوون لە:

- باروددۆخی گشتیی ئێران‌و ئامانجە شاراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هێندێك بواری سیاسەتی دەرەوەی‌دا.
- بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران
- سیاسەتەکانی رێژیم لە بەرامبەر کوردستان‌و داخوازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.
- کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ‌و شوێن‌و گرنگی ئەو کۆنگرەیە لە ئەوڕۆو داهاتووی ئێران دا.
- پێویستیی دابین کردنی مافە سیاسی‌یەکانی نەتەوە ژێر دەستەکان وەك کاریگەرترین هەنگاوو مەرجی سەرەکیی وەدیهاتنی دێموکراسی‌و سەقامگیریی سیاسی لە ئێرانی دوارۆژدا.
- دێموکراتیزەکردن‌و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لە جێگای کۆماری ئیسلامی، وەك تەنیا ئاڵترناتیڤ بۆ بەرگری لە شەڕو وێرانی، خەبات دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌و دابینکردنی سەقامگیری لە ناوچەدا.

## سەردانی کەسایەتیی ناسراوی کورد دوکتور کەنداڵ نزان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی سێ‌شەممە رێکەوتی ١٣٨٥/٣/٢ی هەتاوی بەرابەر بە ٢٠٠٦/٥/٢٣ی زایینی کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد لە فەڕانسە دوکتور کەنداڵ نزان، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن بەڕێز حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌یەوە پێشوازیی لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دوکتور کەنداڵ نزان باسێکی لە سەر رەوشی کورد لە دەرەوەی وڵات‌و راوبۆچوونی وڵاتانی ئورووپایی لە سەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و تەئسیراتی گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی ناوچە لە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کرد. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستانی ئێران لە قۆناغێکی تایبەتی دایەو بۆ بەرینتر کردنی ئەم خەباتە هەم لە ئاستی نێوخۆیی‌و هەم لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی‌دا دەبێ سوود لەم گۆڕانکاری‌یە وەربگرین.

پاشان کاك حەسەن شەرەفی ئاماژەی رەوشی کوردستانی ئێران‌و خەبات‌و تێکۆشانی رۆڵەکانی کوردو ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان‌و بەتایبەت پەرەسەندنی خەباتی نیشتمانپەروەرانەو رزگاریخوازانەی نەتەوەکانی ئێران دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردو هەلومەرجی ئێستای وڵاتی بۆ خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی‌و دێموکراسی‌و دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌کانی گەلانی ئێران‌و رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ لەبار زانی‌و لە کۆتایی‌دا جارێکی‌تر خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو سەردانەی دوکتور کەنداڵ نزان لە دەفتەری سیاسی حیزب دەربڕی.

## دەستەی زانایانی موسوڵمان: ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆیی عێراق وەردەدات

PNA - دەستەی زانایانی موسڵمانان لە عێراق کە بە گەورەترین دەستەی سوننەکان لە عێراق دادەنرێ، ئەمرۆ یەکشەممە، (١٣٨٥/٣/٧) رایگەیاندوە کە ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدا.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی فرانس پرێس، عەبدولسەلام کوبەیسی، وتەبێژی دەستەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاندوە، کە بەخێرهاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران دەکەن، بەلام هەموو لایەك دەزانن کە ئێران لە عێراق چی دەکا.

وتەبێژەکە ئەوەشی راگەیاند کە هەبوونی ئێران لە عێراق شتێکی هەستپێکراوە و بە دانپێنانی سەرکردە ئێرانیەکانیش، ئەگەر ئێرانیەکان نەبوونایە، ئەمەریکا نەدەگەیشتە عێراق و ئەفغانستان.

وتەبێژەکە هەر لەم بارەیەوە ئەوەشی راگەیاند، کە تەنها ئێران بەشدارنەبووە لە تاوانەکان، بەلکو چەند ولاتێکی عەرەبی هەنە و بەشداریان لە تاوانەکان کردوە.

کوبەیسی لە بارەی کردەوەکانی ئێران، ئەوەی راگەیاند، کە ئێران دەخوازێ کودەتایەك لە کۆمەلگای عێراق بەرپا بکا، ئەمەش بەهۆی کوشتن و دەرکردن و رێگای دیکە، کاتێ ئەم بابەتەشمان لەگەڵ لایەنی ئێرانی باسکرد، پێکەنین‌و ولامیان نەدایەوە.

کوبەیسی ئەوەشی راگەیاند کە ئێران زیاد لە جارێك ئێمەی بانگهێشتی تاران کردوە، بەلام تا ئەوان لەسەر کوشتنی عێراقیەکان بەردەوامبن ئێمە سەردانیان ناکەین.

جێی ئاماژەیە کە مەنووچێهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە سەردانێك دا بۆ عێراق، رایگەیاندبوو، کە ئێران ئامادەیە لە رووی ئابوری یارمەتیی عێراق بدا و بۆ ئەم مەبەستەش یەك میلیارد دۆلاری تەرخانکردوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیامنێر**

## سەردانی شاندێکی بزووتنەوەی جووتیاران‌و چەوساوانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی شەممە رێکەوتی ١٣٨٥/٢/٣٠، ٢٠٠٥/٥/٢٠ هەیئەتێکی بزووتنەوەی جووتیاران و چەوساوانی کوردستان بە سەرپەرەستیی بەڕێز باپیر کامەلا سلێمان سکرتێری بزووتنەوەو ئەندامەتیی هاوکار مەحموود، ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و بەڕێزان سامی خۆشناو، تەحسین رەحمان‌و شوان مەحموود ئەندامانی کومیتەی ناوەندی‌و عەلی محەممەد عەبدوڵڵا ئەندامی پێوەندی‌یەکانی بزووتنەوە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کۆیە کردو لە لایەن بەڕێزان کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب‌و هاوڕێیان عەلی مێهرپەروەرو محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کەماڵ کەریمی‌و رۆستەم جەهانگیری ئەندامانی کومیتەی ناوەندییەوە پێشوازی لێ‌کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا بەڕێز کاك باپیر کامەلا باسێکی لە سەر مێژووی بزووتنەوەی جووتیاران‌و خەبات‌و تێکۆشانیان‌و دەوری چالاکیان لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان‌و راوبۆچوونیان لە سەر خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردو زەرووڕەتی هاوخەباتی‌و هاوئاهەنگی لە نێوان هێزە سیاسی‌یەکان ئاماژەی پێ‌کراو لەو پێوەندییەدا هەڵوێستی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوایەتی‌و دێموکراتیی کوردستاندا بەرز نرخاندو وتی: "سیاسەت‌و پێوەندییە نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەموو تێکۆشەرێکی کورد جێی شانازی‌و سەرفرازییە".

پاشان بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە سەردانی هەیئەتی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب، سپاسی ئەو هەستە پاکەی ئەوانی بە نیسبەت حیزبی دێموکرات‌و جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد کردو لە سەر رەوشی سیاسیی ئێران‌و کوردستان‌و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و پرسی کورد باسێکی سیاسیی پێشکەش کردو بەتایبەت باسی ئەو تەنگەژەیەی ئێستا رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری نێودەوڵەتی‌و نێوخۆیی‌یەوە لە سەر چەکی ئەتۆمی‌و پێشێلکاری مافی مرۆڤ و دەستێوەردانی رێژیم لە کاروباری وڵاتان‌و یارمەتی‌کردن بە تێرۆریزم تووشی بووە کردو دوای ئەوە بەشدارانی کۆبوونەوە راوبۆچوونی خۆیانیان لەو پێوەندییانەدا دەربڕی‌و لە کۆتایی‌دا لە سەر پێوەندیی دۆستانەی هەردوولاو بەردەوامبوونی دیدارەکان پێ‌داگیرایەوە.

## سەردێڕی هەواڵەکانی دیکە

- بە بیانووی گەڕان بەدوای چەك دا هێزەکانی رێژیم تەنگوچەڵەمە بۆ خەڵکی گوندێکی کامیاران پێك دەهێنن
- پێك هاتنی گرووپی پارلمانتێری کوردو سویسی
- ئاهەنگی شایی‌و خۆشیی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی دەست بەکاربوونی TISHK tv ەوە
- بریندار بوونی کاسبکارێك بە هۆی دەستڕێژی هێزی ئینتیزامییەوە لە ناوچەی سەردەشت
- دەرکردنی بڕیاری زیندانیکردنی رۆژنامەنووسێکی کورد
- دەستبەسەرکردنی هاولاتییەك لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی مەهابادەوە
- کاسبکارێکی سەقزی بەهۆی دەستڕێژی هێزەکانی رێژیمەوە گیانی لە دەست دا
- سمیناری لێکدانەوەی زماننناسانەی زمانی کوردی لە مەریوان دا بەڕێوەچوو
- کۆڕێکی رێزگرتن لە هونەرمەندانی هەورامی لە ناوچەی دیواندەرەدا بەڕێوەچوو
- پیرۆزبایی بە بۆنەی کرانەوەو دەست بەکار بوونی کاناڵی "تیشك"ەوە
- کرانەوەی تیشك تی‌ڤی بوو بە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان
- لە تێکهەڵچوونی نێوخۆیی هێزەکانی رێژیم دا جاشێك کوژرا
- لە ناوچەی هەورامان دا باوکی شەهیدێکی حیزب کۆچی دوایی کرد
- لەندەن: خۆپیشاندانێك لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر نەتەوەکانی ئێران
- مەریوان: مەلا محەممەد کوردستانی لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە کوژرا
- بریندابوونی دوو کەس بەهۆی دەستڕێژی هێزی ئینتیزامی، لە ناوچەی شنۆ
- پەیامی پیرۆزبایی هونەرمەند کاك رەشید فەیزنەژاد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی کاناڵی "تیشك"ەوە
- سوپاسنامەی کۆمیسۆنی تەشکیلاتی حیزب بۆ ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی حیزب
- پشتیوانیی کوردەکانی باکووری خۆراسان لە ئازەرییەکان
- پیلانی رێژیم بۆ تێکدانی یەکیەتی‌و هاوخەباتیی کوردو ئازەری
- خۆپیشاندەرانی ئازەری دەفتەری رۆژنامەی "ایران"و "دەنگ‌و رەنگ"ی ورمێ‌یان ئاگر تێ‌بەردا
- لە زانکۆی کوردستان دا کۆنگرەیەك بۆ رێزگرتن لە مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕێس بەڕێوەچوو
- لە مانگرتن‌و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی تاران دا دروشمی "مەرگ بۆ رێژیمی دیکتاتۆری ئێران" درا
- بۆ دەربڕینی نارەزایی لە سووکایەتی‌کردن بە تورکەکان هەزاران کەس لە تەورێز رژانە سەر شەقامەکان
- سووکایەتی‌کردن بە تورکەکان‌و درێژەی مانگرتنەکانی خوێندکارانی تورك
- ٨ کەس لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی نەغەدە کوژران
- کۆبوونەوەی کاربدەستانی رێژیم لە نەغەدە بۆ هەڵسەنگاندنی زەرەرو زیانەکانی خۆپیشاندانی خەڵك
- کۆچی دوایی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب لە شاری دەماوەند
- کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینەی حیزب لە نەغەدە

## بۆ خوێندنەوەی نێوئاخنی هەواڵەکانی سەرەوە بڕواننە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"

# کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتێرناسیوناڵ سۆسیالیست

هەواڵنێری نێردراوی "کوردستان"

کاتژمێر ١١/٣٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٨ی جۆزەردانی ١٣٨٥ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٥/٢٩ی زایینی، کۆبونەوەی ساڵانەی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتێرناسیوناڵ سۆسیالیست بە سەرۆکایەتیی لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیوناڵ سۆسیالیست، لە هاوینە هەواری دووکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرێوە چووە.

ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداریی کونی فریدریکسۆن، سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە SIو، وەفدی ژمارەیەك لە حیزبەکانی ئەندام لە SI و ئەندام لە کومیتەی کاری کوردان دا ، لە وڵاتی فەڕانسە، نوروێژ، سوئید، ئیتالیاو یونان و هەروەها نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکانی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، پارتی دێموکراتی گەل لە تورکیە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێك هات. پێکهاتنی ئەم کۆبوونەوەیە لە هەرێمی کوردستان دا گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەبوو. کۆبوونەوەکە لە لایەن بەڕێز مام جەلال تالەبانی، سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ کرایەوەو بەڕێزیان لە وتارەکەی خۆیدا بەو بۆنەوە وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان خۆشحاڵیی خۆی لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە هەرێمی کوردستان دەربڕی و داوای سەرکەوتنی بۆ کۆبوونەوەکە خواست.

کۆبوونەوەکە بە قسەکانی بەڕێز لوئیس ئەیلا بە ڕەسمی کارەکانی خۆی دەست پێ کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا بارودۆخی گشتیی عێراقو کوردستانی عێراق، ئێرانو کوردستانی ئێران، تورکیەو کوردستانی تورکیە هەرکام بە جیاە کەوتنە بەرباسو لە باسەکان دا دەستەی نوێنەرایەتیی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، باسێکی گشتی و تێروتەسەلی پێشکەشی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد. پاش هەر باسو ڕاپۆرتێك لە سەر وەزعی گشتیی هەرکام لەو وڵاتانە، بەشدارانی کۆبوونەوەکە راو بۆچوونی خۆیان لەو پێوەندییەدا دەردەبڕی.

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە کە ئەندامی ئەنتێرناسیوناڵ سۆسیالیست و ئەندامی کومیتەی کاری کوردان لە ئەنتێرناسیوناڵ سۆسیالیستە، وەفدێك بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبوونەوەکە و باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب جیا لە دەربڕینی راو بۆچوونی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو بە تایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و کارتێکەرییان لە سەر وەزعی ناوچەکەو وڵاتانی دەوروبەر، باسێکی لەمەڕ وەزعی ئێران بە گشتی و بارودۆخی ئێران لە یەك ساڵی رابردوو و پاش هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد، بە تایبەتی وەزعی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد و سێ پێشنیاری لە پێوەندی لە گەڵ ئێران بە گشتی و مەسەلەی کورد بە تایبەتی خستە بەردەم ئەنتێرناسیوناڵ سۆسیالیست.

کاك حەسەنی شەرەفی، سەرۆکی وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەشێك لە وتارەکەیدا بە وردی تیشکی خستە سەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەو گوتی:" پێشێلکاریی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ئێرانداو بە تایبەت ئازادیی بیرو ئەندێشە گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیك ئەشکەنجە بە کار دەێنێ و بۆ دەمکوت کردنی بەرهەڵستکاران و جیابیران، زیندانی درێژماوەی تاکەکەس دەبڕێتەوە.

زۆربەی ئەندامانی کابینەی ئەحمەدی نەژاد ـ بە شەخسی خۆشیەوە ـ تاوانبارن بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و کوشتنی روناکبیران و خوێندکاران و بەرهەڵستکارانی سیاسی لە ماوەی ٢٧ساڵ تەمەنی ئەو رێژیمەدا.

سەرکۆماری رێژیم، مەحموودی ئەحمەدی نەژاد بە پێی لێکۆڵینەوەی پیتر پیلتس یەکێك لە ئەندامانی تیمی تیرۆری رێبەری مەزنی نەتەوەی کورد، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بووە، ناوبراو بە پێی راسپاردەکانی رێبەری ناهەڵبژێردراوی رێژیم " عەلی خامنەیی" کابینەیەکی پێك هێناوە کە زۆربەی ئەندامانی ئەو کابینەیە، ئەندامانی پێشووی سوپای پاسداران و دەزگا ئەمنییەتییەکانی رێژیم بوون. ئەو کابینەیە هەر لە سەرەتای دەسبەکاربوونیەوە، شالاوێکی سەرتاسەریی کردە سەر سەنگەرەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ. رۆژنامەسەربەخۆکانی داخستو رۆژنامەنووسە بوێرەکانی راپێچی زیندانەکان کردو ئەو ژمارە کەمەش لە روناکبیران و رۆژنامەڤانان کە لەو شالاوە دەربازبوون لە بەر فەزای ترس و دڵەڕاوکێ و بە ناچار وڵاتیان بە جێهێشت.، یان تووشی خۆسانسۆری و خۆخواردنەوە بوون و خۆیان لە رۆشنگەری و رەخنەگرتن لە کردەوەکانی رێژیم پاراست.

کاربەدەستانی رێژیم لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا، وێب سایتەکان و هەواڵنێرە ئینتێرنێتییەکانیان بە مەبەستی رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئازادانەی هەواڵو زانیاری لە رێگەی تۆڕی ئێنتێرنێتەوە، کردە ئامانجی هێرشی خۆیان، دەیان وێبلاگنووس و رۆژنامەڤانی ئینتێرنێتی زیندانی کراون و خراونەتە سللولی تاکەکەسییەوە. جیا لەوەی رێژیم بە شێوەیەکی سیستماتیك دەستی کردوە بە فیلتێر کردنی ئەوسایتانەی کە هەڵگری هەواڵو راڤەی سیاسین لە ناوخۆو دەرەوەی ئێران. بۆ نموونە تەواوی سایتە ئینتێرنێتییەکانی حیزبی دێموکراتیکوردستانی ئێران لە لایەن رێژیمەوە فیلتێرکراون.

پاش داخرانی رۆژنامەو گۆڤارە سەربەخۆکان، رەوشی زیندانەکان بە تایبەت ئەو زیندانانەی کە بە نهێنی لە ژێر چاوەدێریی سوپای پاسداران دا بەرێوەدەبرێن، رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر و نامرۆڤانەتر بووە...".

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێران بە ئاماژە بەوەی کە خەڵکی کوردستان لە ساڵی رابردوودا بوێرانەتر ئامانجە نەتەوایەتیو مرۆڤانییەکانیان هێناوەتە گۆڕێو نیشانیان داوە کە ئەو رێژیمە لە کوردستاندا کەمترین پێگەی جەماوەریو کۆمەڵایەتیی نیە، گوتی: "ئەگەرچی خەڵکی کوردستان لە ساڵی رابردوودا لە رەوتی خەبات بۆ ئازادیو دێموکراسیدا، کوردستانیان کردە مەیدانی خەباتو بەربەرەکانێ دژی رێژیمی ئازادیکوژی ئیسلامیی ئێرانو لەو پێوەندییەدا چەند هەنگاوێکی بڵێندیان هەڵهێناوە، بەڵام بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان بوونەتە قوربانیی هێندێ دیاردەی نێگەتیڤی کۆمەڵایەتی کە زۆربەی زۆریان پێوەندییەکی راستەوخۆیان بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا هەیە. بێکاری، نەبوونی ئاسۆیەکی روونو گەش بۆ داهاتوو، لە سەرەکیترین گرفتەکانی لاوانی کوردستانن. ئێعتیاد بە مادده سڕکەرەکان هەڕەشەیەکی بێئەملاو ئەولایە بۆ ژیان. تەقینەوەی مین بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکاندا رۆژ نیە چەند خێزانێکی کورد تووشی کارەساتێکی تراژیدی نەکا."

کاك حەسەن شەرەفی هەر لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا بە ئاماژە بەوەی کە لە ئێرانو کوردستانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا، قەت ئازادیی بەیان نەبووەو دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدینەژاد گوشارەکانی سەر چالاکە سیاسیو روناکبیرەکان چڕتر بۆتەوە گوتی: "دەیان کەس لە رۆژنامەنووسانی کوردستانو چالاکە سیاسیو فەرهەنگییەکان کەوتوونەتە بەر پەلامارو هێندێکیان زیندانیی درێژماوەیان بۆ بڕاوەتەوەو هێندێکیان بە ناچاری کوردستانیان بەجێ هێشتوەو هێندێکی دیکەیان بە وەسیقەو بە شێوەیەکی کاتی ئازادکراونو چاوەڕێی دادگایی کردنن. دەیان رۆژنامەنووسی کورد بانگ کراونەتە دادگاو هێندێکیان بەو پەڕی دڵڕەقییەوە ئەشکەنجە دراونو چەندین بڵاڤۆکی کوردی لەو ماوەیەدا، مۆڵەتی کارکردنیان لێ سەندراوەتەوە. سەبارەت بە حەرەکەتە ئیعتیرازییەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستانو شێوەی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانو ئەو کوژراو بەندکراوانەی کە لێیان کەوتۆتەوە، راپۆرتێك بە نووسراوە دراوەتە خزمەتتانو لە دووپاتکردنەوەیان خۆ دەبوێرم."

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشی کۆتایی وتارەکەیدا ئەم سێ پێشنیارەی پێشکەشی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست کرد: یەکەم: سەر لەنوێ پێداگری لەسەر پێکهێنانی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە ی کورد لە لایەن ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە بکرێتەوە.

دووهەم: ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست کە ئەندامی راوێژکاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە شورای مافی مرۆڤی ئەو رێکخراوەیەی بوێ کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پێشێلکاریی بەربڵاوو بەردەوامی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراندا هەیئەتێك رەوانەی کوردستان بکا.

سێهەم: بە لەبەرچاوگرتنی سەرکوتی بەربڵاوی کورد لە ئێران، بە پێویستی دەزانین ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە دانیشتنی داهاتووی خۆیدا، بڕیارنامەیەك لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەربکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ئامادەیە گەڵاڵەی ئەو بڕیارنامەیە ئامادە بکاو لە ئێختیار، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستی بنێ.

پێویستە بگوترێ وەرگێڕدراوی ئینگلیسیی ئەم وتارەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو نوسخەیەك لە نموونەی ماف پێشێلکەرییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێرانو کوردستانو رووداوەکانی یەکساڵی رابردوو لە کوردستانی ئێران، بە نووسراوە درا بە هەیئەتە خاریجییەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیەدا.

کاتژمێر ٦ی ئێوارە پاش کۆتاییهاتنی کاری کۆبوونەوەکە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی لە دەرەوەی هۆڵی دانیشتنەکە پێك هات کە لەودا بەڕێزان لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستو کونی فریدریکسۆن، سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە SI باسێکیان لە پێوەندی لەگەڵ کاری کۆبوونەوەکان پێشکەش کردو وەڵامی پرسیاری هەواڵنێرییەکانیان دایەوە.

هەواڵنێری نێردراوی "کوردستان میدیا" بۆ کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە SI لە هاوینەهەواری دووکان



**بە لەبەرچاوگرتنی سەرکوتی بەربڵاوی کورد لە ئێران، بە پێویستی دەزانین ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە دانیشتنی داهاتووی خۆیدا، بڕیارنامەیەك لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەربکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، ئامادەیە گەڵاڵەی ئەو بڕیارنامەیە ئامادە بکاو لە ئێختیار، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستی بنێ.**

# وتووێژی گۆڤاری "مەڵبەند" لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز کاك مستەفا هیجری

**وەزعی سیاسیی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی گۆڕانێکی مەزنە، چونکە لە لایەکەوە فشارێکی نێودەوڵەتیی توند بەسەر هەندێ وڵاتانی ناوچەکەوە هەیە، بۆ گۆڕینی سیستمە دیکتاتۆرییەکان بۆ دێموکراتیەت. لە لایەکی تریشەوە چەندین قەیرانی نێوخۆییش لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا سەریان هەڵداوەو، ناڕەزایی گەلانی ئەم وڵاتانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەدەستێنێ. ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە کەوتۆتە نێو مەرکەزی گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە، کە چاوەڕوان دەکرێ لە ئایەندەیەکی نزیکدا ئامادەیی بکرێ بۆ گۆڕینی ئەو ڕیژێمە سەرکوتکەرو دیکتاتۆرە، بەتایبەتی ئەمریکا خەریکە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکا ، تەنانەت ڕاشکاوانەش باس لە بە کارهێنانی هێزی سەربازی دژی ئێران دەکا، کە ئەوەش وا دەکا هێزەکانی ئێران خۆ ساز بدەن بۆ هەر گۆڕانێکی داهاتوو. بۆیە لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییانەدا (مەڵبەند) ویستی بیروبۆچونی سیاسەتمەدارانی ئێران لەو بارەیەوە بزانێ، بە تایبەتی سەرکرداتیەتیی کورد کە ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو حیزبێکی خاوەن ئەزموونی دووردرێژ بە دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ، لە ڕیزی پێشەوەی حیزبە نەیارەکانی ئێرانە.**

**لە دەوروبەری کۆیەدا لە گەڵ کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دواین، سەرەتا ویستمان خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات‌و سەرکردایەتیی کورد لە بارەیی پێشهاتەکانی ناوچەکە، بزانین.**

**ئەویش لە وەڵامدا وتی:** بێگومان ئێستا ئێران لە ژێر فشارێکی نێودەوڵەتیی گەورەدایە، ئەو فشارەش هی ئەمڕۆ نیە، بەڵکوو دەمێکە کۆمەڵگای نێودەوڵتی خەریکی هێنانەکایەی گۆڕانکاریەکە لە سیستمی حوکمی کۆماری ئیسلامیدا، پێمان وایە بۆ ڕووبەڕبوونەوەی ئێران لە گەڵ گوشارە دەرەکی‌و ناوخۆیی‌یەکان کۆماری ئیسلامی چەند هەنگاوێکی گرتۆتە بەر، لەوانەش هەڵبژاردنی خودی ئەحمەدی نەژاد بە سەرکۆمار، کە یەکێك لە موحافیزەکارە توندڕەوەکان. ئەو هەراو هەڵایەی ئێستاشیان لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکە، هەوڵێکە بۆ مەشغوڵ کردنی میللەتانی ناوەوەو لە بیربردنەوەی قەیرانە توندەوکانی ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران.لە بەر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانەش ئێمە چ لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌و چ لە سەر ئاستی حیزب ، چەند هەنگاوێکمان ناوە. جارێ لە سەر ئاستی ئۆپۆزسیۆن هەوڵمان داوە تواناکانی گرووپەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن یەك بخەین، ئەوەبوو توانیمان بەرەیەکی فراوان پێك بهێنین لە نوێنەرانی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و بەلووچەکان‌و ئازەرییەکان‌و ناومان نا ( کۆنگرەی فیدراسیۆنی گەلانی ئێران)، ئێستا ئەو کۆنگرەیە چالاکیی سیاسییانەو دیبلۆماسییانەی خۆی لە ئاستی دەرەوەدا بە جێ دەهێنێت، لە سەر ئاستی حیزبی دێموکراتیشدا، ئێستا سەرقاڵی چەندین کاری ڕێکخستنی ناوەوەو دەرەوەین. لە سەر ئاستی ناوەوە خەریکی ڕێکخستنی جەماوەری گەلەکەمانین، وەکوو خۆشتان دەزانن ئێمە خەباتی نهێنی دەکەین لە ناوەوە، بۆیە ئێستا خەریکی ئەوەین جەماوەری کورد لە ناوەوەدا ڕێك بخەینەوەو ئامادەیان بکەین بۆ پێشوازیکردن لە هەر پێشهاتێکی تازە، بۆ ئەو مەبەستەش خەریکی دامەزراندنی کاناڵێکی ئاسمانین کە بەشێکی زۆری لە کارەکانی بەڕێوە چووەو پەخشی ئەزموونی دەستی پێ‌کردوەو ئەگەر هیچ گیرو گرفتێکی تەکنیکی نەیەتە پێشەوە لە ماوەیەکی نزیکدا پەخشی ئاسایی دەست پێ‌دەکا، هەڵبەت مەبەستی سەرەکییش لە دامەزراندنی ئەو کاناڵە ئاسمانییە، ئەوەیە کە ببێتە پردێك لە نێوان ئێمەو کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ناوەوەی وڵاتدا، هەروەها دەمانهەوێت ببێتە مینبەرێك بۆ ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی تا سیاسەتەکانی زیاتر بە گەلانی ئێران ئاشنا بکا، وەکوو خۆشتان دەزانن چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پڕۆپاگەندەکانی میدیاکانییەوە، هێرشی بەردەوامی هەیە لە سەر لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، کە هیچ دەروازەیەکی وایان نەبووە ڕووبەڕووی ئەو ئالەتە ئیعلامییە گەورەی ڕیژێمی ئیسلامی ببنەوە. بۆیە بوونی ئەو کاناڵە هەنگاوی زۆر باشە بۆ پێشەوە چوونی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان. ئەوە جگە لەوەی کە نوێنەرانی حیزب لە هێندێ وڵاتانی دونیاشدا کاری دیپلۆماسی‌و سیاسیی خۆیان دەکەن وەکوو ئەمریکاو فرانسەو ئەڵمان‌و بریتانیا.

**پ: جەنابت باسی کاری دیپلۆماسی‌و ئیعلامیت کرد، بەڵام باسی هەنگاوە سیاسییەکانت نەکرد، ئایا هیچ پێوەندییەکتان لە گەڵ ئەمریکادا دامەزراندوە کە ئەو زیاتر پەرۆشی گۆڕانە لە ئێراندا؟**

و: پەیوەندییەکانمان لە گەڵ ئەمریکادا ئاساییە، بەڵام نەچۆتە پێش، ئەمریکا ئەجندای خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام تا ئێستا هیچ سسیاسەتێکی ڕوونی بەرامبەر بە ئێران ئاشکرا نەکردوە، کاتی خۆی من‌و مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە، سەردانی ئەمریکامان کردو چەند کەسانێکمان لەوێ بینی ، بەڵام ئێمە لە ئاستی ئەم جۆرە پێوەندییە ڕازی نین. ئێمە پێمان وایە ئەو شێوە گۆڕانەی لە عێراقدا کرا بۆ گۆڕینی ڕیژێمی سەددام، ڕەنگە بۆ وڵاتی ئێران گونجاو نەبێ، بۆیە پێمان باشە بیر لە ئەڵترناتیڤی‌تر بکەنەوە لە سەروشیانەوە هاوکاریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە شێوەی ماددی‌و مەعنەوی تا ئەوان گۆڕانەکە بێننە دی. ئەمڕۆ لە ناوەوە ناڕەزاییەکی توند هەیە بەرامبەر بە ڕیژێمی ئێران، ڕۆژانە خەڵك دەڕژێنە سەرشەقامەکان‌و خۆپیشاندان ساز دەکەن، ئێستا من لێرە لەگەڵت دانیشتووم کرێکارانی کۆمپانیایەك لە تاران بۆ بیستەمین ڕۆژە مانیان گرتووە، ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ گیانی ناڕەزایی بەرزتر دەبێت لە ناو خەڵکی ئێراندا، ڕۆژانە خەڵك شەهید دەبێ بە دەست هێزەکانی حکوومەتی ئێرانەوە.

**پ: لە کاتێکدا دونیا بە گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ سەر ئێران مەشغووڵە، ئێستا باس لەوە دەکرێ گوایە بەڕێز مام جەلال سەرۆکی عێراق، داوای لە ئێوە کردبێ هیچ جۆرە چالاکییەکی عەسکەری دژی ئێران لە خاکی کوردستانەوە نەکەن؟**

و: ئەمە وانیە، حکوومەتی عێراق خۆیی دەمێکە ئەو داوایەی لە ئێمە کردوە پێش بوونی بەڕێز مام جەلال بە سەرۆك کۆماری عێراق.ئێمە خۆشمان هیچ جۆرە چالاکییەکی عەسکەریمان نییە لە وەتەی لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێین، چوونکە نامانەوێت کێشەو گیروگرفت بۆ برایانی خۆمان لێرە درووست بکەین. ئێمە ئاگامان لەو دەخاڵەتانە هەیە کە کۆماری ئیسلامی لە باشووی عێراقدا دەیکاو چ کێشەیەکی بۆ خەڵکی ئەوێ ناوەتەوە، بۆیە قەت واناکەین .ئێرەش ئەو دەخاڵەتە بە سە بە بێ ئێمە بیکا.

**پ: کاك مستەفا لە سەر ئاستی حیزبی دێموکراتدا دەنگۆی ئەوە هەیە گوایە چەند باڵێك لە ناو حیزبدا دروست بووە. دەمانهەوێت ڕاشکاوانە هەقیقەتی ئەو باڵ‌و باڵکارییەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

و: دیارە پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە باڵی جیا جیای تێدا هەبووە، سەرنج بدە زەمانێك ئەحمەد تۆفێق باڵێکی لە ناو حیزبدا دروست کرد، دوای ئەو لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە تازە ئاشکرا بوو، لە نێو حیزبی دێموکراتدا باڵێك دروست بوو کە سەر بە حیزبی توودە بوو. هەڵبەت ئەوان جودا بوونەوە، وەکوو کاك غەنی بلووریان‌و نێوی خۆیان نا پەیڕەوانی کونگرەی چوارەم، بە دوای ئەوانیش باڵێکی دیکە لە ناو حیزبدا پەیدا بوو، ئەویش کە دیتمان هێندێ لە هاوڕێیانمان جوودا بوونەوەو حیزبێکی تازەیان پێك هێنا بە نێو حیزبی دێموکرات ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ. دواییش توانیمان لە ڕێگەی موزاکراتەوە جارێکی دیکە یەك بگرینەوە. ئێستاش لە نێو حیزبی دێموکراتدا ڕەنگە کەسانێك هەبن، فکریان جیاواز بێت، لە گەڵ کەسانی‌تری ناو حیزبەکە، ئەوە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە نێو حیزبی دێموکراتدا ئازادی هەیە، یاخود بڵێین ئەوەی لە سەرکردایەتی هەڵنەبژێردراوە دەتوانێ قسەی خۆی بکا، لە دوای کونگرەی سێزدەهەم، ئاڵوگۆڕێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتە پێشێ ئەویش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بوو، هێندێ لەو هاوڕێیانەمان کە لە دەسەڵات نەمان بە بڕیاری کونگرە، بە دەلایلێك کە پێویست بکا دەچمە سەریان، ئەوانە لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیان لە هەڵبژاردندا ناڕازی بوون لە حیزبی دێموکرات، ئێستاش ڕێزیان بۆ ئێمە هەیەو ئەگەر لە کونگرەی داهاتوودا ئەوان توانیان دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەوکات ڕەنگە ئۆپۆزیسیۆنێکی‌تر یا باڵێکی‌تر لە ناو حیزبدا دروست ببێتەوە.

**پ: کەواتە بوونی چەندین باڵی جیا لە ناو یەك حیزبدا تۆ بە کارێکی ئیجابی دەزانی؟**

و: بەڵێ من بە شتێکی ئیجابی دەزانم.

**پ: ئەی لەوە ناترسیت ئەو پەرشوبڵاوییە لە ناو حیزبدا ڕەنگدانەوەی خراپی هەبێ بە سەر هەڵسووڕانی حیزب‌و دەستێوەردانی لایەنی‌تر بەوەی ئاگری دووبەرەکی لە نێو هاوڕێیانتاندا خۆش بکەنەوە؟**

و: نەخەیر من وای نابینم، ئەو گیانی ئۆپۆزیسیۆنەی لە ناو حیزبی دێموکراتدا هەیە ڕەنگە زۆر کەس نەیزانێ ، بەڵام هەندێکیان کە دەیزانن هەوڵدەدەن کە گەورەی بکەن‌و وەکوو کۆماری ئیسلامی کە باس لەوە دەکەن ئەوە سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆیاندا شەڕ دەکەن‌و خیلافاتیان هەیە،بە پێچەوانەوە من ئەو شتانە زۆر بە تەبیعی دەبینم و پێموایە درێژەپێدانی گیانی ئەو دێموکراتییە کە لەنێو کونگرەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبووە، ئەوەش سیاسەتی ئێمە بووە لە دەفتەری سیاسیدا و لە ساڵۆنی گشتیدا.

**پ: بەڵام هێندێ کەس باس لەوە دەکەن گوایە جەنابت باڵێکت لەناو حیزبدا هەیە؟**

و: ڕەنگە ئەو نێوەیان لێ‌نابێ، ئێمە پێش بەستنی کۆنگرە گرووهێك بووین لە ڕێبەرایەتی حیزبدا ئیعترازمان هەبوو لە شێوەی ئیدارەکردنی حیزب و لە کۆبوونەوە گشتییەکان و پلینۆمەکاندا قسەی خۆمان کرد و نەزەری خۆمان داوە، زۆرینەی هاوڕێیانی حیزب ئەو نەزەرەی ئێمەیان قبوولْ کردووەو دەنگیان بە ئێمە داوە، جا ئەو قسانە من کردبێتم یان برادەرێکی‌تری ناو گرووهەکە، ئەوە گرنگ نیە، ڕەنگە هەندێ کەس وا بڵێت کە ئەوە باڵی منە، لە واقیعدا من ئێستا هیچ باڵێکم نیە. چوونکە من سکرتێری حیزبم، خۆشم بە سکرتێری هەموو حیزب دەزانم، چ ئەوەی لە گەڵ من بووە یان موخالیفم بووە، ڕەنگە لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا دوو بیری جیاواز هەبێت، یەکێکیان ئەوانەن کە بە زۆرینەی دەنگ لە کۆنگرە بردیانەوە، ئەوەی تریش ئەوانە بن کە ناڕازی بوون. بەڵام هیچیان لەوانە باڵی من نین. من وەکوو سکرتێری حیزب هی هەموویانم، ڕەنگە پێش کۆنگرە هەوڵم دابێ ئاڵوگۆڕێك بە سەر حیزبدا بێت، بەڵام من ئێستا سکرتێری حیزبم.

**پ: حیزبەکەتان لە دامەزراندنیەوە قوربانییەکی زۆری داوە، ڕۆڵێکی گەورەشی هەبووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان تا ئەمڕۆ، تێکۆشەری زۆری وەکوو دوکتور قاسملووو شەرەفکەندی و هی تریش گیانیان لەو پێناوەدا بەخشیوە، تۆ لە بۆتەی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی ئێستا لە دونیادا ڕوو دەدەن، هەڵسەنگاندنت چییە بۆ داهاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆڵی کورد لەو گۆڕانکارییە ئیقلیمیەدا چۆن دەبینی؟**

و: بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەی ئێستا لە ئارادایە پێموایە خەڵکی ئێمە لە جاران باشتر چاوی کراوەتەوە، ئەو داوایەی حیزبی دێموکرات کە فیدراڵییەتە بۆ کوردستانی ئێران خەڵکی باشتر تێ دەگات ، لە لایەکی تریشەوە هۆکارەکانی دەرەکی کە یارمەتیدەرن بۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا بە قازانجی کورد لە هەموو بەشەکاندا دەڕوات، یەك لەوانەش کوردستانی ئێرانە، ئێستا زۆر لە ڕابردوو گەشبینترین بەوەی کە ئەو ویست‌و داخوازییانەی میللەتەکەمان بۆیان تێکۆشاوە بێنێتە دی، بەڵام ئەوەش مانای ئەوەنیە ئەو ویست‌و ئاواتانەمان بە ڕۆژێك‌و مانگێك‌و ساڵێك دێنە دی، ئێمە موبارزەیەکی دووردرێژمان لە پێشە، ئەگەر چی ئێستا ئاسۆیەکی ڕوونترە لەوەی ڕابردوومان.

**پ: جەنابت باسی فیدرالی دەکەیت، لێرەش لە کوردستانی عێراقدا، بزوتنەوەی ڕیفڕاندۆم داوای سەربەخۆیی دەکەن، بە لاتانەوە سەیرنیە لە کوردستانی ئێراقدا بزوتنەوەیەکی جەماوەری گەورەهەبێت داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان بکات، لە کاتێکدا ئێوە خاوەن یەکەم کۆماری کوردستان بوونە، ئێستا دەگەڕێنەوە سەر فیدرڕاڵی؟**

و: ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ من ناتوانم بڵێم لە کوردستانی ئێراندا کەسانێك نین حەز بە سەربەخۆیی نەکەن، تەنانەت لە کوردستانی ئێراندا هەندێ حیزب هەن سەربەخۆییخوازن. ئەوەی جەنابت دەفەرموویت داوایەکی ڕەوای میللەتی کوردە، مافی خۆمانە سەربەخۆ بین، شەهید قاسملوو قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: لە بەرامبەر ئەو هێرش‌و تەبلیغاتی جمهووریی ئیسلامیی ئێران کە دەیانکردە سەر حیزبی دیموکرات بەوەی جودایخوازە، دوکتور قاسملوو فەرمووی ئەگەر ڕۆژێك هەموو بەشەکانی کوردستان یەکبگرنەوە، ئەوە یەکگرتنەوەیە جودایيخوازانە نییە، ئێمە ئێستا جودا بوینەتەوە. جا بۆیە هەر کوردێك لە هەر بەشێکی کوردستانی دابەشکراودا ویستی یەك بگرێتەوە لە چوارچێوەی سەربە خۆییدا، ئەوە بە ویستێکی زۆر ڕەوایی دەزانم. بەڵام مەسەلە لێرە ئەوەیە ئایا ئێمەی کورد دەتوانیین بە هێزو بازوی خۆمان حکوومەتێکی یەکگرتووی لەو بابەتە پێك بهێنین، ئایا لە دنیادا هێزێکی وا کاریگەر هەیە کە بتوانێت یارمەتی میللەتی کورد بدات تا ئیستقلالی خۆی بە دەست بهێنێت. زاهیرەن نایبینین، بۆیە وەختێ دەچینە ناو سیاسەتەوە فەرق هەیە لە نێوان سیاسەتی واقیع بینانەو ویست‌و داخوازیی خەڵك کە دەچێتە ناو سیاسەتەوە دەبێت واقیع ببینیت، دەڵێن سیاسەت فەنی مومکینە، ئەگەر کورد لە کوردستانی عێراقدا بتوانێت سەربەخۆ بێت، توخوا مام جەلال‌و کاك مەسعوود دەچن ئەو هەموو شەڕو کێشەیە لە گەڵ عەرەبدا بکەن؟

**پ: بەڵام کاك مستەفا، کوردی عێراق تەجرەبەیەکی زۆر بەپیت‌و درێژی هەیە لە سیاسەتی بەڕێوەبردندا بە بڕواتان وا نیە؟**

و: بەڵێ ڕەنگە وابێت، بەڵام من گومانم لەوەش هەیە، من پێم وایە نە کاك مەسعوودو نە مام جەلال وا نین دڵیان لە خەڵکی‌تر کەمتر بسوتێت بۆ سەربەخۆبوون ، لەو برادەرانەی بزووتنەوەی ڕێفراندۆمیش کەمتر پەرۆشی سەربەخۆیی کورد بن. بەڵام ئەوان چوونکە هێزەکەی خۆیان دەبینین لە بەرامبەر هێزەکانی دەرەوەو ئیقلیمدا، دەبێت سیاسەتەکانییان واقیعیتر بێت لەوانیتر.



هەڵبەت مەبەستی سەرەکییش لە دامەزراندنی ئەو کاناڵە ئاسمانییە، ئەوەیە کە ببێتە پردێك لە نێوان ئێمەو کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ناوەوەی وڵاتدا، هەروەها دەمانهەوێت ببێتە مینبەرێك بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تا سیاسەتەکانی زیاتر بە گەلانی ئێران ئاشنا بکا،

لە سەر ئاستی ئۆپۆزسیۆن هەوڵمان داوە تواناکانی گرووپەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن یەك بخەین، ئەوەبوو توانیمان بەرەیەکی فراوان پێك بهێنین لە نوێنەرانی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و بەلووچەکان‌و ئازەرییەکان‌و ناومان نا ( کۆنگرەی فیدراسیۆنی گەلانی ئێران )، ئێستا ئەو کۆنگرەیە چالاکیی سیاسییانەو دیبلۆماسییانەی خۆی لە ئاستی دەرەوەدا بە جێ دەهێنێت،

## وردە سەرنج

مەسعوود بابایی

سەرنجی یازدەیەم

لێڕوانینی (رویکرد) ڕێزمانی

زمان کارگەیەکی گەورەیە. کارگەیەکی ئێجگار ئاڵۆز کە لەودا ئاستەکانی زمان پێکەوە کار دەکەن، بۆ ئەوەی کە مەبەستی سەرەکی کە هەمان پێوەندی Communication بێتە دی. بەڵام زمان تەنیا هۆکاری پێوەندی و لێك تێگەیشتن نیە، بەڵکوو لە ڕێگەی چەمکسازی formation concept، ئاماژەگەری Signification، باری واتایی Significance پێوەندییەکی دوو سەرە لەنێوان هزر و دیاردە / دیاردە و وشە و بە پێچەوانەوە دروست دەکا. هەرچەند هزر خولقێنەری زمانە بەڵام دواجار زمان دەبێتە دینامیزمی هزر، ئەم دینامیزمە هەمان چەمکسازییە کە لە بیاڤی زانستەکان دا رۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەیە. پی بەپێی پێشکەوتنی هزر زمان ئامادەی گۆڕان دەبێ و لەگەڵ داهێنانەکانی مرۆڤ دا وشەو چەمك و زاراوکان پێك دێت. کەوابوو گەشەی خێرای هزر کە پەیوەستە بە بیرکردنەوەی تاکی مرۆیی و تاکی مرۆڤی کۆمەڵایەتی گەشەی خێرای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە. هەموو ئەوانەش لەڕێگەی پرۆسەی پێوەندیکارییەوە دەبێت.

پێویستییەکانی ئێمە بۆ دەربڕین و دروست کردنی وشە و زاراوەی نوێ کە بارێکی سیمانتیکی و ئەپستمۆلۆژیکی تازەمان پێ ببەخشێ، هەردەم پەرۆشیی تاکی کۆمەڵایەتییە، ئەم پەرۆشییە لەپێناوی چییە؟ لە وەڵام دا دەبێ بڵێم کولتوور سازی و تەنانەت تواندنەوەی کولتووری (Cultural assimilation)ش لە ڕێگەی کارلێکی زمانییەوە دەبێ. هەروەها یەکپارچەیی کولتووری (Cultural integration) کە ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد زۆر پێویستمانە و کۆڵەکەی دروستبوونی شوناسی کولتووریمانە، لەڕێگەی کارکردن لە کارگەی زمانمان دێتە دی. ئێمە لە لێڕوانینی ڕێزمانیدا بۆ هەڵوەدای ئەم ئامانجەین؟ بەر لەوەی باس لە لێڕوانینی زمانی بکەین پێویستە باسێکی کورت لە ڕێزمان بکەین.

ڕێزمان دەتوانین بە یاسا و ڕێسای ریزبوونی کەرەستەکانی زمان لە ڕێرەوی خۆیدا کە ڕێرەوی رستەیە پێناسە بکەین. کەرەستەکانی زمان زۆرن هەر لە فۆن و فۆنیم تا رستە کە گەورەترین یەکەی واتاییە کەرەستەی زمانن. بەڵام کەرەستە سەرەکییەکانی ئەمانەن:

بکەر و بەرکار و کردار. زمانە ئارییەکان لەڕووی ریزبوونی کەرەستەکانی زمان زۆر نزیکن. رستە بەرزترین ئاستی زمانە کە زانستی رستەسازی یا سینتاکس لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە. ڕێرەوی رستەی زمانی کوردی بەم چەشنەیە:

بکەر ← بەرکار ← کردار — تۆ نانەکەت خوارد Ø

فارسی — تو غذایت را خوردی.

فاعل ← مفعول ← فعل

عربی — اَلبلبلُ فَوقَ الشَجَرة.

فاعل ← فعل ← مفعول

یا

فعل ← مضاف و مضاف الیه — وَ شَهَدَت الفترةَ الأخیرةَ.

ئەگەر سەیری ڕێرەوی رستە لە هەرسێ زمانەکەدا بکەین ڕێسای ریزبوونی کەرەستەکانی زمان دەبینین. رستە کوردی و فارسییەکە لێك نزیکن، بەڵام لە رووی شوێنی جێناوەکان جیاوازن، بەڵام هەردووکیان لە عەرەبییەکەوە دوورترن، چونکە دوو خێزانی زمانین و لەگەڵ خێزانی زمانی سامی کە عەرەبی یەکێك لە زمانە سامییەکانە، ناتەبان.

لێرەدا ڕێرەوی رستەمان بۆ روون بوویەوە و جیاوازییەکەمان بۆ دەرکەوت بەڵام لەنێو رستەکان دا بەتایبەتی کوردیو فارسی وێڕای نزیکیی زۆریان، هەندێ جیاوازی هەن کە خوێنەر رەنگە بە بچووکیان بزانێ، هەر ئەم جیاوازییە بچووکانە کە لە رستەکان دا هەن، ئەگەر لێیان ورد بینەوە جیاوازیی گەورەن و بوونەتە هۆی دروستبوونی دوو زمانی جیاواز. لایەنەکانی دیکەی لێڕوانینی ڕێزمانی لە سەرنجەکانی داهاتوودا باس دەکەین.

# ڕاچەنین

سامان کۆنەپۆشی

ئێرە یەکێك لەو شارانەیە کە لەکاتی شۆڕش دا چەندین جار کاول کراوە و تا ئێستاش لێرە هیچ دەنگۆیەك لە ئاوەدانکردنەوەی نەبووە و نیە. ئەمڕۆ ماتەم دایگرتووم و نامەوێ چیدی بینینی مندالە میزاوییەکان، پیرێژنە مورڕێسەکان و کچە چڵکنەکان و... لەمە زیاتر ماتەمبارم بکات. هەربۆیە سواری ماتۆڕەکەم دەبم و بەرەو دەرەوەی شار وەڕێ دەکەوم.

کە وردە وردە لە شار دوور دەکەومەوە، دنیایەکی دی باوەشم بۆ دەکاتەوە. دەشتێك لێوانلێو لە جوانیی سەرەتاکانی بەهار. جریوەی چۆلەکەو گڤەی با و خوڕەی رووبار و خشەی گەڵاکان، هەرکامە مۆسیقایەکی تایبەت دەژەنن، ئەوان هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نیە، نە کۆرسێکی مۆسیقا لە خۆیان ڕێکدەخەن و نە هیچی دیکە، بەڵام کاتێك دەنگیان تێکەڵ بەیەك دەبێت و نە بارنێك تەڕییەکی ئاسمانیان پێ دەبەخشێت، کاتی خولقاندنی مۆسیقایەکە، کە مرۆڤ لە خولقاندنیدا بەشدار نیە.

کە چاوم لە کۆمەڵە گوڵە سپییەکان کرد، پێکەوە لەیەك شوێن دا رووابوون و گۆشەیەکیان بۆ خۆیان تەرخان کردبوو، چیدی هاڕەی ماتۆڕەکم نەدەبیست، چاوم تەنیا ئەو گوڵە سپییانەی دەبینی و گوێم تەنیا لەو مۆسیقا بەهەشتیە بوو. هەرچەند بەم جیهانە پڕ لە جوانیە نامۆ بووم، چونکی لە هەموو ژیانم دا جگە لە تەقەی تفەنگ و دیمەنە ناشیرینەکانی شەڕ شتی دیکەم نەبینیبوو و لەگەڵیدا نەژیابووم، بەڵام بەسەر هەستی نامۆیی‌دا زاڵ بووم و بەتەواوەتی ڕۆ چوومە نێو جیهانێك، جیاواز لەو جیهانەی کە تا ئەمڕۆکە لەنێویدا ژیاوم.

من کە ساتە ناخۆشەکانی شەڕ کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەری لەسەر داناوم، لە ناوەخت دا ڕاچڵەکام، هاڕەی ماتۆڕەکەم هاتەوە، دەنگی شەیپووری شەڕم بیستەوە، دیمەنە دزێوەکانی شەڕم وەبیر هاتەوە... . لەنێو کۆمەڵە گوڵە سپیە سەرزیندووەکان دا گوڵێکی سووری دەم بە گریان و سیس بووم دەبینی، دەڵێی گوڵە سپیەکان نەیان دەهێشت ئەو لەوێ لەناویان دا بژی، هەربۆیە ئەویش خێراتر لە هەموو کات سیس ببوو و... .

بە بینینی ئەم دیمەنە هەموو ئەو جیهانە فانتازییەم کۆچی کرد، لە سەرەزەمینی جوانیەکان هاتمە دەرەوە و... دەستبەجێ بەرەو شار گەڕامەوە. سەر لەنوێ بۆ شار. شارێك بێجگە لە ناشیرینی شتێکی دیکەی تێدا نیە! سەرلەنوێ بۆنی زێراوەکان و پانتۆڵی میزاویی مندالەکان و ڕێگاوبانە قوڕاوییەکان....

هەروا کە بەنێو شەقامە پڕ چاڵ و چۆڵەکان دا لێدەخوڕم، بۆ یەکەمجار لە شتێك ڕامام کە تا ئێستا نەمدیتبوو. لەپشت هەموو ناشیرینەکانی ئەم شارەوە، لەولای کراسە ڕزیوە چڵکنەکەی، چاوێکی ڕەش و ڕوخسارێکی گەش خۆی حەشار داوە. ڕوخسارێك کە پتر لە ڕووخساری پەرییەکان نزیکە و... . چاوە ڕەشەکانی ئەم کیژۆڵەیە، هەرچەند بۆ ساتێکیش بووبێت، هاڕەی ماتۆڕەکەی لەبیر بردمەوە.

## بڵاوکراوەی نوێ

## کۆمەڵناسیی شەڕ




## یەکڕەنگی

هەرمان

کێوە، کێوە، بە بەردەکانیەوە، بە هەوراز و نشێویەوە
ڕدێنی، گژ و گیا
ئاسمان،ئاسمانە، بە ڕەنگەکانیەوە، بە شەوو رۆژیەوە
فرمێسکی زەریا
نەمن... منم و نە تۆ... تۆی، نە لە سیاسەت، نە لە
ئاشقی، نە لە....
ئەمەیە باسی مرۆڤ و دنیا
هەزاران سڵاو
.... لە ماسی بێدەنگ و پەپوولەی بی ڕیا

## عەشق

لە باران، شۆردنەوەم پی جوانە
لە هەتاو بەخشێنەر بوون
لە چڕ بوون، خۆف
لە تۆیش، دنە بۆ بزوێنەربوون
لە باران، لێڵ بوونم لا سەیرە
لە هەتاو خۆرئاوابوون
لە چڕ بوون، لێك ترازان
کە ڕۆ دەچم
لەم نێوەدا، تەنیا ئەشق ئەبینم و بەس

## کۆسپ

دژوارتر لە ڕچە شکاندنەوە، درێژەدان
دژوارتر لە درێژەدان، هەڵەشەیی و بەردەوامبوون
بەڵام... ڕێگە
چ بێ کۆتایین ڕێگەکان
کۆسپ بتهێڵێتەوە، ڕێگەت ئەگەنێ
گەرا ئەڕژێن لە مانەوەدا، گەڕانەوەکان
لە گەڕانەوەشدا هەناسەکانی سەرەتا دێتە گوێ
گەرا هەیکەلی شوومی پەشیمانییە
بەڵام کۆسپ
ئەتوانێ هاوڕێیەك بێت،
هاوڕێ!!

## بێ دوان



# هێمن، ئەوینو هزری کۆمەڵایەتی لە تاریكو روون دا

**بەشی دووهەم**

باوکی ئەختەر



هـەر لـە مـەکۆی ژیانـەوەی کوردستانەوە تـا کۆمـاری مـەهاباد وەك لاوێکی بەئەمەگو جێـی متمانـەو بـیرو بـاوەڕەوە وتـارو شـێعر لـە مەکۆکانـدا دەخوێنیێتەوەو یا لە رۆژنامەو گۆڤارەکـان دا بڵاویـان دەکاتـەوە ژیـانی شـاعیرو شۆڕشگێڕی ئەو مـیرە مەزنـە رەنگێکـی راسـتەقینەبە خۆیـەوە دەگـرێ. وێـڕای ژیانێکی پڕ لە هەورازو نشێو نـەیتوانیوە درۆ لەگەڵ هەستی خۆی بکاو نـەیتوانیوە لە پاراستنی دابونەریتی کوردەواری ، خۆ ببوێرێو پاشگەز بێتەوە. لە سەرانسـەری ژیانیدا ئەوینـداری گـەلو نیشـتمانەکەی بـووەو لـە نێـوەرۆکی شـێعرەکانیدا ئـەو ئەوینە بڵێسەی ئەسـتاندوەو لـە دەرونیـا ئاگری کردۆتەوە وەك لە شێعری " کـوردم ئـەمن" دا لەسـەرەتای ژیـانی لاوی لـە ویسـتی ئاسـایی لادەداو بـەو پـەڕی ئەوینداریو شانازییەوە گیانو ژیانی خۆی لـە رێگـای کۆمـەڵو بـۆ کۆمـەڵ بـەخت دەکاو دەڵێ:

**ئاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕ خاڵ نیم**
**عاشقی کێو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن**
**من لە زنجیرو تەنافو دارو بەند باکم نیە**
**لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کورم ئەمن**

لـە یەکـەم رێکخـراوی سیاسـی لـە کوردستانی ئێراندا کە دوای راکردنی رەزا شـا پێـك دێ، بەشـداری دەکـاو هـەموو هەستی راستەقینەی خۆی بۆ سـەرکەوتنی ئەو رێکخراوە بەکار دێنێو شەوو بـەیانو نیوەڕۆو عەسرو ئێوارەی بۆ تەرخان دەکا. بیروباوەڕو هەستی خـاوێنی دەبێتـە هـۆی ئەوە رۆژلەگەڵ رۆژ لە گـەلو کۆمەڵگـەی نزیك بێتـەوە. ئـەزموونو زانیارییـەکانی خۆی لە کۆمەڵەی ژێ-ك دا زیاتر دەکا لە گەڵ زانایانو گـەورەپیاوانی وەك شـەهید "قازی محەمەد بیرگۆڕینـەوەی دەبـێو لـە هـیچ کـاتو سـاتێکیش لـە بـیری سـەرکەوتنی گەلەکـەیو وەدەسـهێنانی ئـازادی جـوێ نابێتـەوە، لـە کوێسـتان گەرمێنو خەوو بێداری دا:

**لەشاهی‌دا لە کاتی هەڵپەڕینا**
**لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا**
**لەکۆڕی ماتەمو گریانو شینا**
**ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە**

تێدەکۆشـێ سـەرەڕای هـەموو گـیرو گرفتێـك و هـەوڵو تێکوشـانێك لـە چوارچـێوەی بـیری سیاسـیدا پـێ لـە جوانیـەکانی سروشـت نـەبڕێ. هـاودڵیو هاوزمانی خۆی لەگەڵ لادێ ناشـارێتەوەو بەهارە نەخشینەکەی لادێ ئاوا بە هەست دەڕازێنێتەوە یان بڵێین هەڵبەستەکەی ئاوا بەهاری نەخشین دەرازێنێتەوە:

**چ خۆشە کاڕو کۆڕی مەڕ،**
**چ خۆشە پڕمەکەی کەحلان**
**چ خۆشە فیتە فیتی شوان،**
**چ خۆشە ئۆحەکەی گاوان**
**چ خۆشە خرمەکەی خرخاڵوبازنو ژێر چەنەی کابان**
**چ خۆشە نەغمەکەی بلوێر،**
**چ خۆشە لاوك وحەیران**
**چ خۆشە دەنگی باللۆرەو**
**چ خۆشە هۆرەوەی جووتیار**

وێـڕای سروشـتی وڵاتـە جوانەکـەی تێدەکۆشێ پەرە بەزانستو بیروڕای گشتی بداتو هانیان بدا بـۆ سـەرکەوتنو بردنـە پێشـی کـاروانی پاشـکەوتووی نەتەوەکـەمانو گەییشـتن بـە گـەلانی پێشـکەوتووە، دواڕۆژێکـی روونـاكو خۆشیان بـۆ دێنێتـە بـەر چـاوو هـاواری تـەرەقی پێـدان بـە عـیلمو سـەنعەت بەرزدەکاتـەوەو لـە یادگـاری شـیریندا چ جوان تانووت لە کیژی بێخەیاڵ دەداو لـە خـەوی بـێ خـەیاڵ دا رایدەپـەڕێنیو دەرمـانی دەردی نەتەوەکـەی لـە پێشکەوتنی عیلمو خوێنـدن دا دەبینـێو پێی دەڵێ:

کیژی خەڵکی بۆمبی ئاتۆمی دروست کـرد ئـەتۆش هـەردەزانی نـاوی ئەستێوێڵكو دەرخۆنەو پنە

فێری زانسـت و هونـەر بـوو ئـەو لـە سایەی خوێندنێ تـۆش تەشیمان بـۆ دەڕێسی یادگاری شیرینە

دەرکە بشـکێنە پەچـە بدڕێنـە راکـە مەدرەسـە چـاری دەردی کـوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە .

هەسـتی ئـەوینی ئـەو شـاعیرە ئازادیخوازە، هەدادانی پـێ نـاداو لەگـەڵ چۆڵو چیاو باغو شیناوەرد تێکەڵ دەبـێو لە ئاوازی باڵندان تێدەگاو ئـاوازی خـۆی لەگەڵ نەغمەکەی بولبول تێکەڵ دەکا.

چ شتێك لە هونەر نابوێرێو بە جوانی لە نەورۆزی رزگاریدا دەیخاتـە بـەر چـاوو دەڵێ:

**بەسۆزی بای بەیان لێوی کردەوە خونچەیی خەندان**
**لەسەر چڵ بولبولی شەیدا لە خۆشی گوڵ دەڵێ بەندان**
**بە جێهات ئارەزوی لاوانو گەرمە کۆڕی گۆوەندان**
**رەفێقان رۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نەورۆزە**
**بە دڵ لێتان دەکەم لەو رۆژەدا من جێژنە پیرۆزە.**

لـە بلـوێری شـواندا بەشـێك لـە دابونـەریتی کـوردەواری لـە هەسـتیدا دەبوژێتەوەو خۆزگە بە ژینی ئـەو شـوانە دەخوازێ کە چـۆن دەتوانـێ ئـەو هـەموو هەسـتو کـوڵی دڵـی خـۆی لـە لوولـەی بلوێرەکەیدا دەربـڕێو سـوکنایی بێتـەوە، ئەویش لە شوینەواری بەرزی ژینیدا دەڵێ:

**وەرە شوانە هەموو شەوێ**
**نیوە شەوێ کاتی خەوێ**
**لە سەر ترۆپکی ئەو کێوە**
**پەنجە لە بلوێر ببزێوە**
**با کێوەکە دەنگ داتەوە**
**شاعیرش خەو بیباتەوە.**

لەگەڵ روخانی کۆماری کوردستان بە دەسـتی رێـژێمی پاشـایەتی، کۆشـکی ئاواتی تێك ڕوخان زەبرێکی لێ دەوەشـێ، بـەڵام هەسـتی نابـەزێو بـیری بـەرزی نەتەوایەتی شل نابێتـەوەو هیـوا بـە دوا رۆژێکـی رونـاكو پشـت بـە کۆمـەڵ دەبەستێو وە جموجۆڵ دەکەوێو هەدادانی لـێ هەڵـدەگرێو بـە شـانو شـەوکەتی نەتەوەکەی دەنازێ. چۆن تـا ئێسـتا رۆژی روونی وەسف دەکردن، رۆژگـاری رەشـیش دێنێتە بەرچاو، بەڵام هەروا بەخەڵك پشت ئەستورە. بۆیە دەڵیگەلی کورد:

**بەکارو توندو تۆڵە**
**خۆی ساز دەکا بۆ تۆڵە**
**ورد دەکا وەك پڕپۆڵە**
**تاج وتەختی ئەو زۆڵە**

لەهـەرە رۆژە ئەسـتەمەکانی ژیانیـدا بیری مرۆڤدۆستی لە سەری دەرناچێو پاڵ وەخەڵکی دەداو بۆ دەرباز کردنی برسـیو تینووی وڵاتەکەی لە مـردن تێدەکۆشـێو وەکوو شـەم بۆڕونـاك کردنـەوەی رێگـای تـاریکی ژیانیمرۆڤایـەتی ، خـۆی دەسوتێنێ:

**خۆم دەسوتێنم هەتا بەزمی خەڵك رۆشن بکەم**
**کێ وەکوو شاعیر دەسوتێ لە رێی خەڵکا شەم نەبێ**

هـەموو دەربـەدەریو تێکشـکانو دڵشکانو برینـدار بـوونی هەسـتی لاویو زاڵبوونی دێوی ستەم نـەیتوانیوە کـار لـە هەسـتی شـاعیرانەی بکاوتێدەکۆشـێ زمانی کوردیو سـاکاری ئـەو زمانـە بـۆ پەرەپێدان بە دامەزراندنی بیروڕای نوێ لە نێو خەڵکیدا جێ بکاتـەوەو دیسـان بـۆ ئەو مەبەستە رودەکاتە سروشتو هەست بە ئەرکی گـەورەی پارێزگـاری لـەو ئـاوو خاکە کە لە ئامانجە هەرە بەرزەکانیبوو، دەکا.

---

# وەرگێڕان لە روانگەی پۆپێرەوە ٢-٢

## (کاریگەریی وەرگێڕان لە سەر پێکهاتنی ئۆستوورە)

ن: کارل پوپێر

و: سمایل زارعی

لە هەمان کاتدا ئەم ئەزموونانە ئـەو خاڵـەیان بـە بیرمـدا هێنـا کـە لـە رووبەڕووبوونـەوەی کـەلتووریدا ئەگـەر یەکێك لەو دوو کەلتوورە رکەبـەرە خـۆی وەك زاڵ و دەسـەڵاتداری جیهـانی دانـێ بەشـێکی گـەورە لـە بـەهاو بایـەخی پۆزەتیڤی ئەم رووبەڕووبوونەوەیە لـە نێـو دەچـێ. ئەگـەر کـەلتووری دووهـەمیش بۆچوونێکی ئـەوتۆی لـە سـەر کـەلتووری یەکەم هەبێ، ئەم بەرەنجامە نالـەبارە پـتر بـە هێـز دەبێـت. ئـەم جـۆرە وێناکردنـە دەتوانـــێ گـــەورەترین بایـــەخی رووبەڕووبوونەوەی کەلتووری لە نێو ببات، چـــونکە گـــەورەترین بـــەهای رووبەڕووبوونەوەی کەلتووری لەوەدایە کـە رووانگـەی رەخنەگرانـە هانبـدات. بـە شێوەیەکی روونتر، ئەگەر یەکێك لـەو دوو کەلتوورە رکەبەرە بـەو بەرەنجامـە بگـات کـە لـە کـەلتووری بەرامبـەر نـزمتر و کەمترە، ئەو کات روانگەی هەوڵ دان بـۆ فێربوون لە دەرەوە، جێی خۆی بە جۆرێـك وەرگـرتن و قـەبووڵ کردنـی کوێرکوێرانـە دەدەات: خزێنێکـی کوێرکوێرانـە بـۆ نـاو بازنەی ئەفسوونی، یا جۆرێك گـۆڕانی بـە تەواو مانای بیرو باوەڕەکان، بەو شـێوەیە کـە زۆرتـر لـە لایـەن فەیلەسـووفانی فێدئیێست(٥) و ئێگیزیستانسیالەوە وێنـا دەکرێ.

مـن پـێم وایـە هەرچـەندە رێـژەیی ئەنتۆلۆژیکی بە لەمپەرو بەربەستێکی بێ ژانەسەر و سانا و سـاکار لـە سـەر رێگـا دەژمێردرێ، دەتوانێ بایـەخێکی یـەکجار زۆری لـە نـاو پرسـی رووبەڕووبوونـەوەی کەلتووریدا هـەبێت ئەگـەر بتـوانرێ بـە سەریدا زاڵ ببی، بـەڵام نـەك بـە جۆرێـك پەڕین و چوونە ناو هەرێمی نەناسـراوەوە، بـەڵکو بـە (گـەڕان لـەم هەرێمـەدا) بـە ئارامی و لە سەرەخۆییەوە. چـونکە ئـەو شتە بەو واتایەیە کـە ئـەو کەسانەی لـە رووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆدا بەشدارییان کـردووە وێدەچـێ بتـوانن خۆیـان لـە بیرۆکەگەلی دۆگم کـە لێـی ئاگـادار نـین رزگار بکەن — لـە تیۆریگـەلێك کـە بـە شێوەیەکی بەرهەستانە و بـێ ئاگادارانـە راسـتی و دروسـتیان قـەبوولکردوون، تیۆری گەلێك کە وێدەچێ، بـۆ وێنـە، لـە نـاو سـتراکتۆری زمانیدا گونجـاو بـن. وێدەچـێ ئـەم ئازادییـە ئـەنجامی رەخنەگرییـەك بێـت کـە بـە هـۆی رووبەڕووبوونەوەی کەلتووری، هەوێنەکەی بەرهەم هاتبێ.

لـەم کاتانـەدا چ رووداوێـك روودەدات؟ ئێمـە زمـانی تـازە لـە گـەڵ زمـانی خۆمـان، یـا زمانـەکانیتر هەڵدەسـەنگێنین کـە دەیـانزانین و لـە بەرانبـەر یەکتریـدا دایـان دەنـێین. لـە موتـاڵاو خوێندنـەوەی بـەراوردکاری زمانەکانـدا زۆرجـار ئێمـە، وەك بـان — زمانێـك(٦) کـەڵك لـە زمـانی خۆمـاڵی وەردەگرین. یـان — زمـان زمانێکـە کـە ئێمە لەوێدا باس لە گەلێك زمان دەکـەین کـە لـە بـەر لێکۆڵینـەوەدان و لـە گـەڵ یەکتری بەراوردیان دەکەین. ئەو زمانانەی کە لێکۆڵینەوەیان دەربارە دەکەین ناویـان زمانی بابەتی یا تـەن — زمانـە(٧). لـە کـاتی ئـەو تۆژینەوەیـەدا کـە ئامـاژەی پێکـرا، ئێمـە ناچـارین بـە شـێوەیەکی رەخنەگرانە لە زمانێك بڕوانین کـە قسـەی پێ دەکەین، بۆ وێنـە زمـانی کـوردی(یـا فارسـی)(٨). وەکـو کۆمـەڵێك رێسـا و ئەرك لەم زمانە دەڕوانین کە وێدەچێ کـەم و زۆر بەستراوە بـن، چونکە نـاتوانین بـە شێوەیەکی کـامڵ هـەموو ئـەو شـتانەی زمانەکانی دی بوونیان دەسـەلمێنن، وێنـا بکەن. بەڵام ئەو وێنایە لە بەسـتراوبوون و پاوەنـدەی زمـانی کـوردی ( لـە دەقـی فارسیدا نووسـراوە فارسـی بۆیـە منـیش کردم بە کوردی. وەرگێڕی کـورد.) وەکـو زمـانێکی بابـەتی یـا تـەن — زمـان لـە زمانی کوردیدا وەکو بان — زمانێـك بـە ئەنجام دەگات. بەم شێوەیە ئیمە لە کـاتی ئەو خوێندنـەوە بەراوردکارییانـەدا ناچـار دەبین لـەو بەسـتراوەییانەی کـە سـەرقاڵی لێکۆڵینەوەیانن بانتر بچین. سەیر لەوەدایە کە لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبین. ئامرازی سـنوور بەزانـدنی (بـانتر چـوون) زمـانی خۆمان رەخنەگرتنە.

خـودی ڤـۆرف و هێنـدێك لـە پێڕەوەکانی، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئێمە لە جۆرێك زیندانی فیکریدا دەژین. زیندانێك کە بە هۆی سـتراکتۆری رێسـای زمانێـك پێکهـاتووە کـە ئاخـاڤتنی پـێ دەکـەین. مـن ئامـادەم ئـەم میتـافۆرە قەبووڵ بکەم، هەرچەندە دەبێ ئەم خاڵـەی پێوە زیاد بکەم کە ئەوە زیندانێکی سـەیر و سـەمەرەیە، چـونکە زۆربـەی کاتـەکان ئێمە لێی ئاگادار نین. وێدەچـێ ئێمـە لـە رێگای رووبەڕووبوونـەوەی کەلتوورییـەوە لێی ئاگادار ببینەوە. بـەڵام ئـەم چەشـنە ئاگادار بوونـە، راسـت هـەمان ئاگـایی و زانیارییە کە ئیزنی هـەڵاتن لـە زینـدانمان پـێ دەدا ئەگـەر هـەوڵی تـەواو بـدەین، دەتـوانین لـە رەهەنـدی خوێندنـەوەی زمانێکی تازەوە و بەراوردکردنی لە گـەڵ زمـانی خۆمـان، لـە زینـدانی زمانێـك بچینەدەر کە قسەی پێدەکەین.

راستە دوایین بـەرەنجام بریتییـە لـە بوونی زیندانێکی دی. بـەڵام بـە چەندین پلـە ئـەم زیندانـە گـەورەتر و بـەربڵاوتر دەبـێ. لـە گـەڵ ئەوەشـدا، ئێمـە لـە چوارچێوەی ئەودا هەسـت بـە دیلبـوون و زەحمـەت ناکـەین، بـۆ تۆژینـەوەی رەخنەگرانـەی دەسـتمان ئاوەڵایـە و ئـازادین، و هـەر بۆیـە جـارێکیتر لـەم زیندانەوە پێ بنێینە زیندانێکی بەرینتر و مەزنترەوە.

ئەو بەندیخانانـەی کـە باسـیان کـرا هـەمان چوارچـێوەگەلن. ئەوانـەی کـە زیندان قەبووڵ ناکـەن دژ بـە ئۆسـتوورەی چوارچێوەن. ئەوانە باش لـە دیـالۆگ لـە گەڵ بەردەنگێك کە لە دنیایەکی دی، لـە چوارچـێوەیەکی دیکـەوە هـاتووە رەتدەکەنەوە. چونکە ئەم شتە دەرەتـانی ئەوەیان پێ دەدات کە ئـەو زنجیرانـەی تـا ئەو کات هەستیان بە بوونیـان نـەکردبوو بدۆزنـەوە، ئـەم زنجیرانـە بپسـێنن، و بەمشـێوەیە لـە هەڵکـەوتوویی و دۆخـی هەنووکەیی بانتر و سەرووتر بچـن. بـەڵام ئەوە روونە کە ئەم شـێوە چوونەدەرە لـە زیندان شـتێك نییـە کـە بـە شـێوەیەکی ئاسایی و بێ هیچ هۆیـەك روودات(٩): ئەم ئەنجامە تەنیا لـە رێگـای هـەوڵێکی رەخنەگرانەو داهێنەرانەوە وەدەست دێ.



* تێبینی: ئەم بابەتە بەشـێکی زۆر کورتە لە کتێبێکی کارڵ پـۆپێر بـە نـاوی "*ئۆستوورەی چوارچێوە*" کـە لـە لایـەن وەرگێـڕی ئـەم بابەتـەوە وەرگێـڕدراوە و بەمزووانـە لـە لایـەن دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەمەوە دەکەوێتە بەردەسـتی خوێنەرانی هێژای کورد. و.

** لەو شوێنەی کە ناوی کوردی یا خود هەر ناوی زمانی کوردی هاتووە، لـە دەقی فارسیشدا باس لـە زمـانی فارسـی کراوە کە منیش وام پێباش بـوو ناوەکـان بکەمە کوردی.

١).
Benjaminn Lee Whorf, Language, Thought and Reality, edited by john B. Carrol, MIT press Combridge, .Mass., 1956

٢). Hopi

٣). هاوتاکانی دەقـی رەسـەن بـەم شێوەیەن:
“Fred began chopping wood”, and “Fred began to chop wood”.

٤).مـن تـەواو لـە گـەڵ رەخنـەی کواین لە تیۆری "موزە" (ئەنتیکەخانـە) یـان (بـاخی ئـاژەڵان) لەمـەڕ بـە واتـای وشەکان هاودەنگ و هاوڕام. ئەم تیۆرییـە لە سەر ئەوەیە کە جیهان مووزەخانەیەکە لەوێـدا شمـەك، لـە گـەڵ دەستنووسـی شیکردنەوە لە ژێر هەر کامێکدا بۆ نمایش و نواندن دانـراون. ئـەم تـەن و شمەکانـە، ئـەوە هەیـە کـە مووزەگـەلی جۆراوجـۆر هەبن و پێوەندی نێوەرۆکی هەر تەنێك کە بـۆ نمـایش دانـراوە رەنگـە پێوەنـدی بـە مێـژووەوە هـەبێ — بـۆ وێنـە، بـە پرسـگەلێك کـە [لـە پێوەنـدی لـە گـەڵ ئەودا] هاتوونەتە بەرباس. من هـەر بـەم رادەیە لە بەرامبەر هەر جۆرە تیۆرییەکی پۆزەتیڤیستی بـە مـۆڕاڵ خوازانـی پێوەندیـدار بـە واتـاوە، روانگەیـەکی رەخنەگرانەم هەیە. بە بڕوای من وەرگێڕان جۆرێك شێوەی گومان و پووچەڵکردنەوەیە — گومـان کـردن لـە پرسـەکانی بێـژەری زمانـەکانیتر و ئاسـتی مەعریفـەیی پێشینیان. بە بڕوای من یەکەمین زمان یا دووهەمین زمان بەم شـێوەیە فێردەکـرێ. وێدەچێ بینین و ئاکـار پـرس [بـۆ ئێمـە] بخـولقێنین و وێدەچـێ لـە رەهەنـدی پووچەڵکردنەوە یارمەتی بە [تێگەیشتنی باشـتری ئێمـە] بـدەن. (بڕوانـە پـاژی حەوتەمی کتێبی خۆم بە ناوی تۆژینەوەی کۆتاییـنەهاتوو Unended Quest.

٥). Fideism تیۆرییەکـە لـە سەر ئەوە کە باوەڕی ئایینی لە سەر بـڕوا و باوەڕ راوەستاوە نـەك لـە سـەر هێـزی سەلماندن، یان هۆگەلی عەقڵانی. بە بڕوای فێدیسـتەکان نـاتوانرێ بانگەشـە بنەڕەتییەکانی ئایین بە شێوەگەلێك کە بە شێوەی وتن و دەربـڕین بـن بکەونـە بـەر رەخنە و لێکۆڵینەوەو بسەلمێندرێن و دەبێ لەم کاتانـەدا پشـت بـە بـاوەڕ و ئیمـانی قووڵایی ئایینی ببەسترێ و لـەم رەوتـەدا هومێدمان بە زانایی خواوەند بێ. یەکێك لە توونڕەوانەترین شێوەکانی فێدیسم بـە هۆی کـی یەکـەگارد (١٨١٣ — ١٨٥٥) فەیلەسـووفی دانیمـارکی و یـەکێك لـە بەرچـاوترین نوێنـەرانی ئێگزیستانیسالیسـمی ئایینییـەوە، خرایـەڕوو. کییەرکـەگارد لـە سـەر ئـەو بـاوەڕە بـوو کـە هێنـدێك هیـوای مەسیحییەت، لە روانگەی عەقڵییەوە بـە تەواوی ناماقووڵ و تەنانەت پێکنـاکۆك و دژ بە یەکن و تەنیا بە جۆرێـك بـاوەڕ لـە ناخی دڵەوە دەکرێ باوەڕیان پێ بهێندرێ.

٦). Meta – language

٧). Object – language

٨). لە زۆربەی ئەو شـوێنانەدا کـە وەرگێـڕی فـارس نـاوی زمـانی فارسـی منـیش نـاوی زمـانی کـوردیم هێنـاوە. وەرگێڕی کورد.

٩). بڕوانە لاپەڕەی ٢٣٢ لە بابەتی تامس کۆهن بەم ناونیشانە:
Thomas Kuhn, “Reflections on my Critics”, in Citcim and the Growth of Koowledge, edited by I. Lakatos and A. Musgrave, Cambridge University press, London, 1970, pp. 231 –780

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن

edeb_huner@yahoo.com

# ڕوومایەك لە منداڵانی ئێرانو جیهان (بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە)

*عەلی بداغی*

سەرەڕای هەموو هەوڵی ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤو منداڵپارێزەکان، بەڵام منداڵان هەمیسان لە قوربانیانی سەرەکیی دیاردە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانن.

هەژاری، بێخۆراکیو بەدخۆراکی، شەڕ، ساتوسەودای بازرگانی، جیاوازیدانانو نەخوێندەواری بارودۆخی منداڵانی نالەبارو دڵتەزێنو هەروەها داهاتوویانی لێڵو نادیار کردوە.

باندۆری ئەم دیاردانە لە سەر منداڵان تایبەت بە ناوچەیەکی جیهان نین، بەڵکوو ئەم دیاردانە وەك خەسارێکی گشتی لە هەموو شوێنێکی جیهان دیارو بەرچاونو منداڵان دەهاڕنو قوتیان دەدەن. ئاسایش، ئەمنییەت، ژیانی خۆشو بێقرمەوقاڵ، مافی هەموو منداڵێکە کە زۆربەی زۆری منداڵانی جیهان لێی بێبەشن. چەوساندنەوە، وەبەرکارنان، ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، بازرگانیی پۆرنۆگرافیو سزادانی منداڵان بەشێك لەو ڕەفتارە چەوتو ناشیرینانەن کە ئەگەرچی لە جێدا مەحکوومن، بەڵام هەروا بەردەوام لەسەر منداڵان بەڕێوە دەچن.

بە پێی لێکدانەوەی یونیسێف تەرخانکردنی ٤٠ تا ٧٠ میلیارد دۆلار لە ساڵدا، ڕادەی مردنو گیان لەدەستدانی منداڵان تا ئاستێکی زۆر نزم دادەبەزێنێو بۆ هەموو منداڵانی جیهان ئیمکاناتی وەك قوتابخانەو بێهداشت دەستەبەر دەکا، بەڵام دەوڵەتەکان خۆیان لێدەبوێرنو ئەوەش لە حاڵێك دایە کە بوودجەی نیزامیی وڵاتانی جیهان لە ٩٦٥ میلیارد دۆلار لە ساڵدا سەر دەکا.

هەر ئێستا ٦٤٠ میلیون منداڵ لە جیهاندا بێپەناو بێ شوێنی حاوانەوەنو یەك میلیارد منداڵ لە هەژاریدا دەژین. لە سۆنگەی شەڕی دەوڵەتان پێکەوەو هەروەها شەڕەنێوخۆییەکان لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە ٢ میلیۆن منداڵ گیانیان لەدەست داوە. لە ساڵدا زیاتر لە ٢٠ هەزار منداڵ هەر بە تەقینەوەی مین گیانیان لەدەست دەدەنو چوارئەوەندەش نقوستانو کەمئەندام دەبن.

هەژاریی لە ڕادەبەدەری وڵاتانی گەشە نەسەندوو، بۆتە هۆی ئەوەی کە ٣٥٢ میلیون منداڵو مێر منداڵی ٥ تا ١٦ ساڵ وەبەر کار بنرێنو لەشی شلكو ناسکیان لە ژێر زەختی کاری تاقەت پڕووکێندا بپرووکێنەوەو تووشی ژاکان بن. ئەو منداڵانە کە دەسکورتیی بنەماڵەکانیان ڕەکێشی کارگەو کارخانەکانیان دەکا، حەقدەستەکانیان زۆر کەم، ماوەی کاریان زۆرو هێندێ جار تا ١٦ سەعات لە ڕۆژدایەو لە شوێنی کاریشدا ڕێوشوێنی پاراستنیان بۆ ڕەچاو ناکرێ.

لە تەنیشت ئەوەی لە ساڵدا ٥ میلیونو ٦٠٠ هەزار منداڵ بە هۆی بەدخۆراکییەوە گیانیان لەدەست دەدەن، بازرگانی بە جەستەی منداڵان وەك سەرچاوەی داهاتێکی خەیاڵی لەلایەن مافیاکانەوە لەپەرەسەندن دایە. زۆربەی زۆری قوربانییانی بازرگانیی سێکسی هەڵگرو پەرەپێدەری ڤایرۆسی HIV، نەخۆشیی ئەیدزن.

بارودۆخی منداڵان لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی نالەبارو شپرزەتر لەوەیە کە بتوانن لەو کورتە نووسینەدا لێی بدوێین. ڕێژیمی ئیسلامی بە پشت بەستن بەو پێش مەرجەی ئەندامەتیی لە کۆنوانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان هەموو پێشێلکارییەکی مافی منداڵانی لە ئێراندا یاسایی کردوە.

منداڵانی سەرشەقام، منداڵانی کار، منداڵانی ناوانباری! بەندکراو لە گرتووخانە!، پەرەسەندنی ئیعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان لە نێو منداڵان، سزادانی منداڵو تەنانەت ئیعدامی منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ ڕوومایەك لە منداڵانو بارودۆخی ئەوان لە ئێران دایە.

ئەگەر لە هێندێك وڵاتاندا نەبوونی قانوونی داکۆکی لە مافی منداڵ یا کەموکورتیی قانوونو جێبەجێ نەکردنی یاسا پێشێلکاریی مافی منداڵانی لێبکەوێتەوە، بەڵام بەڵام لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی ئیسلامیدا ئەوە خودی قانوونو پەسندکراوەکانی ڕێژیمن کە دۆزەخیان بۆ منداڵان دروست کردوە.



ڕوانگەکان بۆ منداڵانو ڕۆڵو پێگەیان لە ئەوڕۆو سبەی کۆمەڵگادا لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە سەردەمیانە نین، تا ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بین لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا ڕێز لە منداڵو مافەکانی بگیردرێ، هەر لەجێدا ڕێژیمێك کە پێشێلکەری مافی مرۆڤەو پێخۆستکردنو زەوتی ئازادیو مافەکانی مرۆڤ پێناسەی ئەو ڕێژیمەنو ساڵ نیە کە لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤەوە مەحکووم نەکرێ، ناکرێ لە وەها ڕێژیمێك ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێ کە ڕێز لە منداڵان بگرێو بە چاوی هیواو بە پەرۆشەوە بڕواننە داهاتووو ڕۆڵی ئەوان لە سبەی داوارۆژی کۆمەڵگاو بیر لە پاشەڕۆژی ڕوونی ئەوانو ئەو کۆمەڵگایە بکاتەوە کە ئەوان چێی دەکەن.

بارودۆخی منداڵانی کوردی بندەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە نیسبەت منداڵانی ئێران نالەبارترو دڵتەزێنترە. ئێستا هەواڵی تەقینەوەی مینو گیان لەدەستدانی منداڵانی کورد بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان بۆتە شتێکی ئاساییو چیدی مووچڕك بە لەشدا ناهێنێ. منداڵانی کورد ڕاهاتوون کە دەبێ کار بکەن، کۆڵبەری بکەن، بۆ یارمەتیی باوکانیان لە پەیداکردنی بژیوی ڕۆژانەدا ئارەق بڕێژن، لەشی ناسكو شلکیان لە کوورەخانەکان، کارگەکان، باخو مەزراکان لە ژێر زەختی کاری قورسدا بهاڕدرێ یان دەنا لەسەر دارتەونەکان خەونو خولیاکان لەگەڵ تانو پۆی فەڕشی بەردەستیان گرێ بدەن.

منداڵانی کورد بە خەمو ئازاری جیاوازیدانانو زوڵمو زۆر فرچك دەگرنو هەر لە منداڵیدا گەورە دەبنو باری قورسی خەمی نەتەوەکەیان لەکۆڵ دەنێن.

منداڵی، کە دنیایەکی تەژی لە گەشەو نەشەیەو پڕە لە جوانیو ناسکی لە لای منداڵانی کورد نامۆیەو نایناسن. بزەو خەندە لە ڕوخساری منداڵی کورددا قاتە، بە کلتوورێکی نامۆ پەروەردە دەکرێن، مێشکیان بە شتی پڕوپووچی ئایدۆلۆژیکی دەئاخنن، منداڵییان لێدەستێننو لە خۆشیو گەشیو ناسکی ئەو قۆناخەی تەنیا جارێك ئەزموون دەکرێ، بێبەش دەکرێن.

ئەگەرچی هەوڵی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی منداڵپارێزیو لەسەرو هەموویانەوە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو یونیسێف لە بەرنامەی "هەزارەی سێهەم"دا بنبڕکردنی هەژاریو کاریگەرییەکانی لە سەر منداڵانو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو دیاردانەی شوێنی خراپیان لە سەر منداڵان هەیە، چڕتر بۆتەوەو تەنانەت خشتەی زەمانییان بۆ داناوە، بەڵام مادام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ناسنامە ناسراوەکەی درێژە بە تەمەنی خۆی بدا، ئاسۆی گۆڕانێکی ئەوتۆ بە قازانجی منداڵانو داهاتووی ئەوان بەدی ناکرێ.

ئامارەکان لە سندووقی نێونەتەوەیی منداڵان، یونیسێف وەرگیراوە.

# کاریکاتۆرێك کە پێشاندەری سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمە

*محەممەد جەمیل کولاهی*

ڕۆژی هەینی ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٥، "ئێران"، ڕۆژنامەی هەواڵدەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بابەتو کاریکاتۆرێکی لەژێر ناوی "شێوەی قەلاچۆ کردنی سووسك"دا بڵاو کردەوە. لە بابەتەکەدا، هەوڵ دراوە ئەوە بسەلمێندرێ کە سووسکەکان گیان لەبەرگەلێکی پیسن کە لە زمانی مرۆڤ تێناگەن. بە شێوەیەکیش ئەو سناریویەیان داڕشتوە کە مەبەست لە سووسکەکان، نەتەوەی تورکە، چوونکە لەو کاریکاتۆرەدا سووسکەکان بە زمانی تورکی ئاخاوتن دەکەن. ئەم کردەوەیەش شەپۆلێکی توندی نارەزایەتیی لێ کەوتۆتەوەو خەریکە سەرجەم ناوچە ئازەریشینەکانی ئێران دەگرێتەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بە چ مەبەستێك لە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەتیدا، ئاوەها سووکایەتییەك بە یەکێك لە نەتەوەکانی ئێران دەکرێ؟!

ئەوەی کە لە ڕۆژنامەی "ئێران"دا بڵاو کراوەتەوە، نەتەنیا سیاسەتێکی نوێ نیە، بەڵکوو پلانێکی لەپێشدا داڕێژراو و بە بەرنامەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی پەهلەوییەوە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە، هاتۆتە ئاراوە. بۆیە بڵاوکردنەوەی ئاوەها بابەتو کاریکاتۆرگەلێك بەشێکە لە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمەکانی ئێران!!. لە بەشێك لەو بابەتەدا هاتوە کە دەڵێ "ڕێزمانی سووسکی ئەوەندە دژوارە کە ٨٠٪ی خودی سووسکەکانیش لێی تێناگەنو پێیان خۆشە کە بە زمانەکانی دیکە ئاخاوتن بکەن..."

ئەمە لەو سیاسەتەی دەوڵەتی ناوەندییەوە سەرچاوە دەگرێ کە تورك بوون، کوردبوون، عەرەب بوونو بەلووچ بوونو... بە شتێکی سووك لەقەڵەم دەداو لە هەمان کاتدا فارس بوون بە شانازیو فارسی بە زمانێکی سەرانسەری دادەنێو دەڵێ زمانێکە کە هەموان لێی تێدەگەن. بەڵام تورکی، کوردی، عەرەبیو بەلووچیو... زمانگەلێکن کە تەنانەت خودی ئەو نەتەوانەش لێیان تێناگەن! ڕێژیم بە گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە دەیەوێ بە سووك کردنی زمانو فەرهەنگی ئەو نەتەوانە وا بکا کە ئەو نەتەوانە لە فەرهەنگی خۆیان پشت هەڵکەنو فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست قبووڵ بکەنو زمانی فارسی جێنشینی زمانی خۆیان بکەن.

لە بەشێکی دیکەی بابەتەکەدا هاتوە کە دەڵێ: "بەر لەوەی کە دەمپایی هەڵبگرینو خوێنڕێژی بکەین، خراپ نیە کە لە شێوەیەکی بنەڕەتیتر وەك برینی سەرچاوەی خواردەمەنی کەڵك وەربگرین...". مەبەستی ڕێژیم لێرەدا هەڕەشەی شەڕو سەرکوتو گەمارۆی ئابووری بۆ سەر نەتەوەکانە. هەروەك چۆن لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە دیتمان کە چۆن ئەو سیاسەتەی لە کوردستان جێبەجێ کرد. بۆیە ئەگەر بەوردی سەیری ئەو کاریکاتۆرو بابەتە بکەین. بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژیم بەرواڵەت دوو شێوەو سیاسەتی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەتەوەکانی ئێراندا هێناوەتە ئاراوە.

١ـ دیالوگ:

دیارە مەبەستی ڕێژیم ئەوەیە کە کەشێکی وا بخولقێنێ کە ئەو نەتەوانە دەست لە زمانو دابونەریتی خۆیان هەڵگرنو لەنێو نەتەوەی باڵادەست دا بتوێنەوە کە ئەم شێوەیە بۆ ڕێژیمئەگەر بگونجێ باشترینو کەم نرخترین شێوەیە.

٢ـ گەمارۆی ئابووریو توندوتیژی:

مەبەستی ڕێژیم ئەوەیە کە ئەگەر ئەو نەتەوانە پێ لەسەر مافەکانی خۆیان دابگرنو لەبەرانبەر سیاسەتەکانی ڕێژیمدا ڕابوەستن، بەرەڕووی سەرکوت دەبنەوە. دیارە ئەوە ڕاستە کە ڕاستەوخۆ لەم کاریکاتۆرەدا، نەتەوەی تورك، سووکایەتیی پێکراوە، بەڵام هاوکات دەبێ ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێ کە لە ئێراندا تەنیا تورك بندەست نیە بەڵکوو نەتەوەیتریش هەن وەك کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمان کە وەك تورك مافی نەتەوایەتییان پێشێل کراوە، هەمووی ئەو نەتەوانە لەباری سیاسییەوە کەوتوونەتە پەراوێزەوە. لەباری ئابوورییەوە




لەوپەڕی نالەباریدا دەژین بۆ وێنە خوزستان کە بەهۆی دەوڵەمەند بوون بە سەرچاوەی زۆری نەوتو گازەوە، شادەماری ئابووریی ئێرانە، کەچی نەتەوەی عەرەب لەوپەڕی هەژاریدا دەژی، بەلووچستان بێوەرییترین ناوچەی ئێرانە، کوردستان خاوەنی سەرچاوەی ژێرزەویو ئاووخاکی پڕپیتو بەرەکەتە، کەچی خەڵکەکەی لەباری ئابوورییەوە لە دۆخێکی نالەباردا بەسەر دەبەنو... بۆیە هەمووی ئەو نەتەوانە کێشەیەکی سەرەکیو هاوبەشیان هەیە. ئەویش کێشەی سیاسییە. تا ئەو نەتەوانە لەباری سیاسییەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار نەبنو چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری نەکەن، هیچ کام لە کێشە ئابووری، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییانە چارەسەر نابن. بە واتایەکی دیکە ئەوە لە سێبەری چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دایە کە کێشە ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر دەبن.

بۆیە ئێستا یەکگرتوویيو تەبایی نێوان ئەو نەتەوانە پێویستییەکی مێژوویی‌یە، چوونکە بە ئەزموون دەرکەوتوە کە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بە تەنیا نەتەوەیەك ناکرێو ئەگەر هەموو نەتەوەکان لە قەوارەیەکی یەکگرتوودا، وەك کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا، یەك نەگرن، نەتەنیا بە ئامانجەکانی خۆیان ناگەن، بەڵکوو تووشی سەرلێشێواویو شکست دەبنو لە پەخشو بڵاوبوونی ئەو نەتەوانە تەنیا دەسەڵاتی ناوەندیو شۆڤێنیزمی زاڵ بەسەر ئێراندا قازانج دەکا.

بۆیە دەبێ نەتەوەکانی ئێران هەموو تێکڕا هەڵوێستی هاوبەشیان لەسەر ئەو چەشنە سووکایەتییانە هەبێ چوونکە لێرەدا تەنیا مەبەست لە یەك نەتەوە نیە بەڵکوو سیاسەتی داڕێژراوی حکوومەتی ئێران دژی ئەو نەتەوانەیەو دەبێ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هەر شێوەیەك بۆیان دەکرێ، لەو ڕاپەرینەی ئازەرییەکان پشتیوانی بکەنو هاوخەباتیی خۆیان بەو شێوەیە دەربڕن. چوونکە سەرکەوتن تەنیا لە یەکگرتوویيدا بەدی دێو کوشتوکوشتارو سەرکوت بە هەر بیانوویەکەوەبێ مەحکوومە.

# ئەگەری سەفەری ئەحمەدی‌نەژاد بۆ کوردستان

سەلاح موڕادی

وا دیارە بەم زووانە مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆماری دەستنیشانکراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سەفەرەکانی خۆی دا بۆ ئوستانەکانی ئێران، سەردانی ئوستانی کوردستان، یەکێك لە ئوستانە کوردنشینەکانی ئێران دەکا.

بە گشتی ئەحمەدی‌نەژاد لە سەردانەکانی خۆی‌دا بۆ ئوستانەکانی ئێران، دەیەوێ ئەم ئامانجانە بپێکێ، یەکەم، دەیەوێ وەها نیشان بدا کە سەرکۆمار لە خەم و پەژارەی خەڵك دایە و دەیەوێ ڕاستەوخۆ لە کێشە و کەموکوڕییەکانیان ئاگادار بێ و چارەسەریان بکا! ئەویش بەو پێیەی کە "دادپەروەری"ی! کردۆتە تەوەری سەرەکیی بەرنامەکانی دەوڵەتی خۆی.

دووهەم، نیشاندانی پێشوازیی نمایشیی لە خۆی و گەرەکییە لەلای خەڵکی ئێران و جیهان وا بنوێنێ کە بەراستی سەرکۆمارێکی خەڵکییە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکە.

سێهەم، ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك و هاندانی ئەوان بۆ پشتیوانی لە چالاکییە ناوکییەکانی ڕێژیم، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە سەرجەم سەردانەکاندا دەبینین کێشەی ناوکیی ڕێژیم، تەوەرێکی قسەکانی ئەحمەدی‌نەژادە.

سەفەری ئەحمەدی‌نەژاد بۆ ئوستانەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ سەرفەرەکانی دیکەی بۆ ئوستانەکانی دیکە تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازە، چونکە کوردستان سەرەکیترین شوێنی ئێران بوو کە لە تەحریمی خولی نۆیەمی بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا چالاکانە بەشداری کرد، لەپاش هاتنە سەرکاری ئحمەدی‌نەژادەوە کوردستان سەرەکیترین شوێنی بەربەرەکانی وخۆپێشاندان لەبەرامبەر ڕێژیم دا بووە، داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، نەتەوەیی و سیاسین و لەگەڵ داواکارییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دا جیاوازن.

**ئەحمەدی‌نەژاد لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە**

خەڵکی کوردستان بە گشتی بیرەوەرییەکی تاڵیان لە خۆدی ئەحمەدی‌نەژاد هەیە. چونکە ئەحمەدی‌نەژاد نەخشی لە تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو دا هەبووە، بۆیە خەڵکی کوردستان ناوبراو وەك کەسێکی تیرۆریست و مرۆڤکوژ کە تەنیا پەیامی مەرگ و نەمان و دوژمنایەتیی بۆ خەڵکی کورد پێیە، دەناسن و جیا لەوەش چاوەڕوانییان لە وەها کەسێك کە بە کولتووری توندوتیژی و سڕینەوە و سەرکوتکردن گوش کراوە نیە. خەڵکی کوردستان دیتیان کە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئەوان کە هەر دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد گۆڕوتینێکی زۆرتریان گرت لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بە توندترین و دڕندانەترین شێوە، وەڵام درانەوە و بە دەیان کوژراو و بریندار یان لێ کەوتەوە، سەدان کەسیش تا ئێستا لە بەندیخانەدان و لەلایەن سەرکۆماریشەوە، تەنیا وەڵام بە داخوازییەکان توندتر کردنی کەشوهەوای ئەمنییەتی ـ نیزامی و کپ کردنی دەنگی هەر ناڕازییەك بووە.

ئەحمەدی‌نەژاد یەکێك لەو کەسانە بووە کە نەخشی سەرەکیی لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبووە. لەزۆر جینایەت لە کوردستاندا کە بەهۆی هێزە نیزامییەکانەوە کراوە، ئەحمەدی‌نەژاد بەشدار بووە.

**داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان**

هەرچەند خەڵکی کوردستان بە ئەزموونێك کە لەماوەی زیاتر لە ٢٧ ساڵ دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدەستیان هێناوە بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو ڕێژیمە نایەوێ و ناتوانێ داخوازییەکانیان دابین بکا، بەڵام هەمیشە و لە هەر دەرفەتێك کە پێش هاتبێ بۆ ئاگاداریی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم داخوازییەکانی خۆیانیان ڕاگەیاندوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ویست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی داخوازییە ئابووری و فەرهەنگییەکان دا کورت نابنەوە و بەڵکوو پێش لەوانە داخوازییەکان سیاسی و نەتەوەیین.

بۆ وێنە بەشێك لە خوێندکارەکانی زانکۆی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێك دا کە تێیدا هەڕەشەی مانگرتن لە خواردنیان بەنیشانەی ناڕەزایەتیی لە سەفەری ئەحمەدی‌نەژاد بۆ کوردستان کردوە، داخوازییەکانی خۆیان کە دەتوانین بڵێین هی زۆربەی خەڵکی کوردستانن بەم شێوەیە دەربڕیوە:

دابین کردنی مافە سیاسییەکان و مافی هاووڵاتیبوون ـ گەشەپێدانی ڕەوشی ئابووریی ناوچە بە تەرخان کردنی سەرچاوەی ماڵی ـ خەبات لە دژی کێشەی بێکاری ـ پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان ـ هەڵگرتنی کەشوهەوای توندی ئەمنییەتی ـ دەسنیشان کردنی هێزگەلێکی شارەزا و لێهاتوو، جێی پەسندی بیروڕای گشتی بۆ مودیرییەتەکانی ناوچە کوردنشینەکان ـ پاککردنەوەی خاکی ناوچەکە لە پاشماوەی مینەکانی شەڕی هەشت ساڵە کە هەموو ساڵێك بنەماڵەگەلێکی بێ ئەژمار ماتەمبار دەکاو....

هەروەها خوێندکاران بۆ ئەوەی دروشمی "دادپەروەری" بە شێوەی شیاوی خۆی جێبەجێ ببێ و دەسەڵات تەنیا لە ناوەندا کۆ نەبێتەوە، ڕێگەچارەی "فیدراڵیزم" پێشنیار دەکەن کە داخوازیی سەرەکیی حیزبە کوردە دژبەرەکانیشە.

هەروەها نوێنەری خانەی وەرزێرانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ وەرزێرانی ئێران لە ڕۆژانی ٤و٥ی بانەمەڕ لەهۆڵی گشتیی وەزارەتی ناوخۆ لە تاران دا پێك هات، بەم جۆرە داخوازییەکانی خۆی کە لە ڕاستیدا هی هەموو خەڵکی کوردستانن لە شێوەی پرسیاردا لە ئەحمەدی‌نەژاد هێنانە گۆڕێ:

ئاغای ئەحمەدی‌نەژاد، بە بۆچوونی ئێوە کورد شیاوی ئەوە نیە ببێ بە سەرکۆمار و بەرپرسی پلە یەکەم؟... ئاغای ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆمار دەبێ هی تەواوی گەلان بێ، نەك چارەڕەشی و کوێرەوەرییەکانت بۆ ئێمە و، ٥٠ میلیون دۆلارەکانت بۆ حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان بێ، بۆ لەو میلیون دۆلارانەی کە پێشکەشی بێگانەکانی دەکەی، نایدەی بە ئێمە با تۆزێك لە چارەڕەشی و هەژاریی گەلانی ئێران، یەك لەوان گەلی کورد کەم بێتەوە؟

**گرتنە بەری ڕێوشوێنی جۆراوجۆر بۆ پێشوازی لە ئەحمەدی‌نەژاد**

بەپێی هەواڵەکان، ڕێژیم بۆ نیشاندانی پێشوازیی خەڵك لە ئەحمەدی‌نەژاد، واتە ڕێکخستنی نمایشی پێشوازی، هەوڵەکانی خۆی چڕ کردۆتەوە و پێش هەموو شتێك بۆ دابین کردنی ئاسایش و تەناهی و پێشگرتن لە هەرجۆرە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەك لە دژی سەفەری داهاتووی ناوبراو بۆ کوردستان، هێزێکی زۆری بە پێکهاتەی جۆراوجۆرەوە لەنێو شارەکان و سەرسنوورەکان جێگیر کردوە. پاشان بە گوشار و هەڕەشە هەوڵی داوە هەموو قوتابیان و مامۆستایان ناچار بکا لە ڕێورەسمی ڕواڵەتیی پێشوازی‌دا بەشداری بکەن. و....

سەرجەم ئەو هەوڵانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەحمەدی‌نەژاد خاوەنی هیچ پایەگایەکی خەڵکی نیە و خەڵك بە تەنیا لە سەفەری وەها ڕوخسارێکی شەڕخواز و تیرۆریست پێشوازی ناکەن، بەڵکوو لە ئەگەری لەباربوونی بارودۆخ دا ناڕەزایەتیی خۆشیان لە سەرجەم کردەوە و هەڵسوکەوتە دژی مرۆڤانییەکانی دەردەبڕن.

هەروەها لە سەفەری داهاتووی ئەحمەدی‌نەژاد دا بۆ کوردستان ئەگەر پێشوازییەکیش بکرێ تەنیا لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم و کەسانێکەوە دەکرێ کە بەزۆر بەو کارە ناچار کراون.

ئەحمەدی‌نەژاد لە سەفەری داهاتووی خۆی‌دا بۆ کوردستان ناچارە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك هێندێك وادە و بەڵێنی درۆزنانە و فریودەرانە بدا، بۆ وێنە وەك بنەبڕکردنی کێشەی بێکاری، کردنەوەی هێندێك پرۆژەی ئابووریی کەم بایەخ، سازکردنی وەرزشگا بۆ کچان و کوڕان بە جیاو... بەڵام ئەوەی ناوبراو باسی ناکا و وادەی نادا داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستانن. جیالەوەش ناوبراو نایەوێ و ناتوانێ وادەی دەستەبەرکردنی ئازادی و دێموکراسی بە خەڵکی کوردستان بدا، چونکە ئەم چەمکانە لەگەڵ ناوەرۆکی ڕێژیمەکەی‌دا ناتەبان، هەربۆیە لە بەرنامەی دەوڵەتی نۆیەمیش دا تەنانەت بە ناویش باسیان نەکراوە و دروشمی "دادپەروەری"ش تەنیا دروشمێکی ڕواڵەتی و فریوکارانەیە کە تەنیا بۆ ڕاکێشانی خەڵکی فەقیروهەژار کەڵکی لێ وەردەگیرێ و دەبینین کە خەڵکی کوردستان نەتەنیا هیچ بەشێکیان لە "دادپەروەری"ی ئەحمەدی‌نەژاد بەر نەکەوتووە، بەڵکوو چەوسانەوە و نادادپەروەری دژیان چەندقات بۆتەوە. کە کوشتوبڕی بێ بەزەیی‌یانەی خۆپێشاندەرانی هاوینی ٨٤ی شارەکانی کوردستان و زستانی ٨٤ی خەڵکی ماکۆ و دەوروبەری سەلمێنەری ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرن.

**سەرجەم ئەو هەوڵانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەحمەدی‌نەژاد خاوەنی هیچ پایەگایەکی خەڵکی نیە و خەڵك بە تەنیا لە سەفەری وەها ڕوخسارێکی شەڕخواز و تیرۆریست پێشوازی ناکەن، بەڵکوو لە ئەگەری لەباربوونی بارودۆخ دا ناڕەزایەتیی خۆشیان لە سەرجەم کردەوە و هەڵسوکەوتە دژی مرۆڤانییەکانی دەردەبڕن.**

# ڕێخوشکردن بۆ سەرکوت

بەشی یەکەم

جەمیل ئەحمەدی

ماڵپەڕی ئینترنێتی "بازتاب" کە سەر بە موحسێنی ڕەزایی‌و کارگێڕی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامە، لە ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردانی ئەمساڵ وتووێژێکی دەگەڵ ناوبراو، لە ژێر ناوی "ئاڵوگۆڕێکی بنەڕتی لە دەزگای ئیتلاعاتدا پێویستە" بڵاوکردەوە.

پێویستی هێنانە بەرباس‌و خستنە رووی هێندێك خاڵی نێو ئەم وتووێژە، وای لە نووسەری ئەم بابەتە کرد، تا لەو پێوەندیی‌یەدا، هێندێك بابەتی ئەو هەڤپەیڤینە، بخاتە بەرباس. ئەگەر ناوەرۆکی بەشێك لەو گەڵاڵەیە کە لە چەند مانگی ڕابردوودا هاتوتە گۆڕێ، تاوتوێ بکەین، سەلمێنەری کۆمەڵێك بابەتە کە باس لە شانۆسازییەکی لە پێشدا داڕێژراو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە دەکا.

**بە هاتنە سەرکاری مەجلیسی حەوتەم و یەکدەست کردن‌و، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەحمەدی نەژادەوە، وەك سەرکۆماری ئیسلامی، هەلومەرج زیاتر لە جاران بۆ پیادەکردنی پرۆژە‌و گەڵاڵەکانیان ڕەخسا. لەو سەرو بەندەدا بوو،کە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی گەڵاڵەیەکی لە ژێر ناوی:" گەڵاڵەی زیادکردنی چەند خاڵێك بە قانوونی دامەزراندنی وەزارەتی ئیتلاعات" بردە مەجلیس.**

ئەگەرچی ڕەزایی ئاوڕی لەم بابەتانە داوەتەوە، بەڵام، گەڵاڵەی پێداچوونەوە بە سیستمی ئیتلاعاتیدا ، بەرفرەکردن و بەستنەوەی بە کۆمەڵێك نائارامی یەك دوو ساڵی ڕابردوو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و ئاماژەگەلێکی ناڕاستەوخۆ بە نەتەوەکانی ئێران و، دەرخەری گۆشەیەك لە پرۆژەکانی ئەم دوایانەی کۆماری ئیسلامییە، کە لە ڕووبەڕوو بونەوە دەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆ، ڕووبەڕوو بوونەوەوکونتاکت دەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا، لە چوارچێوەی کێشەگەلێك وەك کێشەی ناوکی و مافی مرۆڤ و پیشتیوانیی کردن لە تیرۆریزمە.

وتەکانی ڕەزایی چەند خاڵێکیان تێدایە کە دوو پرسی سەرەکیی لەلای خوێنەرەوە دەوروژێنێ.

یەکەم: چۆنەکە ڕەزایی دان بە پێویستی هەڵوەشانەوەی وەزارەتی ئیتلاعاتدا دەنێ‌و ، هەروەها پێویستی پێکهاتنی ڕێکخراوێکی ئیتلاعات لە گشت بنیاتە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، کونترۆڵکردنیان لە لایەن ڕێبەرەوە پێ دادەگرێ.

دووهەم: ئامانج لە بە مەبەست بەستنەوەی ڕووداو نائارامییەکانی ئەو دوایانەی ناوچە، کورد، عەرەب، ئازەری، و بەلووچنشینەکان بە خەباتی مافخوازانەیی ئەو نەتەوانەوەو، پێداگری لە سەر سەرکوتی زیاتر چیە؟

پرسیاری یەکەم: چۆنە کە موحسێن ڕەزایی لە سەر هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئیتلاعات پێ‌دادەگرێ‌و بە پێویست دەزانێ کە ڕێکخراوی ئیتلاعات پێك بێ‌و، جیا لە گشت بنیاتە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم ئەم ڕێکخراوەیە بکەوێتە ژێر فەرمانی ڕێبەری نیزامەوە؟

بۆ ڕوونکردنەوەی هەرچی پتری ئەم مەسەلەیە، پێویستە سووکە ئاورێکیش لە ڕابردوو بدەینەوە. ساڵی ١٣٧٨ هاوکاتە دەگەڵ ڕووداوی لە قاودانی قەتڵە زەنجیرەییەکان، ئەودەم بە هۆی فشارێك کە لە لایەن بیروڕای گشتی ، بە تایبەت لە قاودانی ڕووناکبیران و خوێندکارانەوە خرایە سەر دەوڵەتی ڕیفۆرمخواز. دەوڵەتی"خاتەمی" ناچار کرا بەر پرسایەتیی قەتڵەکان وەئەستۆ بگرێ‌و، لەم سۆنگەیەوە دەستی ژمارەیەك کەس لە وەزارەتی ئیتلاعات لەم پێوەندیەدا ئاشکرا بوو کە نەخشی ڕاستەوخۆیان لە قەتڵەکاندا، هەبوو. ئەگەرچی ئەو توێژینەوەو لە قاودانانە لە ئاستی مەئموورانی پلە چەندەیی ئەو جینایەتانەدا ماوەو، هیچ کات مۆرە ئەسڵییەکانی (عالیجەنابان)ەی نەگرتەوە.

لە ڕەوتی ئەو لە قاودان‌و شەرمەزارییەدا بوو کە بە شگەلێك لە سیستمی ئیتلاعاتی ڕێژیم کەوتە ژێر پرسیارو، بەشێك لەو کارە غەیرە قانوونی‌یانەی و نامرۆڤانانەی ئەو دەزگا سەرکوتکەرەی ڕێژیم لە وڵامدانەوە بە نوێنەرانی خەڵك لە مەجلیس دا ئاشکراتر کرد.

لەو سەردەمەدا کە دەسەڵات تۆڕی سیخوڕی‌و سەرکوتکەریی خۆی لە مەترسیدا دەبینی، دەگەڵ ئەوەی کە سەرەتا بەشێکی زۆری نیزام لە گۆڕینی ڕێکخراوی ئیتلاعات بە وەزارەتی ئیتلاعات ناڕازیی بوون هەروەك ڕەزایی ئاماژەی پێ‌داوە، سەرەڕای ئەوەی کە حەزرەتی ئیمام(ڕە) سەرەتا موخالیفی دروست بوونی وەزارەتی ئیتلاعات بوو .

هۆی پێداگرتنی هێندێك لە بەرپرسانی ئەوکاتی دەوڵەت(دەوڵەتی مووسەوی) و کەشی پێکهێنراو لە مەجلیسی ئەوکاتدا، ئەو هەنگاوەی هەڵگیرا. دەستیان بە دانانی گەڵاڵەو جێبەجێکردنی پرۆژەگەلێك کرد تا لە ڕێیانەوە وەزارەتی ئیتلاعات هەڵبوەشێتەوەو ڕێکخراوێکی ئیتلاعاتی کە تەواو بە شەکانی ئیتلاعات و ئەمنییەتیی نیزام دەگەرێتەوە، بخرێتە ژێر فەرمانی ولایەتی فەقیه. ئەڵبەتە ئەو کارە لە بەر هەلومەرجی ئەوکات جێبەجێ نەکرا . بۆیە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ لە چوارچێوەی قانووندا و، لە ڕواڵتدا بێ‌دەنگەی لێ کراوە. بەڵام لە هەمان ساڵدا ١٣٧٨ هەنگاویان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو گەلی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی، هاوشێوەی وەزارەتی ئیتلاعات هەڵ هێنیایەوە.

بە پێی قسەی"جەواد موزەفەر" ئەندامی شورای ناوەندیی ئەنجومەنی داکۆکیی لە ئازادی چاپەمەنی، پاوانخوازان دەستیان داوەتە سازدانی تەشکیلات گەلێکی ئەمنییەتی هاوتەریب و، ئەوکارانەی کە لە ساڵی١٣٧٨ بەو لاوە شاهێدیان بووین، وردە وردە، بە تایبەت لە خولی دووهەمی سەرۆ کۆمایی خاتەمی‌دا پەرەیان گرت.

بە هاتنە سەرکاری مەجلیسی حەوتەم و یەکدەست کردن‌و، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەحمەدی نەژادەوە، وەك سەرکۆماری ئیسلامی، هەلومەرج زیاتر لە جاران بۆ پیادەکردنی پرۆژە‌و گەڵاڵەکانیان ڕەخسا. لەو سەرو بەندەدا بوو،کە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی گەڵاڵەیەکی لە ژێر ناوی:" گەڵاڵەی زیادکردنی چەند خاڵێك بە قانوونی دامەزراندنی وەزارەتی ئیتلاعات" بردە مەجلیس. کە دیارە بە چەند هۆیەك کە باسکردنیان لێرەدا ناگونجێ گەڵاڵەی ناوبراو لە لایەن مەجلیسەوە ڕەت کرایەوە.

بە چاوخشاندنێك بە سەر ڕووداوو نائارامییەکانی ئەو دوایانەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا، کە نزیك بە سەروبەندی دەستپێکردنی ململانێی هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمین سەرکۆماری و کۆتایی دەوری دووهەمی سەرکۆماریی خاتەمی، ئاشکرا کرا. باڵی سەرەڕۆیی ڕێژیمی ئیسلامی دەستی بە بەرێوەبردنی هێندێك گەڵاڵە کردن‌و بەرێوە بردنی زەنجیرە ، نائارامیگەلێك کرد تا بە شکوو بتوانێ لەو کاناڵەوە کۆمەڵێك قازانج وەدەست بێنێ. نائارامییەکان بە تەقینەوەکانی خوزستان‌و لە کاتێك دا دەستی پێکرد کە، کەشووهەوای هەڵبژاردن گەیشتبووە لوتکەی خۆی. ئامانجی کورت ماوەی ئەو ڕووداوانەی بۆ دەربەدەرکردنی ڕەقیبەکانی هەڵبژاردن بوو، ئەگەرچی دەکرێ بڵێین کە بەشێکی چووکی مەسەلەکە لەو چوارچێوەیەدا خولی دەخوارد، بەڵام کێشەکە بەمە کۆتایی پێ نەدەهات.

بوونە جیران دەگەڵ شەیتانی گەورەداو، هاتنەگۆڕی کێشەی ناوکیی‌و، گەیشتنی قەیرانەکان بە لووتکەو، شەڕەقسە لە نێوان هەردوولا، پێویستی بە دوادا چوون و جێبەجێکردنی. گەڵاڵەی ڕێکخراوی ئیتلاعات زیاتر هەستی پێ دەکرا. ئەمریکا ئێرانی بە یەکێك لە سێ وڵاتی تەوەری شەڕو ئاژاوە داناوە. وەك بنکەی ئەسڵیی داڵدەدانی تیرۆریزمی جیهانی لە قەڵەم دابوو، هێندێك قسە لە سەر گۆڕینی ڕێژیم لە لایەن ئەمریکاوە دەبیستران. بە سەیر کردنی ئەو دیوی دراوەکە، ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی نێو خۆی وڵات ، دیارە کێشەی نەتەوەکانی ئێران وەك بەرەیەکی تەباو خاوەن بەرنامە، وەك هەڕەشە و ئاڵترناتیڤێکی بە هێز خۆی دەنوێنێ‌و بە هێنانە گۆڕی باسی فیدراڵیزەکردنی ئێران‌و، دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیك، بایەخێکی زۆرتر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەو مەسەلانە دراوە. ڕێژیم لە هەلومەرجی تازەدا دەیهەوێ خۆی لە زەلکاوی ڕووخان دەرباز بکا. بۆیە زیاتر لە جاران باری ئەمنییەتی توندتر کردوە. لە بارودۆخێکی ئاوادا و، بە هۆی ئاڵۆزیی هەلومەرجەکە، کۆماری ئیسلامی بڕیاری دا لە مەسەلەی ئەمنییەتیی بۆ چەند مەبەستی وەك بەستنەوەی نەیاران بە هێزە دەرەکییەکانەوەۆ، هەروەها هەڕەشە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە کار بهێنێ.

# راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، سەبارەت بە ئێران

**بەشی یەکەم**

لێبووردنی نێونەتەوەیی، کە ڕێکخراوێکی داکۆکیکاری مافی مرۆڤەو بنکەکەی لە لەندەن دایە راپۆرتەیەیە ساڵانەی خۆی لەمەڕ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٥دا بڵاوکردۆتەوە. ئەمەش دەقی تەواوی وەرگێردراوی ئەو راپۆرتییە کە ڕێکخراوی ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بڵاوی کردۆتەوە.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

ڕێبەری وڵات: ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامەنەیی

سەرۆکی دەوڵەت: دوکتور مەحموود ئەحمەدینەژاد (لە مانگی ئووتی ٢٠٠٥ دا جیگای حودجەتولئیسلام وەلموسلمین سەید محەممەد خاتەمیی گرتەوە)

سزای ئێعدام: بەڕێوە دەچێ

دادگای نێونەتەوەیی جینایی: ئەندامە

کنوانسیۆنی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو پرۆتۆکۆلە دڵخوازانەکەی: ئیمزای نەکردوە

بەدوای دادگایی کردنە نادادپەروەرانەکانی ساڵانی رابردوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانییە سیاسییەکان بۆ نموونە: زیندانییە جیابیرەکان هەروا بە حوکمی قورسو درێژماوە لە زیندانەکان دان. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بە سەدان کەسو بگرە زیاتریش، لە پێوەندی لەگەڵ خۆپیشاندانە مەدەنییەکانی ئەو ناوچانەی کە ڕێژەی کەمایەتییان زیاترە، گیراون. نووسەرانی سایتە ئینتێرنێتییەکانو تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لەو کەسانەن کە بە شێوەیەکی دڕندانە، بە بێ ئەوەی دەنگیان بە خزمو کەسیان، یان پارێزەر رابگا، ڕەپێچەکی زیندان دراونو، لە دەستپێکی حوکمەکانیانەوە لە دەستبەسەرگە نهێنییەکاندا ماونەتەوەو ئازارو ئەشکەنجەدانیش بەردەوام بەڕێوە چووە. لانیکەم ٩٤ کەس ئێعدام کراون، بۆ نموونە ٨ کەسیان لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە. سزای بە قامچی لێدانیش لە زۆربەی کاتەکاندا بەکار هێنراوە.واپێدەچێ ژمارەی راستی ئێعدام کراوانو ئەو کەسانەی ئەشکەنجەی جەستەیی کراون، زۆر لەوە زیاتر ە کە لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

**پێشینە:**

تا کاتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری نوێ لە مانگی ژووئەندا بنبەستی سیاسیی هەروا درێژەی بوو. شورای نیگابان کە ئەرکی تەئییدی سەلاحییەتی کاندیداکانی سەرکۆماری لە ئەستۆ دایەو هەوڵ دەدا قانوونو سیاسەتەکان لەگەڵ بنەماو ئوسووله ئیسلامییەکانیو قانوونی بنەڕەتیدا بگونجێنێ، ١٠٠٠ کاندیدای سەرکۆماری رەت کردەوە. بە گوێرەی ئەو رەوتی بە هەڵاواردنەی کە بۆ بژارکردن گیراوەتەبەر، تەواوی ٨٩ کاندیدای ژن بە هۆی رەگەزی جیاوازەوە، خرانە لاوە؟! لە راپۆرتەکەدا هاتوە، کە لە رەوتی رێپێوانەکان دا، ئەو کەسانەی کە دروشمی دژ بە هەڵبژاردنیان داوە، زۆربەیان دەستبەسەر کراون. لە کاتی تەقینەوەکانی پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا نزیك بە ١٠ کەس لە تارانو ئەهوازدا کوژران. هەر لە درێژەی ئەو تەقینەوانەدا، لە مانگی ئوکتوبر، ٦ کەسی دیکە لە ئەهواز دا گیانیان لە دەست دا. بەرپرسانی دەوڵەتی دەگەڵ دژکردەوەی چەکدارانەی کوردەکانو هێندێك گرووپی دیکە ڕووبەڕوو بوونەوە.

هەڵبژادرنی دوکتور مەحموودی ئەحمەدینەژاد، ئەندامی پێشووی هێزە تایبەتییەکانی سوپای پاسداران، بە سەرکۆماری لە مانگی ئووتدا بووە هۆی وەلانانی گشت لایەنگرانی چاکسازی لە پرۆسەی سیاسیداو هەروەها بووە هۆی کۆجی بوونی دەسەڵات لە دەزگای ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامەنەیی، ڕێبەری مەزهەبیی وڵات. ڕێبەری مەزهەبیی ئێران لە مانگی ئوکتوبردا بەشێك لە سەڵاحییەتگەلی چاوەدێریی خۆی بەسەر دەوڵەت دا، خستە سەر شانی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کە سەرۆکایەتییەکەی لەدەست عەلی ئەکبەری هاشمیی رەفسەنجانی، کاندیداری شکست خواردوی پۆستی سەرکۆماریدایە. هەڵبژاردنی ئەحمەدینەژاد، ئەندامی پێشووی هێزە تایبەتیەکانی سوپای پاسداران، بە سەرکۆمار لە مانگی ئووتدا، وەلانانی تەواوی لایەنگرانی چاکسازیو رەوتی سیاسیی لێکەوتەوە.

مەسەلەی مافی مرۆڤو پرۆسەی ناوکیی ئێران، بۆتە هۆی گرژیی لە پێوەندییەکانی نێوان ئێرانو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، سەبارەت بە مافی مرۆڤو بەرنامەی ناوکیی ئێران ئەو مەسەلەیە زیاتر پەرەی گرتوە. بە تایبەت بە دوای ئەوەی کە لە مانگی ئووتدا ئێران رایگەیاند کە پرۆسەی پیتاندنی ئورانیوم بە مەبەستی مەدەنی کەڵکی لێوەردەگرێ، دووبارە دەست پێدەکاتەوە. ئێران، وڵاتانی بیانیی بە تایبەت ئەمریکاو بریتانیا بەوە تاوانبار دەکا کە بوونەتە مایەی نائارامیی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێراندا. بریتانیاش ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە هاوکاری چالاکییەکانی دژی بریتانیاو گرووپە چەکدارەکانی نێو عێراق دەکا. گرژییە دیپلماتیکەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە وتووێژەکانی نێوان ئێرانو یەکیەتیی ئورووپا لەمەڕ مافی مرۆڤ بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە. لە مانگی دیسامبر دادا کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیارنامەیەکی لەمەڕ مەحکووم کردنی ئێران لە پێوەندی دەگەڵ، بارودۆخی مافی مرۆڤ دەرکرد.

**سەرکوت کردنی کەمایەتییەکان:**

قانوونگەلی پڕ لە هەڵاواردنو جێبەجێکردنیان هەروا بۆتە هۆی نائارامیی سیاسیو کۆمەڵایەتیو پێشیلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بە تایبەت دژی کەمایەتییە ئیتنیکیو مەزهەبییەکان. لە مانگی ژووئیەدا هەواڵنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ مافی هەبوونی نیشتنگەی باش، سەردانی ئێرانی کردو پاش سەردانە مەیدانییەکان رایگەیاند کە لە دابەشکردنی ئیمکانات، دەست پێڕاگەیشتنی یەکسان بە شوێنی حەوانەوە، ئاوو کەرەسەی تەندورستی، هەڵاواردنێکی زەقو بەرچاو دەرهەق بە کەمایەتییەکان هەست پێدەکرێ.

**عەرەبەکان:**

لە رەوتی شەڕو تێکهەڵچوونەکانی پۆلیسو خۆپیشاندەرانی شاری ئەهوازو زۆربەی ناوچەکانی ئوستانی خووزستان لە مانگی ئاوریلدا ، لانیکەم ٣١ کەس کوژرانو سەدان کەسیش بریندار بوونو زیندانی کران. خۆپیشاندەران دژی نامەیەك دروشمیان دەدا کە گۆیا، یەکێك لە راوێژکارانی سەرکۆمار نووسیبوویو لەودا گەڵاڵەیەکی سیاسی بۆ کەمکردنەوەی حەشیمەتی عەرەبی لە خوزستاندا خرابۆوە روو. بەڵام راوێژکاری سەرکۆمار ئەمەی بە ناڕاست زانی. شەپۆلی دەستبەسەرکردنەکان بە درێژایی ساڵ درێژەیان هەبوو. بە تایبەت دوای تەقینەوەکانی ئەهواز لە مانگی ژووئەنو ئوکتۆبرو، هێرش کردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکان، لە مانگی سێپتامبرو ئوکتۆبردا.

لە مانگی نوامبر، لانیکەم ٨١ کەس لە کۆڕێکی فەرهەنگیی عەرەبیدا کە "مهابیس"ی پێدەڵێن، دەستگیر کران. بۆ نموونە دەستبەسەرکراوەکان، زارا ناسر توروفی، کارگێڕی ناوەندی فەرهەنگیی "الامجدی" ئەهواز بوو، کە بە پێی راپۆرتەکانی پێشوو بە دانانی گرێو تا کاتی دادگایی کردنی، ئازاد دەبێ.

شایانی باسە لە زینداندا ئەشکەنجە، لێدانو هەڕەشەی ئێعدام، دەستدرێژیکردنو زۆر کردەوەی نامرۆڤانەی دیکە لەسەر ناوبراو ئەنجام دراوە.

**تورکە ئازەرییەکان:**

لە کۆتایی مانگی ژووئەندا، ژمارەیەکی زۆر لە تورکەکانی ئازەری زمان کە لە ڕێوڕەسمی ساڵانەی فەرهەنگی لە قەڵای بابەك لە کلیبردا بەشدارییان کردبوو، دەستگیر کران. لانیکەم ٢١ کەس لەوانە حوکمی زیندانی ٣ مانگ هەتا یەك ساڵیان بۆ بڕایەوەو هێندێکیشیان بە زیندانی هەڵپسێردراو مەحکووم کرانو هێندێکی دیکە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە چوون بۆ "کلیبر" بێبەش کران؟!

عەباس لسانی، قەسابێکی تورکی ئازەری لە رووداوی قەڵای بابەکدا دەستبەسەر کراو لە مانگی ژووئییە، عەباس بە دانانی گرێو ئازاد بوو، بەڵام لە مانگی ئووتدا بە یەك ساڵ زیندان بە شێوەی دوورخستنەوە لە ناوخۆدا مەحکووم کرایەوەو تاوانی ناوبراو پڕۆپاگەندەکردنو بەلاڕێدابردنی هزری گشتی بووە. گۆیا داوای پێداچوونەوەی بە حوکمەکەیدا کردوە.

**کوردەکان:**

شەڕو تێکهەڵچوونەکانی مانگی ژووئەنی نێوان هێزە ئینتیزامییەکانو کوردەکان کە خۆشحاڵیی خۆیان لە پێشڤەچوونی پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە عێراق دا نیشان دابوو، برینداربوونی ژمارەیەك پۆلیسو دەستگیرکردنی دەیان خۆپیشاندەری لێکەوتەوە. لە مانگی ژووئییەدا بە دوای ئەوەی کە هێزەکانی ئێران "شوانە قادری"، یەکێك لە بەرهەڵستکارانی کوردیان بە گوللە کوشتو بە گوێرەی راپۆرتەکان وەشوێن ماشین خستو بەسەر شەقامو کۆڵانەکان دا رایان کێشا، هەزاران کورد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە هەمبەر ئەو جینایەتەدا رژانە سەر شەقامەکان. بە پێی راپۆرتەکان هێزە ئینتیزامییەکان ٢١ کەسیان لە خۆپیشاندەران کوشتو ژمارەیەکی بەرچاویشیان لێ بریندار کردن. زیاتر لە ١٩٠ کەسیش دەستگیر کران. لە درێژەی رەوتی تێکهەڵچوونەکاندا کە زیاتر لە مانگەکانی ئوکتوبرو نوامبردا روویان دا، لانیکەم کەسێك بە ناوی "شۆڕش ئەمیری" کوژراو چەندین کەسی دیکەش گیرانو بریندار کران. "عەبدولفەتاح سولتانی"، پارێزەرو یەکێك لە دامەزرێنەرانی ناوەندی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، بە تاوانی ئاشکراکردنی زانیاریی نهێنییو شاراوەی میللی، لە پێوەندی لەگەڵ بەرگری لە پەروەندەیەکی سیخوڕی، لە مانگی ژووئییەدا، راپێچی زیندان کرا. دوکتور روئیا تلووعی، چالاکی بواری ژنانو مافی مرۆڤو دوو رۆژنامەنووسی دیکە بە ناوەکانی ئیجلال قەوامیو سەعید ساعێدی، لەو کوردانە بوون کە لە مانگی ئووتدا گیران.

هەموو گیراوەکان لە مانگی ئوکتۆبردا، بە دانانی گرێو ئازاد کران، شایانی ئاماژەیە کە تاوانی سیاسی لە ئێراندا سزای مەرگی بەدواوەیە.

**کەمایەتییە مەزهەبییەکان:**

ئەندامانی کەمایەتییە مەزهەبییەکان لە ئێراندا تەنیا لە سۆنگەی جیاوازیی مەزهەبییەوە گیراون، "حەمید پوورمەند" کە ٢٥ ساڵ لەوەپێش چوبووە سەر ئایینی مەسیحی، لە مانگی فێوریە بە تاوانی فێڵکردن لە چەکدارەکانی ئێران لە پێوەندی دەگەڵ مەزهەبەکەیئایینەکەی تێکۆشان دژی ئاسایشی نەتەوەیی، لە لایەن دادگایەکی نیزامییەوە، بە سێساڵ زیندان مەحکووم کرا. ناوبراو لە مانگی مایدا تۆمەتی لەدین وەرگەڕانی لەسەر لابرا.

لانیکەم ٦٦ بەهایی گیرانو تا کۆتایی ساڵیش دوو کەسیان هەر لە زیندانداا مانەوە. "مێهران کەوسەری"و "بەهرام مەشهەدی" لە پێوەندی لەگەڵنامەیەکی سەرئاوەڵە بۆ محەممەدی خاتەمی لە نوامبری ٢٠٠٤دا یەکەمیان بە سێ ساڵو دووهەمیان بە یەك ساڵ زیندان مەحکووم کران.

# کورد، ئازەری، دێموکراسی و ئێران

کاوە **ئاهەنگەری**

**و: سمایل شەرەفی**

ئەگەر چاوێك بە مێژووی چەند دەیەی رابردووی ئێراندا بخشێنین، ئێران وەك کەشتییەك دەچێ کە لە زەریای پڕ لە گێژاوی مەترسییەکاندا بەملاو بەلا دا دەروا. ئێستاش دوای تێپەڕینی مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی وا وێدەچێ کە ڕێگایەکی چەندسەد ساڵەی دیکە تا گەیشتن بە لێواری هێمنی و سەقامگیریی لەبەر بێ. ناکرێ بڵێین لەچاو چەند دەیە لەوەپێش نەگۆڕاوە و ناهەقییە ئەگەر وا بیر بکەینەوە، بەڵام پێم وایە لە رابردوودا دەمانتوانی ئەمرۆمان ئەزموون و تاقی بکەینەوە و لە رەوش و هەلوومەرجێکی باشتر و پێشکەوتووتر دا بژین. دەسپێکی دوو حەرەکەتی بنەمایی و لەبار لە نووژەنکردنەوەی ئابووری، کولتووری و سیاسیی ئێران: یەکیان لە زەمانی "ئەمیرکەبیر" و ئەوی تریان لە زەمانی دوکتور "موسەدیق" کە شکست و بێ ئاکامیان لێ کەوتەوە، دەیانتوانی ببنە خاڵگەلێکی وەرچەرخان بۆ پراکتیزە و ئامادەکاریی سەرەتایی بۆ ئێرانێکی دێموکراتیك و ئازاد.

نەتەنیا هەرەسهێنانی شەپۆلێکی ڕیفۆرمیستیی هەمەلایەنە بەڵکوو، تەنیا و تەنیا داخستن و بەربەند کردنی وەشانی رۆژنامەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی پێشڕەو دەتوانی زەربەیەکی قورس و گران لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەك بوەشێنێ کە ساڵیانی ساڵ قەرەبوو نەکرێنەوە. بەڵام من لەم روانگەیەوە ناپەژرێمە سەر ئەم بابەتە کە یەکێکە لە رەهەندە دیارەکانی هۆکارگەلی دواکەوتوویی ئێران لە گەیشتن بە دێموکراسی و ئازادی و چەسپاندنی بنەماکانی ئەو پرێنسیپانە لە قانوونی بنەرەتیی وڵاتدا، بەڵکوو رووی قسەم دەکەمە دوو بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی ئاوزەربایجان و کوردستان لەچەند دەیەی رابردوودا و ئەم بابەتە دەتوانێ باس و بابەتێك بێ لەو پێوەندییەدا. دوو رەوتی دێموکراسیخوازی هەڵقوڵاو لە رۆژئاوای وڵاتی ئێران، واتە لەنێو ئازەری و کوردەکاندا لە ڕێژەیەکی بەرچاو لە لە حەشیمەتی ئێرانیش پێك دێنن.

لە روالەتدا ئەمە بۆتە راستییەکی تاڵ و بەرچاوی مێژوویی کە ماف و حقووق لە ئێراندا دەبێ بستێنرێ نەك بدرێ. چ پێش لە شۆڕشی ٥٧ چ دوای شۆڕش، هەردوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردن و دانی کەمترین (سەرتاییترین) مافی رەوای میللی ـ دێموکراتیکی دوو نەتەوەی کورد و ئازەریدا هەژار و بێ توانا بوون و وا وێدەچێ کە دەبێ ماف بستێنرێ، نەك ئەوەی کە چاوەڕێ بین بمان دەنێ. باوەر و بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانە ئەوەیە کە هەر شێوە ئیدە، دابونەریت، قانوون یان دەسەڵاتێك کە هەڵقوڵاوی واقیعی گرێچن و پێکهاتەی کولتووری و مێژوویی ئەم دەڤەرە (ئێران) نەبێ، مەحکووم بە نەمان و لەناو چوونە. میکانیزمی کۆمەڵایەتیی ئێران بە شێوەیەکە کە وەك دەزگایەك خشت و خاڵەکان دەردەهاوێ. مرۆڤی ئەمرۆ مرۆڤی هەزارو چوارسەد ساڵی لەمەوپێش نیە کە نوێژکردنی شەیتان لەسەر نینوکەکانی بە هۆکارێك بۆ کورت کردنەوەیان بزانێ و بێ ئەملاو ئەولا باوەڕی بە هەموو شتێك بێنێ. ئازەریی ئەمرۆیی بیر لەخۆی دەکاتەوە و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خۆی، بیر لە پێگە و بەهاکانی توخمە کەلتوورییەکانی خۆی، یەك لەوان زمان دەکاتەوە. تاکەی دەبێ لە ئێراندا تەنیا باس باسی شیعە بێت و باسێك لە ئازەری و کوردبوون نەکرێ؟ تاکەی کوردەکان، ئازەرییەکان، عەرەبەکان، تورکمەنەکان و بەلووچەکان لە ئێراندا بەهۆی ئایدیاگەلی ئاڵۆزی وەك (ویلایەتی عەلی) و بوونی دوژمنانی دەرەکی، باس لە کیان و بوونی خۆیان نەکەن؟ ئەم چاوەڕوانییە تاقەت پرۆکێنە بوونی میللی و کولتووری نەتەوەکانی ئێران پتر دەخاتە مەترسییەوە. هێندەی نەماوە کە نرخی ئەم چاوەڕوانییە بێ ئاکامە لێکهەڵوەشانەوە و توانەوەی کولتووریی لێ بکەوێتەوە.

بەڵام ئەمرۆ دەبینین کە وشیاریی سیاسیی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی سەرەرویی مەزهەبی و دەستەیەك شینگێڕ و ڕەشدوست، وەك ژیلەمۆ بڵێسەی سەندوە ئەو دەسەڵاتدارە بیرتەسکانەی هەژاندوە.

رووداوەکانی ئەم دوایانە ئەوە دەسەڵمێنن کە ئەمرۆ ئازەری، ئازەرییە و تەنیا شیعە نیە. رووداوەکان سەڵمێنەری ئەو راستییەن کە نەتەنیا سووك چاولێکردنی کولتووری و زمانی و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی گەڵاڵەی یەکدەستکردنی رەزاخانی باوی نەماوە، بەڵکوو ئازەری، تورکمەن، عەرەب و بەلووچ، شانبەشانی کورد هاتونە مەیدان و خوازیاری مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خۆیانن. ئەم هەستان و راپەرینە مەزنانە نیشانەیەکی گەورەن لە واقیعی رەنگالەیی ئێران کە چەندین ساڵە شوڤینیستە ناوەندگەراکان حاشایان لێ دەکەن. ئەمرۆ کورد و ئازەری و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەگەرچی لە ئێرانیشدا بن. ئێرانی بوون بە مانای سەلماندن و بەستراوەیی بە زمان و مەزهەبێکی دیار و تایبەتەوە نیە. بە شاهیدیی مێژوو، ئێران وڵاتێکی فرە رەنگ و موزاییکییە و، سەقامگیربوون و بەردەوامبوونی ئەم پێکهاتە رەنگالەییە لە پلەی یەکەمدا بەستراوەتەوە بە رێزگرتن و بە بەرەسمی ناسینی دوو لایەنەی نەتەوەکانی ئێران بەرامبەر بە یەکتری و بەتایبەت دەسەڵاتی ناوەندی و دەزگا پێوەندیدارەکان و واقیعییەت، تایبەتمەندییە (کەلتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری)یەکانی ئەم نەتەوانە. مەرجی لێك هەڵنەوەشانەوەی ئێران بەستراوەتەوە بە سەروەریی ئازادییە میللی، دێموکراتیکەکان. حاشا کردن و کەم سەیر کردن و سەرکوتی مێژوویی دەسەڵاتدارانی ئێران بە نیسبەت شوناسە نەتەوەیییەکانی نێوخۆیی ئێران، تەنیا بۆتە هۆی نەهادینە بوون و گەشە سەندنی سەرەڕۆیی، دیکتاتۆریی تاکی و گرووپی و، یان زاڵبوونی بنەماڵەیەك. ئەگەر بە شێوەیەکی شیاو رێز لە نەتەوەکانی ئێران گیرابایە و ویستە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی نەتەوەکانی ئێران لەبەرچاو گیرابان، بە پرکێشییەوە دەمانتوانی بڵێین کە ئێرانی ئەمرۆی خاوەنی ئاستێکی بەرز لە دێموکراسی و ئازادی دەبوو. مەگەر ئێران کوێیە و ئێرانی لە کوێن. ئایا ئێران شتێکی جیایە و لە کوردستان، ئازەربایجان و ناوچە فارس و بەلووچ نشینەکان پێك نەهاتوە؟.

ئەگەر لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران گەڕێین، بەجێیە هێندێکیش بپەرژینە سەر نەتەوەکانی ئێران و بزووتنەوە میللی ـ دێموکراتیکە ناوخۆیییەکانی ئێران لە رابردوودا.

واقیعی فرەجۆریی ئێران رێگە بە لەبەرچاو نەگرتن و سەرکوتی درێژماوە بە هیچ کەس و دەسەڵاتێك نادا. دەتوانین بڵێین کە پارچە پارچەنەبوون و ئاسایشی ئێرانیش پێوەندییەکی توند و پتەویان بە هەلومەرجی سیاسی، کەلتووری و ئابووریی ئەم نەتەوانەوە هەیە. گۆمانی تێدا نیە کە دێموکراسی و ئازادی لە ئاسمانەوە بۆ هیچ وڵاتێك نەهاتوە. تا ئێران دووهەمینیان بێ. بە وتەی شەهید دوکتور قاسملوو "هەر نەتەوەیەك ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". مێژووی دێموکراسی و، پرۆسەیی بوونی، ئەوە دەسەڵمێنێ. بەو واتایەی کە دێموکراسی پرۆسەیەکە کە پێویستی بە کات هەیە و بە پرۆڤە و هەوڵ و خەبات کردن لە پێناویدا دەبێتە بەشێك لە کولتووری کۆمەڵگا. زۆر بە روونی دەبێ بڵێین دێموکراسی و ئازادی یەکشەوە نایەنە دی.

بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی و ئازادیی دڵخواز لە ئێراندا، نابێ چاوەڕوانی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بین. بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی دەبێ بەرخودان و خەبات بکەین. بە نەهادینەبوونی خەبات لەپێناوی ئاوزادی و دێموکراسی و فرەیی سیاسی لە ئێراندا، هیوا بە وەبەرهاتنی ئەم هەوڵە زیاترە و ئەمە حەرەکەتێك نیە کە بکرێ بە نەتەوەیەك و گرووپێك لە ناوخۆی ئێراندا بە ئاکام بگا. بەقەولی کوردەکان "چەپڵە بە یەك دەست لێ نادرێ" تا کاتێك ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکمەن، عەرەب و کەسایەتییە حەقیقی و حقوقییە سیاسییە خاوەن نفووزەکان لەمەڕ چارەنووسی ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران، لەم خەباتەدا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و هاودەنگ پێکەوە هاوکاری نەکەن، ئەستەمە سیستمێکی هەڵقوڵاو لە واقیعی فرەجۆریی سیاسی و کەلتووریی ئێران بێتە سەرکار. دەسەڵات دەتوانێ بگۆڕدرێ، بەڵام ئازادی و دێموکراسیی راستەقینە جێگر نابن. چونکە ئێرانیش چەندین جار ئەم هەوراز و نشێوەی بەخۆیەوە دیوە و تەجرەبەی کردوە.

خاڵێك کە لە کۆتاییدا دەمەویست ئاماژەی پێ بکەم، بریتییە لە رۆڵی هاوئاهەنگیی کوردەکان و ئازەرییەکان لە پرۆسەی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی. کوردەکان و ئازەرییەکانی ئێران کە بەشێکی بەرچاو و گرنگ لە حەشیمەتی ئێران پێك دێنن، دەتوانن رۆڵێکی زۆر گرنگیان لە سەقامگیربوونی سیستمێکی پلۆراڵ و دێموکراتدا هەبێ و لە هەمبەر بیروبۆچوونگەلی یەکدەستکەر و ناوەندخواز دا ببنە لەمپەر. هەڵبەت ئەمە بە واتای کەم بایەخ سەیر کردن و پشت گوێ خستنی رۆڵی نەتەوکانی دیکەی ئێران نیە کە هەر ئێستا خەریکی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسین. بەڵکوو باوەری نووسەری ئەم دێڕانە تەنیا خەبات و هەوڵ و تێکۆشانی تاقە کەسیکیش دتوانێ گرنگایەتی و کاریگەریی خۆی هەبێ، بەڵام ئازەرییەکان وێرای وەلا نەنانی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی خۆیان پاش هەرەسهێنانی کۆماری ئازەربایجان، بە سەرنجدان بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەت و مەزهەبی ئەوان، دەیانتوانی وێرای کوردەکان رۆڵێکی کاریگەرتریان لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا هەبێ.

ئێستاش تا کاتێك کە سەرجەم نەتەوەکانی ئێران، هاوهەنگاو و هاوئاهەنگ بۆ بردنەپێش و بەئاکام گەیاندنی ئەم بزووتنەوە دێموکراتیکە هەوڵ نەدەن، مەحاڵە ئێران رووی ئازادی و دێموکراسیی راستەقینە بە خۆوە ببینێ و خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی یەك لایەنە درێژەی دەبێ، کە ئەمەش نیشانەی لاواز بوونی بزووتنەوەکەیە نەك بەهێز بوونی. هەروەك لە چەند دێڕی سەرەوەدا ئاماژەمان پێ دا، وەدیهاتنی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران لەدەستی گرووپ، حیزب یان زمانی دەسەڵاتدارێکدا نیە. بەڵکوو تەنیا هاوکاریی دڵخوازانە و جیددیی نێوان کولتوور و ئایین و گرووپە سیاسییەکان لە ئێراندا دەتوانێ بەرێوەی بەرێ و بیپارێزێ.

# جموجۆڵی نوێی بزووتنەوەی خوێندکاری

کەریم پەرویزی




لەدوای ئەوەی کە زانکۆکان و چالاکییە خوێندکارییەکان تووشی سستی و بێدەنگییەکی زۆر ببوون، ئەوا زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری خەریکن ڕۆڵی پێشرەوبوون و ئاڵاهەڵگری خۆیان لە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سەرەڕۆیی و حکوومەتی شمشێربگێرن. ماوەیەکە دەنگ و هاواری نارەزایی بەرامبەر بە دۆخی زانکۆ و کۆمەڵگا، خەریکی بەرزبوونەوەیەو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم دژی ئەو نارەزایەتی دەربڕینانە روو لە زیادبوونە. کۆمەڵە ڕووداوێك کە لەم ڕۆژانەی دواییدا لە زانکۆکان و لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییە خوێندکارییەکان و، خوێندکاران ڕوویان داوە، نیشاندەری ڕووبەڕوو بوونەوەی نوێی بزووتنەوەی خوێندکاری و دەسەڵاتی دیکتاتۆرین.

"ڕەزا مەشایخی" خوێندکاری ئەندازیاریی شیمیی زانکۆی سیستان و بەلووچستان لە ڕێکەوتی ٨٤/٧/٢٢ هەتا ٨٥/٢/١٤ لەلایەن دادگای شۆڕشەوە بەند کرابوو و دوای وەرگرتنی ئیجازە لە دادگا، لەکاتی گەڕانەوە بۆ زانکۆ، لەگەڵ بڕیاری دەرکردنی لە زانکۆ، بە بیانووی نەهاتنەوەی بێ هۆی! بەرەوڕوو دەبێتەوە.

هەندێ لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین، بەرامبەر بە هەڵبژێرانی درێژماوەی کانوونە فەرهەنگییەکان و ئەنجومەنی ئیسلامیی زانکۆ، کۆبوونەوەیەکی بەرینیان ساز کرد. لە ڕۆژانی دوایی کۆبوونەوەکەدا، خوێندکاران بۆ نیشاندانی نارەزایەتی دژ بە بەرگرتنی حەراسەتی زانکۆ لە چوونەژوورەوەی خوێندکاران بۆ زانکۆ، مانیان لە خواردن گرت.

خوێندکارانی زانکۆی ئەندازیاریی کامپیوتێری زانکۆی ئەمیرکەبیر بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە گرفتە سینفییەکانیان و هەروەها نەدانی ئیجازەی سەیران بە خوێندکاران، ڕۆژی دووشەممە ٨٥/٢/٢٥ لەبەردەم زانکۆ دا مانیان گرت.

کۆڕی بەسیجی خوێندکاری لە ڕۆژی ٨٥/٢/٢٥ لە زانکۆی ئابووریی عەللامە تەباتەبایی لەگەڵ نارەزایی خوێندکاران بەرەوڕوو بوو. زۆربەی نارەزایەتیی خوێندکاران بۆ هەڵسوکەوتی پڕ لە زەبروزەنگی شورای ئیسلامیی کار لەگەڵ ئەندامانی سەندیکای کرێکارانی "شرکت واحد"دا دەگەڕایەوە.

وا بڕیارە کە لە چەندین زانکۆ دا پاشماوەی تەرمی بەناو شەهیدانی بێ ناونیشان بنێژرێن. بەسیجی خوێندکاری بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سوپای پاسداران ئەم کارە بەڕێوە دەبا.

ڕۆژی سێ شەممە ٨٥/٢/١٩، خوێندکارانی زانکۆی سەهەند بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە بارودۆخی زانکۆ مانیان گرت و ڕۆژانی دواتر، مانگرتنەکە بوو بە مانگرتن لە خواردن هەتا ئەوەی کە دوای بەرێکرانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارەکان بۆ نەخۆشخانە بەهۆی نالەباریی وەزعی تەندروستییانەوە، ڕۆژی هەینی بەرپرسانی زانکۆ بەڵێنی بە نووسراوەیان دا و کاتی دیاریکراو بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان دەسنیشان کرد و مانگرتنەکە کۆتایی پێ هات.

حەمید مودەرسی لەلایەن دادگاوە ١٨ مانگ زیندانی بۆ براوەتەوە. پەیمانی عارف و روزبە افرازفر بڕیاری دەرکردن لە زانکۆیان بۆ دەرچووە، خوێندکارانی نارازیی زانکۆی شەریف بڕیاری هەڵپەساردنیان دراوە.

ڕۆژی سێ شەممە ٨٥/٢/١٩ خوێندکارانی زانکۆی ئەدەبیاتی "عەللامە تەباتەبایی" دژ بە هەڵوەشانەوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەن، کۆبوونەوەیەکی نارەزایی دەربڕینیان بەڕێوە برد.

کانوونە فەرهەنگییەکانی زانکۆی کوردستان و ئەنجومەنی ئەم زانکۆیە بەهۆی چالاکییە فەرهەنگییە سەربەخۆکان و بەڕێوەبردنی دانیشتنی ڕەخنەگرانە و پێك هێنانی کۆڕگەلێك کە بە دڵی ڕێژیم نەبوون، وەکوو کۆڕی "کردها و وحدت ملی" بە شێوەیەك هەڵپەسێراون.

ڕۆژی یەکشەممە ٨٥/٢/٣١، چوارسەد خوێندکاری زانکۆی سیستان و بەلوچستان بۆ نیشاندانی نارەزایەتی بەرانبەر بە کردەوەی پڕ لە هەڵاواردنی دەستەی چاودێری بەسەر ڕێکخراوەکان دا، کەش وهەوای سەرکوت و بێدەنگ لە زانکۆ، هەڵسوکەوتی ئەمنییەتی و دژە یاسای کومیتەی ئینزیباتی و هەڵاواردنی دژ بە نەتەوەکان، مانیان گرت.

ڕۆژی دووشەممە ٨٥/٣/١ لە زانکۆی ئەمیرکەبیر نارەزایی بەرینی خوێندکاری بەرامبەر بە بەردەوام بەرتەسك بوونەوەی ئازادییەکان لە زانکۆ بەڕێوە چوو. ئەم نارەزایەتی دەربڕین و کۆبوونەوە بۆ چوار ڕۆژ تا ٥ شەممە، ٨٥/٣/٤ درێژەیان کێشا.

ڕۆژی دووشەممە ٨٥/٣/١، خوێندکارانی زانکۆی تاران کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە "شەپۆلی بەربڵاوی ئاڵوگۆڕی نادێموکرات و دژە خوێندکاری و زاڵبوونی کەشوهەوای پۆلیسی بەسەر زانکۆ دا" وەڕێ خست.

سێ شەممە ٨٥/٣/٢ شەو درەنگان، خوێندکارانی نیشتەجێی بەشی ناوخۆی "کوی دانشگاه" کۆبوونەوە و بە وتنەوەی دروشم خوازیاری دەست لەکار کێشانەوەی وەزیری زانست و سەرۆکی زانکۆی تاران بوو کە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ بە هۆی تێکچوون لە نێوان پولیس و هێزەکانی ئینتیزامی لەگەڵ خوێندکارەکان دا و، بەشێك لە هێزەکانی ڕێژیم و لیباس شەخسییەکان بۆ سەرکوتی خوێندکارەکان چوونە نێو بەشی ناوخۆیی "کوی".

ڕێژیم لەگەڵ هەڵکشان و سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاریدا، سەرکوت و زەبر و زەنگ و گرتنەکانی زیاتر کردوە و دەستی داوەتە لێدان و گرتنی بەتاك و بە کۆمەڵ، بۆ وێنە بەند کردن، دەرکردنی خوێندکاران لە زانکۆ، هەڵپەساردنی بەکۆمەڵی خوێندکارەکان، ڕاگرتنی بە کۆمەڵی چالاکییەکانی کانوون و ئەنجومەنە خوێندکارییەکان، بەهێزکردنی نەهادە چاوەدێری، حەراسەتی و ئەمنییەتییەکان لە زانکۆ.

سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری و بەسەر زانکۆ دا زاڵبوون، لە دوو تەوەردا بە ئارامی و لە بێدەنگیدا لە حاڵی پێسڤەچوون و تەواو کردنی پرۆژەکانی دایە. تەوەری یەکەم زاڵکردنی "حوزە" بەسەر زانکۆدایە کە بە دانانی ژمارەیەك مەلا و دەرچووی "حوزە" بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆکان دەستی پێ کردوە. نموونەی بەرچاوی ئەم پرۆژەیە دانانی "عمید زنجانی" بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی تاران، یان دانانی "حجت اللاسلام اکبریان" بۆ سەرۆکاتیی زانکۆی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی تەربیەتی مودەریس. تەوەری دووهەمی سیاسەتی ڕێژیم، نیزامی کردنی زانکۆ کە بە بەهێز کردنی نەهادگەلێك وەکوو بەسیجی خوێندکاری و حەراسەتی زانکۆ و هەروەها بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێورەسمگەلێك لەلایەن ئەم نەهادانە و هاوکاریی سوپای پاسداران، ئەم سیاسەتە بەڕێوە دەچێ.

ئەم شەپۆلی نوێی سەرهەڵدانە خوێندکارییانە و دژایەتیی ڕێژیم لەگەڵیدا پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەی زیاترە و دەبێ خوێندکاران لە چالاکی و بزاوتە پێشووەکان، ئەزموونیان وەرگرتبێ و هەڵە و تەنگوچەڵەمەکانی ساڵانی ڕابردوو کە دەبوونە هۆی شکستهێنانی چالاکییە خوێنکارییەکان، دەستنیشان کەن و خۆی لێ بپارێزن و بە ئەزموون وەرگرتن لەو بزووتنەوە پێشووانە ڕێگای دوارۆژی بزاڤەکە دیاری بکەن.

لە تەنگ و چەڵەمە و کەند و کۆسپە پێشووەکان دەتوانین ئاماژە بکەین بە نەبوونی ڕێکخراوی ڕاستەقینەی خوێندکاری کە تواناو هێزی چالاکییە خوێنکارییەکان نەخاتە خزمەت ئامانجی ڕێکخراوە بەستراوەکان بە ڕێژیمەوە، تەریك کردنەوەی جموجوڵی خوێندکاری کە بەرەو دابڕان لە کۆمەڵگا و ویستە ڕاستەقینەکانی خەڵك دەڕۆیشت، دەستێوەردانی ڕێژیم و بەلاڕێدا بردنی چالاکی و ڕێکخراوە خوێندکارییەکان، نەهێنانە ئارای ویستەکانی خوێندکارانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و.... دەبێ خوێندکاران و بزووتنەوەی خوێندکاری بە بیر کردنەوە لەو گرفتگەلە و ئەزموون وەرگرتنیان، ڕابردوو بکەنە چرای ڕووناکیدەری داهاتوو.

ئەگەر بە چاوێکی وردەوە سەیری جموجۆڵەکانی ئەم دوایانە بکەین، دەکرێ هیوادار بین کە خوێندکارەکان هەندێ لە کەموکوڕییەکانیان وەبەرچاو گرتوە و بەرەو چارەسەرکردنیان ڕۆیشتون. لە هەندێ لە کۆبوونەوە و خۆپێشاندانە خوێندکارییەکان دا دەبینن کە ئەم چالاکییانە لە دەرەوەی چوارچێوە و ئیرادەی ئەنجومەنە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە دەسەڵات ئەنجام دەدرێن کە ئەمە جێی هیوایە بۆ هەنگاونان بەرەو دامەزران و بەهیزکردنی ڕێکخراوە خوێندکارییە ڕاستەقینەکان. دەبی خوێندکارەکان لەم پێناوەدا هەوڵ بدەن کە چالاکییەکانیان لە دەرەوەی ئەنجومەنە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوە بەسراوەکان بە دەسەڵاتەوە بەڕێوە ببەن و زیاتر لە جاران بۆ بەهێز کردنی نەهادە خوێندکارییە سەربەخۆکان و دامەزرانی ڕێکخراوی خوێندکاریی ڕاستەقینە کە نوێنەری ویستەکانی خوێندکاران بن، تێ بکۆشن. خوێندکارەکان دەتوانن بە دامەزراندنی ڕێکخراوی خوێندکاریی سەربەخۆ لە دەسەڵات یان بە بەهێزکردن و پەیوەست بوون بە وەها ڕێکخراوگەلێکەوە کە هەندێ جار لەبەر باری ئەمنییەتی و لەبەر سەرکوتی ڕێژیم، خەباتی نهێنی دەکەن، بەر بە لاڕێدا بردنی بزووتنەوەکە لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێژیمەوە بگرن.

لە هەندێ شوێن وەکوو کۆبوونەوەی زانکۆی "سیستان و بەلووچستان"، ڕێپێوانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران، کۆبوونەوە و مانگرتنی خوێندکاران لە زانکۆی کوردستان و نارەزایەتییەکانی خوێندکارانی تورك لە زانکۆی ئەمیرکەبیر، زەنجان، تەورێز و ورمێ، خوێندکاران ویستە نەتەوەییەکانیان هێناوەتە ئاراوە و زیاتر لە جاران بەرەو هاوپێوەندیی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆیشتوون.

ئەم جۆرە چالاکییانە و هێنان بەرباسی ویستە نەتەوەییەکانی خوێندکاران بۆ ون نەبوونی دەنگ و شوناس و ویستە ڕاستەقینەکانی خوێندکارانی سەربە نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی خوێندکاران دا جێی هیوایە و دەتوانێ بۆ دامەزرانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە خوێندکارانی نەتەوە بندەستەکان بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی هاوبەش، هەنگاو بنێژرێ.

---

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(١٤)

وەرگێڕانی: ب.هانا

فیمینیستەکان Feminisms

ئەم پێناسەیە هەم داکترین (بیردۆزە)ی مافی یەکسان بۆ ژنان (بزووتنەوەی ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان) دەگرێتەوەو، هەم ئایدۆلۆژیایەك لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە ئامانجەکەی پێکهێنانی جیهانێکی بەولاوەتر لە یەکسانیی کۆمەڵایەتیی تەواو بۆ ژنانە. "گێردا لێرنێر" دەڵێ: فیمینیزم دەبێ لە نێوان مافی ژنانو رزگاریی ژنان، جیاوازی دابنێ (Lerner, 1978).

بەگشتی، فیمینیزم ئایدۆلۆژیای ئازادیی ژنانە. چونکە لە هەموو روانینەکانیدا ئەم بڕوایە هەیە کە ئێمە ژنان بەهۆی جنسمانەوە دیلی نادادپەروەرین. چونکە [لە ژێر] ئەم ساباتە بەرینەدا جۆرە جیاوازەکانی فیمینیزم، لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەبارەی هۆ یا هۆکارەکانی سەرکوتی ژنان دەخەنە ڕوو.

فیمینیستە مارکسیستەکان، زۆرتر دابەشکردنی جینسیی کار وەك هۆی سەرکوت دەناسن. هەر بۆیە فیمینیزمی مارکسیستی، ڕێوشوێنێکە بۆ گۆڕینی ئابووری. لە لایەکی دیکەوە کاترین مەك کینون، حەزو ئارەزووە جینسییەکان وەك بواری کۆمەڵایەتیی سەرەکیی دەسەڵات بەکارهێنانی نێرینە دەناسێ. تیئوریی سیاسیی فیمینیستی دەبێ لەسەر قەوارەو جەبری کۆمەڵایەتیی هەستی جینسی، چڕ بێتەوە. چونکە لە ڕوانگەی فیمینیزمەوە، هەرشتێکی شەخسی، لە باری مەعریفەتناسییەوە، سیاسییەو، مەعریفەتناسیی ئەو شتە، سیاسەتەکەیەتی (Mackinnon,1982).



فیمینیزم ئەگەر [لە لایەکەوە] بە تیۆریی ڕوانگەی ژن دادەنرێ، لە لایەکی دیکەشەوە بریتییە لە کۆمەڵێك میتۆدی جیاوازی ڕاڤەو تیۆری. بەرەوژووربردنی ئاگایی، میتۆدی سەرەکیی فیمینیزمە. بەم هۆیەشەوە کە فیمینیزم بە واتای جۆرێك زانستو ناسین لەبارەی شتە هەبووەکان لە ژێر تیشکی نوێ دایە، پێویستی بە شیکردنەوەی جیاوازو دیاریکراوی پێوەندیی نێوان میتۆدو بیردۆزە هەیە.

میتۆدی فیمینیزم، ئەو ڕاستییەی هەوڵ دەدا وەسفی بکا، بە شێوەی بیردۆزە، چڕی دەکاتەوەو دەیخاتە ڕوو. بۆ نموونە، فیمینیزم گومان لە جۆرەکانی گشتگیرێتیدا دەکاو، هەوڵدان بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئاگایی وەك فورمێك لە تیۆریو کردەوەی سیاسی بەکار دێنێ (Hartsock, 1979).

لەڕاستیدا هێندێك لە تیۆریداڕێژانی فەرانسەیی، کەڵکوەرگرتن لە وشەی "فیمینیزم"یان، لەسەر ئەم بناغەیە کە ئەمەش هەر تەنیا "ئیزم"ێکەو هیچیتر، وەلا ناوە (Makward, 1980).

ئەو پێناسانەی فیمینیستەکان لە بارەی فیمینیزمەوە هێناویانە گۆڕێ، لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژی یا چینی ئەوان دا، لە دایك بوون. بۆ نموونە فیمینیستە سۆسیالیستو مارکسیستەکان لەسەر مامەڵەی نێوان چینو جینسییەت لە نێو فیمینیزم دا پێ دادەگرنو، لەسەر جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پیاوانو ژنان یەکانگیرن (Mitchell & Oakley, 1976). فیمینیستە ڕەشەکان زیاتر لە هەمووان بە شوێن لێکدانەوەیەکن کە تیشك بخاتە سەر سیستمە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت (B. Smith, 1981).

(بیردۆزە فیمینیستییەکان بە گوێرەی جیاوازییان لە باری سیاسییەوە، هەر کامێکیان وەك سەرباسێکی سەربەخۆ هاتوون: بۆ نموونە بڕواننە: Anarchist Feminism (or Moryist Feminism)

کتێبی "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی" نووسینی مەگی‌هامو ساراگەمبل لاپەڕەکانی ١٤٣و١٤٤

---

# بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 438 5 Jun 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanmedia.com e- mail: info@kurdistanmedia.com
http://www.pdk-iran.org e- mail: pdkiran@club-internet.fr
www.rdki.com e- mail: rdk_iran@yahoocom

بەر لەماڵاوایی

# دەیانەوێ هەرچی داهێنانە، لە ڕەگەوە وشکی بکەن

**لە ڕۆژانی ١٩ تا ٢١ی مانگی ئەمساڵدا، ئەنجومەنی قەڵەمی ئێران لە تاراوگە کۆبوونەوەی گشتیی خۆی لە شاری بێرلین پێك هێنا. لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەنجومەنی قەڵەمدا بڕیارنامەیەك پەسند کرا کە زۆر بە ڕوونی پەردە لەسەر نیوەڕۆکی دژ بە فەرهەنگی کۆماری ئیسلامیو بارودۆخو هەلومەرجی تێکۆشانی فەرهەنگسازانی ئێران لادەدا. ئەم ژمارەیەی ستوونی "بەرلە ماڵاوایی"م بۆ وەرگێڕانی دەقی ئەم بڕیارنامەیە تەرخان کردوە:**

ع. وریا

هاونیشتمانان!

خەڵکی ئازادەی جیهان!

دامەزراوە کەلتووریە نێونەتەوەیی‌یەکان! داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە جیهان دا!

کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی قەڵەمی ئێران لە تاراوگە، ئەمساڵ لە هەلومەرجێك دا کۆتایی بە کاری خۆی هێنا کە : ڕەوتی دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کەلتوور، کە هەر لە سەرەتاوە، ماکەی سەرەکیی ئەم سیستمە بووە، ڕووبەرێکی فراوانترو جاربەجار بەربڵاوتری داگرتوە. ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران لە هەوڵێکی هەتا ئێستا بێ‌ئاکامدا، دەیەوێ مێژووی ئێمە بگێڕێتەوە سەر ساڵی سیفر، وڵات لە هەرچی ئازادیو ئاوەدانی‌یە، بەتاڵ بکا. بۆ ئەم مەبەستە، ئامرازەکانی سەرکوت جارێکی دیکە وەکار کەوتوونەوە تا بە چەشنێکی بێ‌وێنە، هەرچی داهێنانە، لە ڕەگەوە وشکی بکەن، هەروا کە هەر ئێستا، گیانی دەستەیەك لە سامانە نەتەوەیی‌یەکانی کەلتوورو هونەری ئێران، لە مەترسیی جیددی دایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هیچ چەشنە جیابیرێك هەڵ ناکا. لەبەر ئەمەشە کە لە ماوەی نزیکەی سێ دەیە لە تەمەنی‌دا، هیچکات بەندیخانەکانی لە جیابیر چۆڵ نەبوون. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر نووسەر، ڕۆژنامەنووس، تێکۆشەری بواری سیاسەتو هەروەها خوێندکارانی ناڕازی، لە زیندان دان. بە گوێرەی دواهەواڵی "هەواڵنووسانی بێ‌سنوور" ئێران هەروا گەورەترین بەندیخانەی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو.... هەڕەشە، بانگ کردنو گرتنی لەخۆوە، بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە".

لە ئێران لەمێژساڵە هەرچەشنە تێکۆشانێکی سینفیی سەربەخۆ قەدەغەیەو، هەرچەشنە تێکۆشەرێکی سینفی وەك مرۆڤێکی پڕمەترسی لەگەڵ ڕاوەدوونانو ئازارو ئەشکەنجە بەرەوروو دەبێ.

کانوونی نووسەرانی ئێران، لە بەرەبەری چلەمین ساڵەی ژیانی خۆی‌دا، هەروا تێکۆشانی لێ‌قەدەغە کراوەو، لە هەرچەشنە تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتی بێ‌بەشە، بە چەشنێك هەتا ئێستاش ڕێگا بە ئەندامانی نەدراوە کۆبوونەوەی گشتیی خۆیان پێك بێنن.

کاری سانسۆری کتێب گەیشتۆتە قۆناغی دوژمنایەتی لەگەڵ خودی کتێب. کتێبەکان دوای سانسۆری بەر لە بڵاوبوونەوە، ئەگەر بەخت فریایان کەوتبێو چووبنە بازاڕ، دیسانیش ئەگەری ئەوە هەیە لە پڕ لەگەڵ مەترسیی دەست بەسەرداگیران بەرەوروو بن.

لە ئێرانی ئێستادا، هەروا کە هەزاران کتێب ڕێگای بڵاوبوونەوەیان لێ‌گیراوە، هەزاران وشەش کەوتوونەتە بەندی سانسۆرو، هیچ نووسەرێك ڕێگای پێ‌نادری لە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی‌دا، کەڵکیان لێ‌وەربگرێ. ئەمەش لە هەلومەرجێك دایە کە فێربوونو خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ ئەوانەی فارس نین، هەروەك پێشوو قەدەغەیە.

گۆڤارو ڕۆژنامەکان سەرەڕای ئیجازەی بڵاوبوونەوەو ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە داسەپاوەکان، دیسانیش پێشی بڵاوبوونەوەیان دەگیرێو، بەرپرسانیان بانگ دەکرێنە دادگاکانی شۆرش.

سانسۆرێکی توند بەسەر سینەماو شانۆدا زاڵەو، ڕێژیم زیاتر لە پێشوو هەوڵ دەدا لەم هونەرانە بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ. لەم بوارەدا تەنانەت بەو فیلمانە کە لە فستیڤاڵە نێونەتەوەیی‌یەکاندا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە، ڕێگا نادا بە شێوەی گشتی پیشان بدرێن. ئیجازەی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکانی موسیقا نادرێو، بەرهەمە نوێ‌یەکانی موسیقای ئێرانو جیهان ڕێگای بڵاوبوونەوەیان پێ‌نادرێ. لەم مەیدانەدا، گۆرانی گوتن لە ژنانو بە گشتی دەنگی ژنان، بە پێی ڕێوشوێنە ئیسلامی‌یەکان قەدەغەیە.

پێشانگەکانی وێنەکێشان، پەیکەرتاشیو فوتۆگرافیش لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆدا سەرکوت دەکرێنو، ڕێگای هەڵمژینی هەوای ئازادیان لێ‌دەگیرێ.

ڕەنگە وەك گاڵتە بچێ ئەگەر بگوترێ: پێوەندی‌یە ئینتێرنێتی‌یە جۆراوجۆرەکانیش لەدەست سەرکوتو سانسۆر ڕزگاریان نابێ. ماڵپەڕە ئینتێرنێتی‌یەکان فیلتێریان لەسەر دادەنرێ، وێبلاگنووسەکان دەکەونە ژێر ڕاوەدوونانی قانوونی، یەکێك لە هەوڵەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا، ناردنی ویروس بۆ ئادرەسی نەیارانو تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنە، بۆ ئەوەی هەرچەشنە پێوەندییەك هەرچەند بۆ کورتخایەنیش بێ، پەك بخەن.

لەگەڵ ئەمانەش‌دا، دیارە خەڵکی ئازادیخواز بە درێژایی ئەم ساڵە ڕەشانە، هیچکات ئەرکی خۆیان بە شێوەی خەباتێکی بێ‌وچان دژی هەرچەشنە پیسیو چەپەڵیو سەرکوتو دەمکوتێك لەبیر نەبردۆتەوە. ئەوان بە فیداکردنی گیانی دەیان هەزار کەس لەخۆیان، بە هەموو وجوودییانەوە لەبەرامبەر هەڕەشەی نەماندا داکۆکییان لە بوونی خۆیان کردوەو دەکەن.

ئەوانەی باسیان کرا، تەنیا چەند نموونەیەکی کەم لە کۆگای لە ژماردن نەهاتووی ئەو موسیبەتانەن کە لە ماوەی نزیك بە ٣ دەیەی ڕابردوودا، بە شێوەی سیستماتیك بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگو ئەدەبو هونەر لە ئێراندا دەسەپێندرێن. لە سەرانسەری مێژووی نیشتمانی ئێمەدا، هیچکات کەمایەتی‌یە فیکری، ئایینی، نەتەوەییو کەلتووری‌یەکان، تووشی چارەنووسێکی ئەوتۆ نەبوون. لە پەلاماری سامناك بۆ سەر زانایانو کەلتوورپەروەرانو جیابیران دا، تەنانەت "برایانی دینی"و "هاومەسلەکان"ی موسڵمانی ڕێژیمیش، لە ئەمان دا نەبوون. سوننی مەزهەبان بە قەرا ئەوانیتر لە ژێر فشار دان. هەر وا بزانە بێجگە لەوەندە شیعەیەی لە دەوری دەسەڵات کۆبوونەتەوە، هیچ کەسێکی دیکە مافی ژیانی نیە. هەر بەسەرنجدان بەم بارودۆخەشە کە هەر لە کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکانەوە بگرە تا دەگاتە ڕووناکبیرانو بیرمەندان، وێنەکێشانو پەیکەرتاشانو هەموو تێکۆشەرانی بواری شانۆو سینەما، هەموو موسیقارەکان، ڕۆژنامەنووسانو، نووسەرانو بە کورتی هەموو خەڵك، دەبێ سەر بۆ دەرگای "ڕێبەری موسڵمانانی جیهان" نەوی بکەن، کە ئەم کارە بە سەردانەواندن بۆ زاتی ئیسلام دادەنرێو، لە خۆبەدەستەوەدان لە ئاست "ویلایەتی ڕەهای فەقیه"دا خۆ دەردەخا. بەم پێ‌یەو بەمجۆرە، هەموو جیابیران لە هەموو بوارەکانی هزروبیر، کۆمەڵایەتی، کەلتووریو هونەری‌دا، نەك هەر لە ئازادیی بیرکردنەوەو بیروڕا دەربڕین، بەڵکوو لە هەر چەشنە مافێك لەم بوارەدا بێبەشن.

لە پێناوی وەرگرتنەوەی ئەم مافانە دایە کە ئێمە بە ناوی ئازادیو مرۆڤایەتیو ئابڕووی کەلتووری‌یەوە دەستی یارمەتی بۆ لای ئێوە درێژ دەکەینو داواتان لێ‌دەکەین لەگەڵ ئێمەدا ڕابن، هاوارتان تێکەڵی هاواری ئێمە بکەن، دەنگی ناڕەزایەتیتان بەرز بکەنەوەو، مەهێڵن گیانو بیری جیابیران لەمە زیاتر، لە بەندی ئەم حکوومەتە دژی ئینسانی‌یە دا یەخسیر بێ، حکوومەتێك کە هەر بوونەکەی لەسەر ئەم زەوی‌یە، سووکایەتی‌یە بە هونەرو کەلتوورو شارستانەتیو مێژوو، سووکایەتی‌یە بە هەموومان.

مانەوەی فەرهەنگ لە گرەوی بیرکردنەوەی جیاواز دایەو، بە بوونی جیابیرانەوەیە کە فەرهەنگ گیانی دێتەوەبەرو، بەر دەگرێت. بەڵام ئەگەر لە جیهانی ئەمڕۆدا کەلتوورێك بمرێ، ئێمە هەموومان تاوانبارین؛ هەموو ئەوانە کە دنیایان بە چەند دەنگیو ڕەنگاورەنگی‌یەوە دەوێ. هەر بۆیەیە کە: ئەنجومەنی قەڵەمی ئێران لە تاراوگە داوای یارمەتی لە هەموو کەسایەتی‌یەکان، دامەزراوە کەلتووری‌یەکانو ناوەندەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەکا. ئێمە بێجگە لە ویژدانی ئاگاو لە سەر هەستی مرۆڤ، هیچ ڕووگەو دەرگایەکی دیکەمان نیەو نامانهەوێ هەمانبێ. دەستی ئێمە داوای یارمەتیی دەستی ئێوە دەکا. ئێمە لەو خەباتەدا بەتەنیا مەهێڵنەوە.

**کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی قەڵەمی ئێران لە تاراوگە**
**بێرلین، ٢١ی مانگی مای ٢٠٠٦**



چیاکانی ئاویەر، عاشقانو بەرزایی‌یە بەفر گرەکانی دەوروبەر، جوانیو دیمەنی تایبەت بە خۆیان هەیە.

## چیاکانی کوردستان

# حەوشە گەورە Hawshagawra

"حەوشە گەورە" یەکێك لە دوندە یەکجار جوانەکانو هەر لەم کاتەدا کەم ناسراوی زۆر نزیك لە شاری سنەیە. "حەوشە گەورە" لە ٧ کیلومیتریی ڕۆژئاوای سنەو، لە نزیك گوندی بناری "کەڕەسی" لە دەشتی "مەلەکشان" هەڵکەوتوە.

بەرازیی ئەم کێوە ٢٥٣٠ میترەو ترۆپکەکانی دەوروبەری ئەم چیایە بریتین لە: ئاویەر (لە ڕۆژهەڵات)و عاشقان لە ڕۆژئاوا.

کەڕەسێ، تەختە، زندان (زەنان)، کانی مشکان، کێلانە، دەرەوەنە لەو گوندانەن کە لە دەوروبەری ئەم چیایە هەڵکەوتوون. لە کانی‌یەکانی داوێنی ئەم چیایە دەتوانین، سەرسەراب، هەلاوێز، کانی کلەو کانی هۆش ناو بەرین کە دیارە کانیی "سەرسەراب" پڕئاوترین کانیی هەمیشەیی ئەم ناوچەیەیە. ئەم کانی‌یە شوێنێکی زۆری بۆخۆی لە نزیك "کەڕەسی" داگیر کردوە کە بەهاران بەهۆی گژوگیاو چیمەنو سەرسەوزیی سەرنج ڕاکێشی‌یەوە، دەبێتە سەیرانگەی ئۆگرانی‌سروشت لەم ناوچەیە.

ئەم چیایە، بەهۆی پڕ پیتو بەرەکەت بوونی دەشتی مەلەکشان، گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەیە. ڕێواس، گوێنی،، گێلاخە، بەنا، کەنگر، پیشۆكو کارگ لە ڕووەکەکانی ئەم چیایەن. هەروەها بلچ، گێوژ، چنار، بەڕوو، بی، بەن، لەو دارو درەختانەن کە لە حەوشە گەورە ڕواون. لە گیانلەبەرانی ئەم چیایەش دەتوانین گورگ، سەگ، تاژی، ماری ژەهراویی جۆراوجۆرو ماری بێ‌ژەهر، کەروێشك، ژووشك، کەو، ڕێوی، ئەسپو هەڵۆ ناو ببەین.

دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی حەوشە گەورە،بە ژمارە کەمن. بەم حاڵەشەوە، ئەو گوندانەی کەتوونە بناری چیاکە، وەك دەشتی مەلەکشان، هەروەها ئەم چیایە هیچ حەشارگەیەکی نیە. بوونی مین بە یەکێك لە مەترسی‌یە جیددی‌یەکان دەژمێردرێ کە تا ئێستا چەندین کەسی کوشتوە. ئاوەڕۆی حەوشە گەورە دەچێتەوە نێو "کانی کووزی" کە ئەویش تێکەڵ بە گاوەرۆو سیروان دەبێ.

گرنگترین ڕێگاکانی چوون بۆ سەر "حەوشە گەورە" ئاواییی "کەڕەسێ"یە کە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ترۆپکی چیاکەو، چوونو هاتنەوە لەم ڕێگایە ٤ سەعات دەخایەنێت. گرنگیی ئەم چیایە لە هەڵکەوتی ستراتیژیکی ترۆپکەکەیو خودی گوندی "حەوشە گەورە" دایە. هەروەها ئەم چیایە خاڵی لێك گرێدانی سنەو ژاوەڕۆی ڕۆژئاوایە.

سەرچاوە: جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول
ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

# ڕێورەسمێك بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان



دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ١١ی جۆزەردان، بەبۆنەی "١ی ژوئەن" ڕۆژی جیهانیی منداڵان، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێز گرتن لەو ڕۆژە، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو.

لەم ڕێورەسمەدا کە زۆربەی منداڵانی حیزب تێی‌دا بەشدار بوون، بەدوای کرانەوەی پێشانگایەکی نەققاشیی منداڵان، کۆمەڵێك بەرنامەی وەك: شانۆ، سروود، دیکلەمەی شێعر، پێشبڕکێو کێبەرکێی شادو تەنزو... لەلایەن منداڵانی بەشدارەوە بەڕێوەچوون. ئەم ڕێورەسمە لەنێو بزەو خۆشحاڵیی منداڵانی بەشداردا تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە درێژەی کێشا.

پێویستە بگوترێ ڕۆژێك پێشتر واتە چوارشەممە ١٠ی جۆزەردان هەر لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا، کۆڕێك لەلایەن هاوڕێ کاك عەلی بداغی‌یەوە لەژێر ناوی "خەسارناسیی ئەو دیاردانەی شوێنکاری نیگەتیڤیان لەسەر داهاتووی منداڵان هەیە" بەڕێوەچوو.

# بڕیارنامەی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم لە بارەی ئێران




ڕادیۆ دەنگی ئاڵمان (DW): ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم (PEN)، لە کۆتایی کۆنگرەی ساڵانەی خۆی‌دا کە لە بێرلین پێکی هێنابوو، بڕیارنامەیەکی لە بارەی ئێران پەسند کرد. لەو بڕیارنامەیەدا، ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم داوای ئازادیی نووسەران، ڕووناکبیرانی بەندکراوی ئێرانی، لێکۆڵینەوەی جیددی لە پەروەندەی قەتڵە سیاسی‌یە زنجیرەیی‌یەکانو پەروەندەی زارا کازمیی کردوە. کۆنگرەی PEN هەروەها بە ناردنی نامەیەك بۆ ئایەتوڵڵا خامنەای، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، داوای ئازادیی دەستبەجێی ڕامین جەهانبەگلوو، لابردنی تاوان لەسەر ناوبراوی کردوە. ئەم نامەیە لە لایەن هەموو ئەندامانی بەشداری کۆنگرەوە ئیمزا کرا. تەنیا نووسەرێکی فەلەستینی خۆی لە ئیمزاکردنی بوارد.

کۆنگرەی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٣ی مانگی مای بە بەشداریی هێندێك کەسایەتیی وەك "هووست کوهلێر"، سەرکۆماری ئەلمان، گۆنتێر گراس نووسەری بە ناوبانگی ئاڵمانو خاوەنی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل، لە بێرلین دەستی بەکار کرد. ئەم کۆبوونەوەیە کە لەژێر ناوی "نووسین لە جیهانێکی نامۆ لەگەڵ ئاشتی‌دا" پێك هات، پاش ٦ ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## مرواریی دەریای وشە

بەشی حەسوود لەم دنیایەدا خەمو ماتەمە، هەر کە خەڵکیش بە خۆشحاڵی ببینێ، ئەم بەشەی (خەمو ماتەم) دووقات دەبێ. **(ئەرەستۆ)**

ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی عاقڵ سەرکۆنەی بەکەلکیان لە پێداهەڵگرتنی خائینانە بە خۆیان، پێ باشترە.
**(دیل کارەنگی)**

هەوسار پچڕاویو دەم شڕیو یاخییەتی لەگەڵ واتای پیرۆزی ئازادی، کە بۆ سەرکەوتن بەسەر سەرەڕۆییو ستەمدا دەبێ ناوی فریشتەی ڕەحمەتی لێ‌بنرێ، هەزاران فەرسەخ دوورە.
**(ویلیام داگلاس)**

ئەو زێدەڕۆییانە کە بە لاوی کردوومانەو دەیکەین، قەرزێکە کە دەبێ لە ڕۆژگاری پیریو بە ساڵداچوویی‌دا بیدەینەوە. ئەو هێزو توانایانەی لەش کە بە گەنجێتی بەفیڕۆمان نەداوە، لە سەردەمی پیری‌دا ئاواتیان بۆ ناخوازین.
**(فرانسیس بیکەن)**

هێز نەك لە توانایی‌یە جەستەیی‌یەکانەوە، بەڵکوو لە بڕیارو ئیرادەی مرۆڤەوە، سەرچاوە دەگرێ. **(گاندی)**

